حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی گەرمیان
کۆلێجی پەروەردە
بەشی مێژوو

# کەرکوك لە ململانێ سیاسی و سەربازیەکانی نێوان بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد و حکومەتی عێراقی لە نێوان ساڵانی (1975 – 1991)

**لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی – سیاسیە**

توێژینەوەیەکە خوێندکار (**سیڤەر عمر محمد**) پێشکەشی بەشی مێژوو کۆلێجی پەروەردە/ زانکۆی گەرمیانی کردووە. وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی بەدەست هێنانی بڕوانامەی (بەکالۆریۆس) لە زانستی مێژوودا.

بەسەرپەرشتی:

**د. یاسین ئاشوور جوهر**

2719 کوردی | 1440 کۆچی | 2019 زایینی

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ

( قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لا يَعْلَمُونَ )

سورة الزمر ( آية 9 )

حكومەتی هەرێمی كوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانكۆی گەرمیان
كۆلێجی پەروەردە
بەشی مێژوو

# فۆرمی پێشكەش كردنی توێژینەوەی دەرچوون

دەستنووی كۆتای ئەم توێژینەوەیە كە خوێندكار ﴿ **سیڤەر عمر محمد** ﴾ نووسیوەیەتی بەناونیشانی ﴿**كەركوك لە ململانێ سیاسی و سەربازیەكانی نێوان بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی كورد و حكومەتی عێراقی لە نێوان ساڵانی** (1975- 1991)﴾ پێویستیەكانی لێكۆڵینەوەی زانستی تەواو كردووە بۆ توێژینەوەكە دەخەمە بەردەم ئەنجوومەنی بەش.

سەرپەرشتیار:
د. یاسین ئاشوور جوهر

بەپێی ئەم پێشنیارە ئەم لێكۆڵینەوەیە پێشكەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەكەم.

م. ی. جمعە علی محمد هەواس
سەرۆك بەشی مێژوو

**ئێمە ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن و گفتوگۆ، ئەم توێژینەوەمان خوێندەوە، لەگەڵ خوێندنکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کردووە بڕیارماندا بەوەرگرتنی.**

| | | |
|---|---|---|
| **ئەندام** | **ئەندام** | **سەرۆکی لیژنە** |

**لەلایەن ئەنجومەنی بەشەوە پەسەندکرا**

**م. ی جمعە علی محمد هەواس**

**سەرۆك بەشی مێژوو**

# پێشکەشکردن

1- پێشکەشە بە دایك و باوکی ئازیزم .

2- پێشکەشە بە رێزدار ( د. یاسین ئاشوور جوهر ) کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم توێژینەوەیەی لە ئەستۆ گرت.

3- پێشکەشە بە سەرۆکایەتی بەشی مێژوو – زانکۆی گەرمیان .

4- پێشکەشە بە خەڵکی کەرکوکی قودسی کوردستان .

# سوپاس و پێزانین


1. زۆر سوپاس بۆ خوای گەورە کە ئەو توانا و وزەیەی پێبەخشین کە ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدەم .
2. سوپاسی تەواوی خانەوەداەکەم دەکەم کە پاڵپش و هاوکارم بوون لە بە جێگەیاندنی ئەرکەکان
3. سوپاسی ڕێزدار ( د. یاسین ئاشوور جەوهەر ) کە سەرپەرشتی کردنی توێژینەوەکەمی لە ئەستۆ گرت .
4. سوپاس بەرێز ( دلێر رەفیق سالَح ) هاورێی ئازیزم دەکەم کە هاوکارم بوو بە پێدانی زۆرترین سەرچاوە پێم .
5. سوپاسی بەڕێزان ( شوان داودی ، کارزان یاسین ، مەریوان نەریمان ) دەکەم کە هاوکارم بوون لە پێدانی زانیاری و کاتی خۆیان بۆ تەرخان کردم .
6. سوپاسی بەرێز(د.ئیبراهیم پاڵانی)کەهاوکارم بوو بەپێدانی زۆرترین سەرچاوەی جوگرافی پێم.
7. سوپاسی ڕێزدار (سەرکەوت توفیق) ئەکەم کە هاوکارم بوولە تایپ کردنی توێژینەوەکەم.
8. سوپاسی هاورێم (بەهار حسێن) ئەکەم کەهاوکارم وپاڵپشتم بوو.
9. سوپاسی ئەرك ماندووبوونی فەرمانی کتێبخانەی (کۆلیج وناوەندی زانکۆ، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان ، مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)) دەکەم .
10. سوپاسی تەواوی مامۆستایانی بەشی مێژوو ئەکەم کەئەگەر بەدێڕێکیش بێت هاوکارو پشتوانم بوون بۆتەواوکردنی توێژینەوەکەم.

# کورتکراوەکـــان

- و = وەرگێران
- ( ی . ن . ك ) = یەکێتی نیشتمانی کوردستان
- (پ.د.ك ) = پارتی دیموکراتی کوردستان
- پاسۆك = پارتی شۆسیالیستی کوردستان
- حدکا = حزبی دیموکراتی کوردستان

# پێڕست (ناوەڕۆك)


| لاپەرە | بابەت |
|---|---|
| 2-1 | پێشەكی |
| 26 – 3 | بەشی یەكەم : باردۆخی جوگرافیاو سەربازی كەركوك |
| 9 – 4 | باسی یەكەم: جوگرافیا و مێژووی كەركوك |
| 16 – 10 | باسی دووەم: مێژووی كۆنی كەركوك تا ساڵی 1963 |
| 26 – 17 | باسی سێیەم: كەركوك لە ڕووداوی تاوانی ئەنفال و ڕاپەڕینی جەماوەری گەلی كورد لە 1991 . |
| 43 – 27 | بەشی دووەم : باردۆخی سیاسی كەركوك لە نێوان ساڵانی(1975-1992) |
| 32 – 28 | باسی یەكەم : كەركوك لە نێوانی ساڵانی 1975 – 1983 . |
| 40 – 33 | باسی دووەم : كەركوك لە نێوانی ساڵانی 1984 – 1992 . |
| 43 – 41 | باسی سێیەم : گرنگی پارێزگای كەركوك بۆ كورد |
| 44 | ئەنجام |
| 50 – 45 | سەرچاوەكان |

# پێشەکی

وەك ئاشكرایە ماوەی دوای نسكۆی شۆڕش تاوەكو ڕاپەڕینی 1991 واتا ساڵانی( 1975 – 1991) ماوەیەكی مێژووی گرنگە لە مێژووی گەلی كورد بەگشتی و شاری كەركوك بەتایبەتی . بەحوكمی ئەوەی كە كەركوك پێگە و گرنگی تایبەتی خۆی هەبووە لە ماوە مێژووییە جیاوازەكاندا بەتایبت تریش لەم ماوەیە كەركوك بە ململانێی سەربازی دا تێپەڕیوە كە كاریگەری نەرێنی لەسەر كەركوك هەبووە و زیانی گیانی و ماددی و ئابووری زۆری پێگەیشتووە .

هۆكاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتەیش لە لایەن ئێمەوە دەگەڕێتەوە بۆ دوو لایەن، لە لایەك من وەكو كوردیك بەئەركی خۆمم زانی باس لە كەركوك بكەم وەكو ناوچەیەك یاخود پارێزگایەكی كوردستانی هەروەها لەیەكی ترەوە هۆكاری هەڵبژاردنی ئەم تویێژینەوەیە بۆ كارێكی ئەكادیمی لەوەوە سەرچاوەی دەگرێت ،هەرچەندە چەندان توێژینەوە دەربارەی مێژووی كەركوك كراون ، بەڵام كەم دەست براوە بۆ مێژووی كەركوك لە ململانێی سەربازی و سیاسیدا لەم ماوە مێژووییە ، بۆیە ئەم بابەتەم بە شیاو زانی بۆ توێژینەوەكەم .

گرنگی بابەت : گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە كە تەرخان كراوە بۆ توێژینەوە دەربارەی كەركوك و ململانێی سیاسی و سەربازییەكانی نێوان بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی كوردی و حكومەتی عێراقی لەماوەی 1975 – 1991 ) توێژینەوەیەدا هەوڵم داوە جەخت بكەمەوە لەسەر ئەم ماوە مێژووییە لە كەركوك و ئەو ململانییانەی لەسەر كەركوك هەبوون لەو سەردەمە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوە دایە تیشك ئەخاتە سەر چەندان ڕووداوی گرنگ لە كەركوك لەدیاریترین ئەو ڕزوداوانەش سیاسەتی بە عەرەبكردنی كەركوك لەكاتی هاتنە سەر دەسەڵاتی بەعسیەكان و ڕاگواستن و ئەنفالی سێیەم و چوارەم و زیانەكانی لە كەركوك هەروەها ڕاپەڕینە جامەوەرییەكەی كەركوكێكان لە بەهاری 1991 و دانووستانەگكانی نێوان كورد و حكومەتی عێراقی دەربارەی كەركوك ..

ئەم لێكۆڵێنەوەمان دابەش كردووە بەسەر دوو بەشدا، هەر بەشێكمانیش دابەش كردووە بەسەر سێ تەوەردا، لەبەشی یەكەمدا كەدابەش كردووە بەسەر سێ تەوەردا، لەتەوەری یەكەمدا باسمان لە جوگرافیا و مێژووی كەركوك ، لەتەوەری دووەمدا ئاماژەمان كردووە بە مێژووی كۆنی كەركوك تا ساڵی 1963 ، لە تەوەری سێیەمدا تیشكمان خستووەتە سەر كەركوك لە ڕووداوی تاوانی ئەنفال و ڕاپەڕینی جەماوەری گەلی كورد لە 1991 لەبەشی دووەمیش دابەش كردووە بەسەر سێ تەوەردا، لەتەوەری یەكەمدا باسمان لە كەركوك لە نێوانی ساڵانی 1975 – 1983 ، لەتەوەری دووەمدا تیشكمان خستووەتە سەر كەركوك لە نێوانی ساڵانی 1984 – 1992 ، لەتەوەری سێیەمیشدا ئاماژەمان كردووە بە گرنگی پارێزگای كەركوك بۆ كورد،

لەم توێژینەوەدا هەردوو میتۆدی شیكردنەوە و وەسفیمان بەركارهێناوە ، لەگەڵ میتۆدی مێژووی و میتۆد گەلێك بۆ ڕوونكردنەوەی و دەرخستنی هەقیقەتی ڕووداوەكانی توێژینەوەكە .

لەكاتی نووسینەوەی هەر توێژینەوەیەك كۆمەڵێك سەرچاوەی گرنگ و بەپێز بەكاردەهێنێت، ئەگەر چی زۆربەی سەرچاوەكان بە سود گرنگن، بەڵام لێردا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە كۆمەڵێك سەرچاوەی زۆرگرنگ بكەم كە بەكارهێناوە ، كە زاتر كاریگەری هەبوو لەسەر دەوڵەمەندكردنی توێژینەوەكەمان، لە سەرچاوە كوردیەكان برتیە لە (سنور سەباح ، سیاسەتی بە عەرەب كردنی پارێزگای كەركوك 1963- 1991) وە(تارق كاكە ڕەش ، بایەخی جیۆپۆلۆتیكی نەوتی پارێزگای كەركوك ) وە(ئەحمەد ڕفیق كریم ، ناوچە دابڕاوەكانی هەرێمی كوردستان ) لە سەرچاوە عەرەبیەكان (كمال مظهر ، كەركوك و توابعها حكم التاریخ الضمیر).

لەكاتی نووسینەوەی هەر توێژینەوەیك كۆمەڵێك كێشەو گیروگرفت دێتە پێشەوە ، كەكاریگەریان هەیە لەنووسینەوەی توێژینەوە، دەستنەكەوتنی هەندێ سەرچاوەی پێویست كە گرنگ بوو، بۆ دەوڵمەندكردنی توێژینەوەكەمان، هەروەها كەمی كات یەكێكی تر بوو لە كێشەكانمان چونكە بۆ نوسینەوەی  هەر توێژینەوەیەك پێویستی بە كاتی تەواو هەیە. هەروەها بێگومان لایەنی دارایی كاریگەری خۆی هەیە لەسەر نووسینەوەی هەر توێژینەوەیەك، چونكە نووسینەوەی هەر توێژینەوەیەك پێویستی بەگەڕان ودەستكەوتنی سەرچاوەی پێویست هەیە، كە ئەمیش بە لایەنی دارایی دەكرێن ، كەپێویستمان بوو بۆ گەڕان بۆ هەندێ شوێن و كتێبخانەی گشتی بەشارەكانی تری هەرێمی كوردستان.

لەكۆتاییدا ئەم توێژینەوەیە بەهەوڵ وماندووبوونێكی زۆر بەرهەم هاتووە ، هیوادارم جێگەی ڕەزامەندی هەموو لایەك بێت، بەلایەنی كەمەوە توانیبێتم تیشكێكی بچووكم خستێتەسەر سەر بابەتەكە، وەهەموو توێژینەوەیەك بێ كەموكورتی نابێت، بۆیە ئەم توێژینەوەی ئێمەش بەدەر لەكەم وكورتی نییە، داواكارین بەچاوی ڕەخنە وپێشنیارەكانتان ئەم توێژینەوەیەمان زیاتر دەوڵەمەنتر بكەن.

## بەشی یەکەم:

## لایەنی جوگرافیاو سەربازی شاری کەرکوك

### باسی یەکەم:

### جوگرافیا و مێژووی کەرکوك .

### باسی  دووەم:

### مێژووی کۆنی کەرکوك تا ساڵی 1963 .

### باسی سێیەم:

### کەرکوك لە ڕووداوی تاوانی ئەنفال و ڕا پەڕینی جەماوەری گەلی کورد لە 1991

## باسی یەکەم:

## جوگرافیای پارێزگای کەرکوك:

شاری کەرکوك لە کۆنەوە کورد نشین و شارێکی کوردی بووە ، مەڵبەندی ویلایەتی شارەزوور بووە، وەك لە ساڵنامەی جوگرافی سەردەمی سەرجۆنی ئەکەدی هاتووە(2530-2447)ی پ.ز هاتووە شارێکی زۆر کۆنەو ناوی بە (ئارابخا) هاتووە ، ئەم شارە کەوتۆتە دامێنی دەشتایەکانی زاگرۆسەوە ، بە تایبەت لە بەشی رۆژهەڵاتەوە لە باشوریەوە بە نزیکەی (100کم) ریزی چیای حەمرین دێت ، ئەم ڕیزە چیایە لە رووی جوگرافیەوە کۆتایی سنووری کوردستانە بەرەو مەندەلی درێژ دەبێتەوە ، لە ناو کوردیش دا بە (باباگوڕگوڕ)یش هاتووە[1]. پێگەی جوگرافی ئەم شارە بە گوێرەی جوگرافیای کوردستان دەکەوێتە ناوەڕاستەوە و لە باکوورەوە پارێزگای هەولێر و لە باشوورەوە دیالە و لە رۆژهەڵاتەوە سلێمانی و لە رۆژئاواوە پارێزگای موسڵ و تکریت سنوورەکانی دیاری دەکەن .کەرکوك وەك شارەکانی تری هەرێمی کوردستان ئەکەوێتە باکووری رۆژهەڵاتی عێراقەوە (250کم)لە بەغداوە و (110)کم لە سلێمانیەوە و (96)کم لە هەولێرەوە و (180)کم لە موسڵ و (120)کم لە تکریتەوە دوورە[2]. شاری کەرکوك مەڵبەندی پارێزگای کەرکوکە و یەکێکە لە پێنج شارە گەورەکەی عێراق لە رووی ژمارەی دانیشتوانەوە کە تێکرایی دانیشتوانەکەی نزیکەی (900) هەزارکەسە بە پێی ئاماری(2014)[3]. بە یەکێك لە گرنگترین شارە نەوتیەکان و کەرکوك شارێکی مێژوویە کە لە کۆنا بە(ئارابخا)ناسرا بوو کە تەمەنی ئەم شارە نزیکەی پێنج هەزار ساڵە، وە پایتەختی ویلایەتی شارەزوور بووە لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانی. ئەگەر سەیری جوگرافیای کەرکوك بکەین دەبائینین هەر لە کۆنەوە چەندین گۆرانکاری بەسەر ئەو سنووردا هاتووە ئەمەش زیاتر بۆ ململانێیە نێو خۆی ناوییانەدەگەرێتەوە کە لەسەر ئەم شارە و سنورەکەدا ڕوویداوە، لە کاتێکدا ئەم شارە بووە بە شێك لەو ململانێیە. ئیبن خلدون دەربارەی تەپۆڵکەکانی حەمرین کە ئەو بە چیای عێراق (بارما) یان (باریا) ناوی بردوون دەڵێت: شوێنی نیشتەجێبوونی کوردەکانە[4].(عبدالمجید فهمی ) دەربارەی سنووری کەرکوك دەڵێت : لە بەشی باکوورەوە هەولێرەو بەشێك لە لیوای سلێمانی، لە رۆژهەڵاتەوە بەشێك لەلیوای دیالە لە باشوورەوە چیای حەمرین ، لە رۆژئاواشەوە لیوای بەغدادو بەشێك لە لیوای موسڵ[5]. شاری کەرکوك دەکەوێتە سەر هێڵی پانی باکوری (35 پلەو 28 خولەك) و هێڵی درێژی رۆژهەڵات(45 پلە و 41 خولەك) ئەم شارە سنووری لەگەڵ شارەکانی تردا بەم شێوەیە: لە باکووری رۆژئاواوە شاری هەولێرو بەشێکی موسڵ و لە باشووری

---

1 رەفیق شوانی، کێشەی کەرکوك و چۆنیەتی چارەسەرکردنی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، 2007، ل9.

2 سنوور سەباح، مێژووی سیاسەتی بەعەرەبکردن لە پارێزگای کەرکوك 1963-1991، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، 2009، ل21

3 ئاماری بلاوکراوە www.citypopulation.de/Iraq.htni.

4 ابن خلدون، مقدمة، المجلد الأول، مطبعة دار الكتاب المصري، قاهرة ، 1999، ص120.

5 عبدالمجيد فهمى حسن، دليل مشاهير الاولوية العراقية، جزء2، مطبعة دار السلام بغداد،1947، ص2.

ڕۆژهەڵاتەوە شاری دیالە و لە باشووری ڕۆژئاواوە شاری تکریت و شاری تکریت و بەغداد. ئاو و هەوای ئەم شارە لە هاویندا گەرمە و هەندێك جار پلەی گەرمی دەگاتە (49 پلە) و لە زستانیش دا فێنکە.

لە ئاستی ڕووی دەریاوە(331)م بەرزە ، باشووری ئەم شارە دەشتێکی بەرینە کە خاکێکی  بە پیتی هەیە بۆ کشتوکاڵ ، ئەم شارە بە هۆی ئاوێك کە ناوی ( خاسە)یە بە ناوەڕاستی دا دەڕوات و ئەیکات بە دوو بەشەوە[1]. ڕووبەری شاری کەرکوك (20355 کم2) یەکێکە لەشارە گەروەکانی کوردستان و عێراق[2] . بەرزی سەر زەمینی پارێزگای کەرکوك لە ڕووی دەریاوە (175م) بە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەلاتەوە و (160م) لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەلاتەوە[3].لە دێر زەمانەوە ژیان لە پارێزگای کەرکوك هەر هەبووە و کەرکوك یەکێکە لە شارە مێژووییە دێرینەکانی کوردستان و عێراق و زیارترپێشکەوتن و ئاوەدانکردنەوەی دەگەرێتەوە بۆ دۆزینەوەی نەوت لە ساڵی (1927) ز. سەبارەت بە دانیشتوانی کەرکوك لە فەرهەنگە ڕاگەیاندنی تورکی دا هاتووە کە شاری کەرکوکە کوردی لە ساڵی (1689) مەڵبەندێك بووە بۆ سەنجەقی شارەزوور و(3000) کەس لە خۆی گرتبوو ، کە لە نێوانیاندا (22500) کورد بوون ، ئەوانی تریش کە(9460)  کلدانی لە خۆی گرتبوو ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کورد ئەو ساڵە نزیك بە (75٪) ی ئەم شارە پێك دەهێنێت[4]. هەریەك لە بریتانیا و تورکیا لە میانەی گفتوکۆکردنیان لە کۆنگرەی لۆزان (1922-1923) ز ئەو ڕاستییەیان دەرخستبوو کە کوردەکانی زۆربەی دانیشتوانی سەنجەقی کەرکوك پێك دەهێنن. بەڵام ( لۆرد کیرزن) وەزیری دەرەوەی بریتانیا و نوێنەری هەردوو حکومەتی بریتانیاو عیراق لە وتووێژی کونگرەی لۆزان ژمارەیەك جیاوازی سەرژمێری پێشکەش کرد کەوا پێ دەچێت زیاتر و وردتربێت لە چاو ژمارەی تورکەکان چونکە پشتی بە مەزندە و بۆچوونەکانی کەسانی باوەڕپێکراوبەستوە کە بریتی بوون لە ژمارەیەك ئەفسەر و سیاسەکانی هێزی داگیرکەری بریتانی لە کوردستان (1921) تیایدا ئاماژەی بەوە کردووە کە ژمارەی کورد لە سەنجەقی کەرکوك ( 45000)کەس واتا(49٪) لە کۆی گشتی و تورکمان (92000) کەس واتا (38٪) و عەرەبەکان (8،10) لە کۆی گشتی دانیشتوانەکە تێپەڕی نەدەکرد[5]. هەروەها لە کتێبی ( کورد و کورستان ) کۆمەڵێك نوسەران و پسپۆران ئینگلیز هاتووە ، بێجگە لە شارە سەرەکیەکانی کوردستان ، شارەکانی ( کەرکوك ، موسڵ ، ئاڵتون کۆپری )  بەشاری کوردی دەستنیشان کراون کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن[6] . لە ئینسکلۆپیدیای وولاتی بریتانیا هاتووە کە شاری کەرکوك دامێنی لێواری چیای زاگرۆس لە هەرێمی کوردستانی عێراق ،هەروەها ئینسکلۆپیدیای وڵاتی دانیمارك پێناسەی شاری کەرکوك

1 تارق کاکە ڕەش،  بایەخی جیۆپۆلۆتیکی نەوتی پارێزگای کەرکوك ، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی مەحوی ، سلێمانی،  2009، ل19.

2 هاشم یاسین و اخرون، اطلس کرکوك ، اللجنة العلیا المناهضة تعریب کردستان ، الطبعة الاولی ، اربیل ،2006 ، ص 13

3 سنوور سەباح، سەرچاوەی پێشوو ، ل 21.

4 شمس الدین سامی ، قاموس الاعلام ،جزء5، مهران مطبعة سي ، اسطمبول 1306،ص 3846 . 3847 .

5 فوئاد حەمە خورشید، کەرکوك لە بەلگەنامەکاندا ، و/ نەریمان عبداللە ،چاپی1 ، چاپخانەی منارە، هەولێر، 2007 ، ل 29-30 .

6 کۆمەڵێك لە ئەفسەران و پسپۆرانی سیاسی ئینگلیز، کوردو کوردستان ، و / حسین عوسمانی و ئەوانی تر ، چاپی 1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەوللێر ،2003 ، ل 22.

بەم جۆرە دەکات: کەرکوك شاری چاڵگە نەوتیەکانە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق سەر بە کوردستانە. لە ئینسکلۆپیدیای یەکەمی تورکی دا هاتووە شاری کەرکوك بە شارێکی کوردی ناوی بردووە[1]. هەروەها لیژنەی سنووریش کە لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکان پێکهێنرا بۆ گواستنەوەی مەسەلەی سنووری (عێراق – تورکیا ) یاخود کێشەی ویلایەتی موسڵ لە ڕاپۆرتێکی ساڵی(1924)ز دا ژمارەی کورد لە لیوای کەرکوك گەشتە (47500) کەس واتا(42،5٪) کۆی گشتی دانیشتوان کە لە (111650) کەس پێکهاتوون ڕێژەی تورکمانیش لە (23،4٪) و ڕێژەی عەرەبەکان (35،650)کەس بوون ڕێژەکەیان بەرز بۆتەوە واتا(32٪) دانیشتوانیان پێك نەدەهێنا بە بێ ئەوەی هیچ روونکردنەوەیەکیش لەبارەی ئەم بەرزبوونەوە لە ناکاوە بخاتە ڕوو[2]. لەسەر ژمێری ساڵی (1947) کە بەیەکەمین تاقیکردنەوەی سەرژمێری حکومەتی عێراق دادەنرێت کۆی گشتی دانیشتوانی لیوای کەرکوك (285900) کەس بوو ئەگەر چی ئەم سەر ژمێرییە لەسەر بنچینەی دابەشکردنی نەتەوەی نەکرابوو بەڵام (س . ج . ئەدمۆندز ) یەکێك بوولە پسپۆرانی کاروباری کوردو ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق لەساڵانی (1935-1945) ز لە کتێبەکەی خۆی دا بە ناوی ( کورد تورك عەرەب) مەزندەیەکی تایبەتی هەبوو لەسەر ژمێری کوردەکان لەم سەرژمێریە لە لیوای کەرکوك کە کۆی گشتی دانشتوانی کەرکوك (285900) کەسە و ژمارەی کورد لەم لیوایە(151575) کەسە واتا (53٪)[3]. لەسەر ژمێری دانیشتوانی (1957) ز زۆرینەی دانیشتووانی کەرکوك لە نەتەوەی کوردن تاکە دابەشکردنێکیش کە لەم سەرژمێریەدا هاتبن دابەشکردنی دانشیتوانەلەسەر بنەمایی نەتەوەیی ئاماژەیەکە بۆ ورد و ڕاستی زیاتر و زانستی تر بەڵام ئەم سەر ژمێرییە شاردراوەتەوە لەلایەن دەسەڵاتی عێراق چونکە لە ڕاستیەکەی ئەترسن[4]. و لەسەر ژمێری دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك (1957) لە کۆی گشتی دانشتوان کە ( 373440) کەسە بەو جۆرەیە خشتەی ژمارە (1) ڕێژەی پێکهاتەی نەتەوەی لە پارێزگای کەرکوك دەردەخات :

| نەتەوە | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| کورد | 187593 | ٪50،23 |
| عەرەب | 102589 | ٪37،47 |
| تورکمان | 81653 | ٪21،87 |
| کلد و ئاشوور | 1605 | ٪0،43 |

سەرچاوە، قسم البحوث وأستطلاعات الرأى ، كركوك كموجب احصاء عام 1957، مكتبة الفكرو الوعي في اتحاد الوطنى الكردستانى ، سليمانية ،2008 ، ص5.

1 ئەحمەد رەفیق کریم ، ناوچە دابراوەکانی هەرێمی کوردستان ،چاپخانەی سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان ، سلێمانی ، 2014. ل 46.

2 فوئاد حەمە خورشید، سەرچاوەی پێشوو ل 31 .

3 C.J. Edmonds،Kurds Turkish Arabs، London، Oxford University press ،1957 ،.438-439 p

4 فوئاد حەمە خورشید ، سەرچاوەی پێشوو ل 37-38 .

لەساڵی(1977) ز سەرژمێریەکی تر کراوە بۆ زانینی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای کەرکوک بەڵام ئەم ساڵە کەرکوک پارچە پارچە کرابوو لە (22) یەکەی کارگێریەوە بۆ (13) یەکە کە قەزای ناوەندی دوز وکەرکوک وحەویجە بوون[1]. ئەو ناوچانەی کە لە کەرکوک دابڕان ( کفری ، کەلار ، چەمچەماڵ، خورماتوو)بوون. هەموو ئەمانەش کەمکردنەوەی ڕێژەیی کورد بوو لە پارێزگای کەرکوک لەسەر ژمێری (1957) ڕێژەی کورد (48،3٪)بوو بەڵام لەسەر ژمێری (1977) دا ڕێژەی دانیشتوانی کەرکوک گۆرانی بەسەر دا هات ، خشتەی ژمارە 2 پێکهاتەی نەتەوەی لە پارێزگای کەرکوک لەسەر ژمێری (1977) :

| نەتەوە | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| کورد | 220033 | 38،52٪ |
| عەرەب | 246934 | 43،33٪ |
| تورکمان | 94775 | 16،59٪ |
| کۆی گشتی | 571162 کەس | |

سەرچاوە، عەبدوڵڵا غەفور، پێکهاتەی دانیشتوان لە باشووری کوردستان بەپێی سەرژمێری دانیشتوانی (1957) چاپخانەی شفان ، سلێمانی 2005 ، ل 14.

لە دوای سەرژمێری (1977) چەندان سەر ژمێری تر کراون بەڵام بە هۆی ناسەقامگیری عێراق و هاتنی بەعس بۆ سەر دەسەڵات و زاڵ بوونی بیر و فەلسەفەی بەعس جێ بە جێ کردنی ڕاگواستن و بە عەرەبکردن لە ناوچە کوردیەکان و بەتایبەت پارێزگای کەرکوک ئەو سەرژمێریانەی کە کراون زۆربەی داتاکان شێوێندراون ، زانیاری وورد و درشت بە دەستەوە نادەن تەنها سەرژمێری (1957) نەبێت کەلەسەر بناغەی نەتەوەی کراوە، سەبارەت بە پێکهاتەی نەتەوەیی لە کەرکوک کە پێشتر وتراوە لیوای کەرکوک بۆمان دەردەکەوێت کە هەمە جۆرەو دانیشتوانی کەرکوک دابەش دەبن بەسەر سێ کۆمەڵەی نەتەوەیی ئەوانیش کورد و عەرەب و تورکمانن ، کۆمەڵەی کورد زۆرینەی دانیشتوانی ئەم کۆمەڵەیە پێك دەهێنن لە ناوچەی شاخاوی و ناوچە بەرزەکان بەڵام کۆمەڵەکانی عەرەب و تورکمان بە دوای کۆمەڵەی کوردەوە دێن ، پارێزگای کەرکوك بە شوێنێکی گرنکی دانیشتوانی تورکمان دائەنرێت ، هەرچی پێکهاتەی عەرەبە بە سێیەم پێکهاتەی دانیشتوان دادەنرێت[2]. ئەمەش لە کاتێکدایە کە کەرکوك لە ماوەی دیرۆکی لە مێژینەی خۆی دا چەندین جار تووشی داگیرکردن هاتووە لە لایەن ئەو هێز و دەسەڵات و ئیمپراتۆریانەی کە لە ناوچەکەدا بوون، هەردەم کۆششیان کردووە بە ئامانجی دەست بەسەراگرتنی ئەم شارە و ناوچەکانی دەوروبەری ئەمەش بۆ سروشت گرنکی پێگەی کەرکوك بوو چونکە لە پێشدا کەوتبووەسەر شا ڕێگەی ستراتیجی ئاوریشم کە زۆر لە ناوچە کەناراوەکانی دەریای سپی ناوەراست و ئاسیای بە ناوچەکانی کەنداو دەبەستەوە، لەوێشەوە بەرەو ناوەراستی ئاسیا چین

1 خلیل اسماعیل محمد، گۆرینی سنووری پارێزگای کەرکوك ، گۆڤاری سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی ، ژمارە 3 ، چاپخانەی سەنتەری لێکۆلینەوەی سلێمانی ، 2000 ، ل 43.

2 بشیر صادق، ناوچە جێناکۆکەکان، چاپخانەی رۆی ،بەغداد ،2016 ، ل 19.

دەرۆیشت[1]. کورد بە کۆنترین گروپی مرۆیی دائەنرێ کە لە کوردستان بەگشتی و لەشاری کەرکوک بە تایبەتی ئاکنجی بوون لە کتێبی لەشکرکێشی دە هەزار سوارەی زەینەفۆن دا لە ساڵی(431) پ.ز بە کاردۆخ ناویان هاتووەبە ڕای زۆربەی مێژوو نووسەکان کورد لە پارێزگای کەرکوک و شاری کەرکوک زۆرینەن بە درێژایی چەرخە جیاوازەکان کورد لەم پارێزگایە نیشتەجێ بووە[2]. کورد دەگەرێتەوە بۆ سەر هۆزەکانی زاگرۆس لەوانە : (گۆتی ، لۆلۆیی ، کاشی ) ڕێژەیی پێکهاتەی کورد لە کەرکوک بەپێی ئاماری (1977) دەکاتە (98٪) بووە[3]. ئەمە لە کاتێکدا کە ئامارە فەرمییەکان و ڕاپۆرتی (کۆمەڵەی گەلانی )(1924)و مەزندەکەی (ئەدمۆندز) و سەرژمێری فەرمی (1957)و (1977)لەسەر ئاستی نەتەوەی کورد زۆرینەی دانیشتوانن لە پارێزگای کەرکوک ، سەبارەت بە کۆمەڵەی عەرەب لە کەرکوک هیچ ئاوارەیەك و نیشتەجێیەکی عەرەب بە شێوەیەکی روون لە کەرکوك نەبوون تاوەکو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دوای ئەوەی لە ساڵی (1925) ز لیوای کەرکوك بە شێوەیەکی فەرمی هاتە پاڵ عێراق ، دوای چارەسەرکردنی کێشەی سنووری (عێراق – تورکیا )کۆمپانیای نەوتی عێراق (کەرکوك) و بارەگای سەرکردایەتی فرقەی دووەم لە کەرکوك پڕۆژەی ئاوەڕۆی حەویجە و لە کۆتایشدا پڕۆژەی ئاوەڕۆی کەرکوك هەموو ئەو پڕۆژانەی کە یارمەتی حکومەتی عێراقیان دا بۆ هاندانی سەدەها خێزانی عەرەب بە کۆچکردنیان بۆ کوردستان و نیشتەجێ بوونیان بە درێژایی کات لە پێناو دروستکردنی کاریگەریەك لەسەر واقیعی نەتەوەیی و دیموگرافی لە لیوای کەرکوك[4]. مێژووی هاتنی عەرەب بۆ شاری کەرکوك زۆر کۆن نییە بە شێوەیەك ئەگەر مێژووەکەی دیاری بکەین ئەوە ئەتوانین بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم بیگەرێنینەوە [5]ڕای دکتۆر (کەمال مەزهەر )بۆ چۆنیەتی نیشتەجێ بوونی عەرەب لە کەرکوك دوو جۆرە یەکەم / خێڵایەتی کە ئەمەیان بە سەرەکی دادەنرێت ، دووەم / شێوازی هاتن لە رێگەی تەوزین و دامەزراندن لە دەزگا حکومیەکان [6].لە ساڵنامەی عوسمانی (1912) ز ئاماژە بەوە کراوە کە ئەو عەرەبانەی لە دەوروبەری رۆژئاوای سەنجەقی کەرکوك بونیان هەیە ئەوانە لە خێڵەکانی ( عوبێد و سایع و بەنی نەعیم )ن ، لە نێو خێمەدا نیشتەجێن و بە شێوەی ( جوو) گەرۆك سوڕاونەتەوە هیچ پارچە زەویەکیان لە لیوای کەرکوك بە دەستەوەنەبووە[7]. بەهۆی سیاسەتی لێبووردەیی کورد ئەوا پەیوەندییەکی برایەتی لە نێوان کورد و هەندێك لە خێڵە عەرەبەکان بەستراوە . سەرەڕای هەموو ئەمانەش ڕێژەیی عەرەب لە (30٪) زیاتر تێپەری نەئەکرد ، بە شێوەیەکی گشتی لە لیوای کەرکوك تا سەرەتایی شەستەکان دواتر دەست بە سیاسەتی دەرکردنی کوردەکان لە زەوییەکانی خۆیان و دابەشکردنی بەسەر ئەو

---

1 جبار قادر، التكوين لسكان كركوك خلال فترة (1850-1958) من بحوث مؤتمر كركوك مدينة قوميات المتاخية ، مركز كربلاء للبحوثات الدراسات ، لندن 2001 ، ص 258.

2 حەمید عەبدوڵڵا ساڵح، سیاسەتی تەعریب لەشاری کەرکوک ، چاپخانەی سنتەری لیکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان ، سلێمانی ،2008، ل18-19.

3 خليل اسماعيل محمد، المناطق المتنازع عليها،طبعة1، مطبعة روزهةلات، أربيل ، 2001، ص 23-24.

4 فوئاد حەمە خورشید، سەرچاوەی پێشوو، ل50.

5 نەریمان کەرکوکی، کەمینە نەتەوەی وئاییینیەکان ومەزهەبەکانی کوردستان ، گۆڤاری بیروهۆشیاری، چاپخانەی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی،ن ،ك)؛ سلێمانی، 2002، ل89.

6 حەمید عبدوڵڵا ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل22.

7 فوئاد حەمە خورشید، سەرچاوەی پێشوو، ل 51.

کەسانەی دێنە  شوێنی کوردەکان بە خۆرایی و تیایدا نیشتەجێ ئەبن (جبور) گەورەترین عەشیرەتی نیشتەجێی عەرەبە لە لیوای کەرکوك بە پێی سەرژمێری (1957) گەیشتە (9725)کەس و عەشیرەتی بوصالح (2337) کەس و عەشیرەتی بوحدان (1062)کەس و عەشیرەتی نەعێم ( 1569) کەس و عەشیرەتی جحێش (1464) کەس و هەندێك عەرەب لە هۆز و خێڵی تر[1] .سەبارەت بە تورکمانەکان لە کەرکوك ، تورکمان بە یەکێك لە پێکهاتەکانی  تری نەتەوەیی پارێزگای کەرکوك دەژمێردرێت ، ڕاو بۆچوون زۆرە لەسەر بوونیان و سەرهەڵدانیان لە کوردستانی عێراق بە جۆرێك زۆرێك لە نووسەران و لێکۆڵەرەوان ڕیشەی تورکمان بۆ سێ ڕەچەڵەك دەگەرێننەوە :

1- هەندێك پێیان وایە تورکمان دەگەرێنەوە سەر ئەو گروپ و خێڵە تورکە ڕەشماڵ نیشنانەی کە لە ناوەراستی ئاسیاوە بە تایبەتی لە نێوان دەریای قەزوێن و سنووری ڕۆژئاوای چین دا دەژیان  و کۆچ ڕەویان دەکرد [2].بەپێی هەندێ سەرچاوەش ئەو تورکانەی لە سەدەی (15) ز لە چەمی (جیجون) بەبیبونەتەوە هەموویان بوونەتە موسوڵمان ووشەی تورکمانیان بەسەردا براوە[3].
2- بەلاَم هەندێکی تر لە توێژەران هاتنی یەکەم شەپۆلی تورکمان بۆ عێراق بۆ سەردەمی(دەوڵەتی ئەمەوی) دەگەرێتەوە بە تایبەتی لە کاتی حوکمرانی (عبدالله  کوری زیاد )سەرداری (خۆراسان )کە هەموو ساڵێك هەزار تورکی دەنارده عێراق لەوێدا جێ نشینی دەکردن ئەمانە بۆ یەکەم جار لە شاری بەسرە ئاکنجی بوون[4].
3- بەشێ سێیەم پێیان وایە بوونی تورکمان لە عێراق دا دەگەرێتەوە بۆ کاتی هێرشەکەی( سوڵتان موڕادی چوارەم)لە ساڵی (1624) کە کردوویەتی بۆ سەر بەغداد[5].

ئەو تورکانەی هێنراونەتە ناوچەکە بە درێژایی هێڵی بازرگانی نێوان (ئەستانە - ئێران )ئاکنجی بوون هەروەها بە پێی ڕاپۆرتێکی (کۆمەڵەی گەلان )بۆ چارەسەکردنی کێشەی ویلایەتی موسڵ ،ئەو تورکانەی لە ویلایەتی موسڵ ئەژیان دوو جۆری سەرەکــین : کە ڕۆژهەلاَت و ڕۆژئاوایین و زمان و شێوازی قسەکردنیان جیاوازە، سەبارەت بە شوێنی دابەشبوونی تورکمانەکان لە شاری کەرکوك زیاتر لە ناو شاردا هەن لەگەڵ بوونیان لە هەندێ شوێنی تر وەك (ئاڵتون کۆپری ، دوز خورماتوو ، کفری ، داقوق ، لەیلان )هەندێ شوێنی تری ئەم پارێزگایە و جیاوازی هەیە لە نێوانیان لە رووی مەزهەبیەوە ئەوانەی لە ناو شاری کەرکوك ئەژین سوننە مەزهەبن و ئەوانی دەرەوەی شار دەژین شیعە مەزهەبن [6].لە ڕاپۆرتی کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی ( 1924) ژمارەی تورکمانەکان (26100)واتا (23،4٪) بوو، لەسەر ژمێری (1957) ڕێژەیان ( 83371) کەس واتا (21،4 )بووە و بوونی کۆمەڵەی عەرەب و تورکمانەکان لە کەرکوك لە

1 فوئاد حە مە خورشید، هەمان سەرچاوە، ل 52.

2 حەمید عەبدوڵڵا ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل19.

3 خەلیل ئیسماعیل محەمەد، دابەشبوونی جوگرافیای تورکمان لە عێراق، گۆڤاری سەنتەری ستراتیجی کوردستان، چاپخانەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ژمارە4، سلێمانی، 1994، ل 20.

4 جزا توفيق طالب، المقومات جيوبولتيكية للامن القومى في إقليم كردستان ،أطروحة دكتوراغيرمنشور، مقدمة الى الجامعة سليمانية، سليمانية، 2006، ص259.

5 خليل إسماعيل محمد، كركوك دراسات في تكوين للسكان ، طبعة2، مطبعة الجامعة صلاح الدين ، أربيل،2008، ص64.

6 حەمید عبدوڵڵا ساڵح، سەرچاوەی پێشوو، ل21.

رابردوو و له ئێستادا هۆكار بوون بۆ چارەسەرنەبوونی كێشەكانی كەركوك و حكومەتە یەك لە دوای یەكەكانی عێراق لە ڕێگەی هێنانی عەرەبی هاوردەوە بۆ پارێزگای كەركوك هەمیشە هەوڵی داوە ناسنامەی كورد بوونی كەركوك بسڕێتەوە و گۆڕانكاری دروست بكات لە پێكهاتەی نەتەوەیی عەرەب و عەرەب بكاتە زۆرینە لە كەركوك.

## باسی دووەم :

## مێژووی کۆنی کەرکـــوك تـاکو سالّی 1963 :

مێژووی ئاوەدانکردنەوەی شاری کەرکوك دەگەرێتەوە بۆ هەزارەی ( پێنجەم و چوارەمی )پ.ز[1]. مێژوونوسان کۆکن لەسەر ئەوەی کە شاری کەرکوك لە لایەن (گۆتی ، خۆریەکان )بنیات نراوە ، لە نووسینە بزمارییەکانی سەردەمی ئەکەدیشدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە شاری کەرکوك لە لایەن لولوییەکانەوە بنیات نراوە، لە هەزارەی یەکەم و دووەمی بەر لە زاین خۆریەکان دانیشتوانی کەرکوك بوون کە ئەو کات بە دوو ناو ناسراو بوون ( ئارابخا و لەیلانی ) واتا شاری خواکان ( مدینە الا لهە )[2]. گۆتیەکان گەلێکن لە کۆنەوە لە ناوچەکە جێگیر بوون و پایتەختەکشیان شاری ئارابخا بووە هەروەك نووسەری عەرەبی عێراقی ( د. شاکر خەسباك) ئاماژەی پێ دەکات و دەلّێ : " مێژوونووسان کۆکن لەسەر هەبوونی گەلێك لە ناوچەی کەرکوك بە ناوی گۆتی " هەروەها باسی ئەوە دەکات سەرچاوە سۆمەرییەکان ئاماژە بەوە دەدەن ، کە ناکۆکی زۆریان هەبووە ، لەگەلّ ئەم گۆتیانە دا و بەردەوام ئەمانەی دوای هێرشیان کردۆتە سەر شارە سۆمەرییەکان بۆیە ناچار بوون دانیان بە گۆتیەکان ناوە[3] . ئەوەیە کە لە تەقویمە جوگرافیە بەناوبانگەکەی کە لەسەر سامان و موڵکەکانی سەرگۆنی ئەکەدی ( 2530- 2474 ) پ.ز تۆمار کراوە ناوی (وڵاتی ئەربەخ )لە نێو ناوەکانی تری وەك( ئاشووری ،لۆلۆیی ،گۆتیۆم ،ئەکەد ..... هتد ) دەبینین ئەربەخیش بە شاری کەرکوك دانراوە[4]. کەرکوك بە یەکێك لەشارە دێرینەکانی ڕۆژهەلاّتی ناوەراست پێگەی مێژووی خۆی لە شارستانیەتی سەدە جیاوازەکان و لەسەرچاوە مێژووییەکان بە چەند جۆرێك ناوی هاتووە : ( ئارا ، کرخ ، سلوخ ، کرخین ، کوڕ کوڕ، گرگڕ ، کرمنان، کەرکوك ،تأمیم) [5] . ئەم ناوچەیە ماوەیەك لەژێر دەستی (سلوقیەکان )بووە دواتر بەشێك لە (دەولّەتی ساسانی) بووە لە (631)ز، دوای هاتنی عەرەبە موسولّمانەکان وەکو ناوچە کوردیەکانی تر ئەبێتە بەشێك لە موڵکەکانی دەولّەتی (ئەمەوی ، عەباسی )دوای ئەمانیش (مەغۆلەکان )و دواتر (سەلجوقیەکان )لەو سەردەمانە تووشی هێرش و تالاّنکاری و گێرە شێوێنی و بۆتەوە دواتر بە هاتنی (عوسمانیەکان) لە ماوەی چوار سەدە تووشی بارودۆخێکی ناهەموار دەبێتەوە بەهۆی بەردەوامی ململانەکانی نێوان دەولّەتی دەولّەتی (عوسمانیەکان - سەفەویەکان ) [6] .تا هێرشی (شا عەباسی یەکەم) لەکاتێکدا (میدییەکان )لە (612 پ.ز ) توانیبوویان ئەم ناوچەیە بخەنە ژێر دەسەلاّتی خۆیانەوە ، لە (331 )پ.ز (ئەسکەندەری مەکەدۆنی) لە هێرشەکەیدا بۆ سەر ناوچەکە (دەولّەتی ئەخامەنیشی) دەشکێنێت و وولاّتی بابل داگیر دەکات و کەرکوکیش دەخاتە ژێر رکێفی ئیمپراتۆریەکەی خۆیەوە[7]. هەر لە سەردەمەکانی پێش مێژووەوە

---

1جمال احمد رشيد، كركوك في العصور القديمة، مطبعةوزارة التربية، أربيل، 2003، ص23.

2 كمال مظهر احمد، كركوك و توابعها حكم التأريخ و الضمير . جزء1 ، المطبعة رينوين ، بدون سنة النشر ، ص 5-6

3 سنوور صباح ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 33

4 تۆفیق وەهبی ، بنچینەی ناوی کەرکوك ، و ، محمد حسن رۆژبەیانی ، گۆڤاری هاوار ژمارە 3 ، کەرکوك 1999،ل 30.

5 تەحسن نامیق ، کەرکوك ئاوڕێك لە رابردوو دیدێك بۆ ئایندە ، چ1 ، چاپخانەی حەمدی ، سلێمانی 2010، ل 15.

6 سنوور سەباح ، سەرچاوەی پێشوو ل 33 .

7 جمال رشيد احمد و فوزى رشيد ، تاريخ الكرد القديم ، طبعة 1 ، اربيل ،1990 ، ص 119 .

ناوچەیەکی زۆر ئاوەدان بووە و شارستانیەتی تێدا گەشەی کردووە [1] . شارستانیەتی کەرکوک (ئارابخا ) ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە شارستانیەتی (وادی الرافدین )دا . کەرکوك شوێنەوارێکی کۆنەو قەلاّی کەرکوك یەکێکە لەو شوێنەوارە کۆنانە و چەندین دەسەلاّت و حکوم رانی تێدا کراوە بۆ نموونە ( چاخی وەرگا ، سۆمەریەکان-، ئەکەدییەکان ،گۆتیەکان ، ئاشووریەکان ، میدیەکان، کلدانیەکان ، سلوقیەکان ، ساسانیەکان ، دەوڵەتی ئەمەوی، عەباسی، مەغۆلیەکان ،کلدانیەکان، نائیریەکان، قەرەقۆینلۆیەکان، ئاق قوینلۆکان، سەفەویەکان ، عوسمانیەکان ،بریتانیەکان، دواتریش دەوڵەتی عێراق ) [2] مێژووی کەرکوك زۆر کۆنەو لە دەقە مسماریەکان دا لە شاری ئەربیل ( هەولێر) کۆنترە ، کۆنترین زانیاری تایبەت بە کەرکوکیش لەلامانە ، (1625) دا (عوسمانیەکان )شکست دەهێنن ئەم شارە دەکەوێتە دەست (سەفەوییەکان) تا ساڵی (1625) زکە بۆ جارێکی دیکە دەکەوێتە ژێر دەسەلاّتی (عوسمانیەکان )ەوەلە ساڵی (1743)ز دا دەکەوێتە ژێر دەسەلاّتی نادر شا و پاشان بە پێ ی ڕێکەوتنامەی ئاشتی لە ساڵی (1743)زدەگەرێتەوە ژێر دەسەلاّتی (دەوڵەتی عوسمانی )بەم شێوەیە لە ژێر دەسەلاّتی (ئیمپراتۆریەتی عوسمانی )دەمێنێتەوە تا کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم.[3] دەوڵەتی عوسمانی لەسەدەی شانزدەهەم دا ئەو ناوچانەی کە عێراقی ئەمرۆ پێك دەهێنن بۆ چوار ویلایەت دابەش کرابوون کە وویلایەتەکانی ( بەغداد، □ بەسرە ، موسڵ ، شارەزوور )[4] . لە ساڵی (1534 )ز( سوڵتان سلێمانی قانوونی )وولاّتی عێراقی بەسەر پێنج وویلایەت دا دابەش کردووە کە وویلایەتەکانی ( بەغداد ، موسڵ ، بەسڕە ، ئحسائ ، ویلایەتی شارەزوور ) کە بنکە سەرەکیەکەی ویلایەتی شارەزوور شاری کەرکوك بووە [5]. کەرکوك یەکێکە لە کۆنترین شارەکانی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست و زۆر لە کۆنەوە ناوەندێکی بازرگانی گرنك بووە، ئەگەر چی زۆر بیر و بۆچوون و ڕای جیاواز لە بەرامبەر مێژووی دروست کردنی شارو قەلاّکەوە هەن [6] . زۆربەی زانیاریەکان دەری دەخەن کە قەلاّی کەرکوك لە نێوان ساڵەکانی (3500 – 4500 پ. ز ) دروست کراوە . کەرکوك وەك ناوەندێکی بازرگانی و مەڵبەندێکی کشتوکاڵی سەردەمی (گوتیەکان ، ماددەکان ، ئەخنینەکان ، ئەکەدییەکان ، ئاشووریەکان و ساسانیەکان )بووە لەو سەردەمەدا ناوی شاری کەرکوك ( ئارابخا) بووە ، لە دوای ئەمە عەرەبەکان لە( جەنگی قادسیە) (636) هاتوونەتە کەرکوك (مەغۆلەکان) لەسەدەی دوانزدەهەم و دواتر عوسمانیەکان لە دوای (جەنگی چاڵدێران ) (1514) زحوکمی کەرکوکیان کردووە [7]. لە سەرچاوەکان بە چەند شێوازێك ناوی کەرکوك هاتووە لە فەرمانگەی ( مەعاریفی ئیسلامی ) کە باسی کەرکوك دەکرێت دەڵێن کەرکوکی ئێستا هەمان ئەو شارە بووە کە پێی وتراوە ( ئارابخا) . لە سەرچاوە ئارامییەکان بە ( کرخ سلوخ) کە بە مانای شاری سلوقین دێت ناوی هاتووە کە دەگەڕێتەوە بۆ (سلوقس ) کە یەکێکە لە سەرکردەکانی سەردەمی ئەسکەندەری مەکەدۆنی (321- 331 پ.ز) [8]. لە بارەی بنەچەی ناوی کەرکوکەوە

1 سمکۆ بەهرۆز محمد ، ئەرابخای دەوڵەتی کوردەواری لە مێژوودا ، بەرگی یەکەم ، چاپەمەنی ئەزمەر ،سلێمانی ، 2004، ل 24.
2 تارق کاکە رەش ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 17 -18.
3 بەختیار سەعید محمود شوانی، کەرکوك لە سەدەی نۆزدەدا، زانکۆی صلاالدین، هەولێر، ل 30
4 د.سعدی عثمان ، کوردستان الجنوبیة في القرنین سابع عشر و الثامن عشر ، مطبعة سیماء السلیمانیة 2006، ص96
5 ئەحمەد باوەڕ ، مێژووی هاوچەرخی عێراق 1914 – 1968 ، چاپخانەی کارۆ ،سلێمانی ،2018 ، ل 14 .
6 شۆرش حاجی ، تەعریبی کەرکوك ، چاپخانەی شڤان ،سلێمانی ، 2004 ، ل 27 .
7 کمال مظهر أحمد ، مصدر سابق ، ص 100 .
8 تارق کاکە رەش ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 17 -18.

لەسەر چاوە ئارامیەکان بە ( کەرخ خانووی سلوخ) یاخود شاری سلۆقیەکان ناویان هیناوە لەسەردەمی (پارسیەکان )واتاساڵانی( 367– 226) پ . ز بە (جەرمەکان) ناوبراوە لە سەردەمی ، لەسەرچاوە ئیسلامیەکان بە (کەرخینی) ناوبراوە [1] . لەسەردەمی ئیسلام (یاقوت حەمەوی )لە ساڵی (1228 )ز بەم جۆرە وەسفی کەرکوکی کردووە : " قەڵایەکە لە نزمایی زەوی خێرە ، شورەیەکی توندە لە نێوان داقوق و هەولێر ، بینیومە لەسەر دۆڵێکی بەرزە لووتکەیەکی بچووکی هەیە " . ئەم مەسەلەیە بە تەواوی لەسەر شاری کەرکوك جێ بەجێ دەبێت [2] کەرکوك لەسەر دەمی شارستانیەتی ئیسلامی بە ( شهر زور) ناوبانگی دەرکردبوو لەگەڵ قەلا بەناوبانگەکەی.[3] لە جوگرافیەی بتلیموس ناوی بە ( کرکورا ) هاتووە لە نەخشە رێگای رۆمانیەکان بە (کونکون) ناوی هاتووە.[4] لەسەردەمی (ئاشوور ناسر باڵی دووەم )لەساڵی (884- 858 پ. ز ) قەلای کەرکوك دروست کراوە [5] . بەرایی (د. مستەفا جەواد) لە گۆڤاری (أصل لفظ کرکوك) دەڵێت : ناوی کەرکوك لە شێوەی (کەرخینی ) ەوە هاتووە دواتر بچووکراوەتەوە بۆ ( کەرکی ) دواتر بە شێوەی فارسی بچووکراوەتەوە بۆ ( کەرکوك ) بەم شێوە سەر پێییە دکتۆر باس لە ناوەکە دەکات و بەرای ئەو لە ووشەی ( کەر ) واتا قەلا و پاشکری (UK) کە بۆ دروست کردنی ناو و ئاوەڵناو ناوی بچووکراوە بەکارهاتووە لەم دوو ووشەیە پێك هاتووە [6] . بەم شێوازە ڕاو بۆچوون دەربارەی بنەچەی ناوی کەرکوك زۆرە و بە زۆر شێواز لە زۆر سەرچاوە ناوی هاتووە لەسەردەمە جیا جیا کاندا لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بنکەی سەرەکی وویلایەتی شارەزوور بووە، لەسەردەمی عوسمانیەکان هەرچەندە کەرکوك بوو بەبەشێك لە موڵکەکانی عوسمانی، بەڵام دەسەڵاتی راستەقینە بەدەست دەرەبەگ و میرانی میرنشینە کوردیەکانەوە مایەوە تا ساڵی (1583) ز(مورادی سێیەم )داوای لە میری موکریان کرد کە ناوچەکانی موسڵ و هەولێر بەرێوە ببات لە کۆتایی سەدەی حەڤدەیم بوو بە بەشێك لە موڵکەکانی میرنیشی بابان [7]. لەکاتی ڕوودانی جەنگی یەکەمی جیهان لە( 7 ی ئاياری 1918) بۆ یەکەم جار ئینگلیزەکان هاتوونەتە ناو شاری کەرکوکەوە [8] . دوای کۆتایی هاتن بە جەنگی جیهانی یەکەم و بەستنی (ئاگر بەستی مۆدرۆس )لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و هاوپەیمانان و پێشرەوی کردنی بریتانیەکان بۆ گرتنی وویلایەتی موسڵ کە ( کوردستانی باشووری ) ئێستا دەکرێتەوە بە پارێزگای کەرکوکیشەوە بۆ ماوەیەك لە ژێر دەستی بریتاینەکان مایەوە دوای یەکلا بوونەوەی کێشەی وویلایەتی موسڵ لە نێوان عێراقی تازە دامەزراوە – تورکیا لە (1925 )ز ویلایەتی موسڵ بە کەرکوکیشەوە لکێنـــرا بە عێـــراقی تـــازە دامـــەزراوەوە . (28 نیسانی 1918) هێزەکانی بریتانیا بەسەرکردایەتی جەنەراڵ (ستانی مۆد) چوونە کفری و داگیریان کرد ڕۆژێك دوای ئەوەش خورماتوو داگیر کراو لە (7 ی مارس )ی هەمان ساڵدا چوونە کەرکوك و بە ناچاری لێ ی کشانەوە دواتر هێزەکانی بریتانیا جارێکی تر کەرکوکیان

---

1 فوئاد حەمە خورشید ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 17 .
2 فوئاد حەمە خورشید ،هەمان سەرچاوە ، ل 17 .
3 جمال خورشید، کەرکوك و ناوچەی گەرمیان ، چاپی1، چاپخانەی خانی ،دهۆك 2008، ل 5 .
4 عبدالعزیز البیاتی ، کرکوك في التاریخ ، مجلة هاواری کرکوك ، العدد 3 ،کرکوك 1999، ص 100.
5 امید خطاب وهاب، اصل و اساس تسمیة کرکوك و جغرافیتها ، گۆڤاری مێژوو، چاپخانەی ڕۆژهەلات ژمارە 27، هەولێر،2013 ، ل 277.
6 وەرگیراوە لە تۆفیق وەهبی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 37-38 .
7 سنوور سەباح ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 34.
8 شۆڕش حاجی ، تەعریبی کەرکوك ، ل 28

داگیر کردەوە پێنج رۆژ بەر لە ئاگر بەستی مۆدروس واتە لە ( 25 ی تشرینی 1918) [1]. لەم ساتە بەدواوە ویلایەتی موسڵ کە قەزای خانقین و مەندەلی لێ جیاکرایەوە و خرایە سەر لیوای دیالە و ناوچەی سلێمانیش ئیدارەیەکی کوردی لێ پێکهێنرا کە حکومەتەکەی (شێخ مەحمودی حەفید) بوو، ناوچەی کەرکوك لە ژێر ئیدارەی راستەوخۆی بریتانیا بووە، دوای دۆزینەوەی نەوت لە کەرکوك بریتانیا چاوی خشاندووە بە سیاسەتی پێشووی داو هەوڵی دا لە کەرکوك بمێنێتەوە [2]. بەپێی رێکەوتنامەی (سایکس بیکۆ 1916 )نێوان بریتانیا و فەرەنسا و روسیا ویلایەتی موسڵ بەشێك بوو لە دەسکەوتەکانی فەرەنسا بەلاَم بریتانیا لە دوای پەیمانی (سان ریمۆ ) ی(1920) ئەو ویلایەتەی کردە بەشێك لە موڵکەکانی بریتانیا لە بەرامبەر پێدانی پشك بە فەرەنسا لە ( کۆمپانیای نەوتی تورکی ) . دوای مۆرکردنی رێکەوتنامەی ( سان ریمۆ ) لە (18 ی نیسانی 1920 ) عێراقی تازە دامەزراو بۆ ماوەی (12) ساڵ کەوتە ژێر دەستی ئینتیدابی بریتانیا و بە هۆی نارەزایەتی عێراقیەکان و دژایەتی کردنی بەرێوەبردینان لەلایەن بریتانیەکان ئەنجام دانی چەندان یاخی بوونی شۆرش دژی بریتانیەکان ( میر پرسی کۆکس) (11ی تشرینی یەکەمی 1920) حکومەتی کاتی لە عێراق راگەیاند بەسەرکردایەتی ( عبدالرحمان نقیب گەیلانی )[3] . لە کابینەی حکومەتەکەی دوو وەزیری کوردی خەڵکی کەرکوك هەبووون کە ( جەعفەر عەسکەری و عزت پاشای کەرکوکی بوون ) کە وەزارەتی بەرگری و تەندروستیان پێ درا بوون[4]. فەتاح پاشاش کرا بە موتەسەریفی کەرکوك، ئەم هەنگاوانەی بریتانیا لە کاتێکدا بوون کە هێشتا ویلایەتی موسڵ نەلکێنرا بوو بە شانشینی عێراقی تازە دامەزراوەوە [5]. لە (29 ی حوزەیرانی 1921) دوا کۆنگرەی قاهیرە (فەیسەڵی کوری حسین )کرا بە شای عێراق و ئاهەنگی تاج لەسەر کردنی بۆ کرا ئەمەش پاش دەرچوونی بریاری ( ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان لە 23 ی ئابی 1921 ) لکاندنی ویلایەتی موسڵ کە کەرکوکیش بەشێکی گرنکی ئەم ویلایەتە بوو بە عێراقی تازە دامەزراوە وە لەراپۆرتی (کۆمەڵەی گەلان ) ئەوە سەلمێنراوە کە لەو ساتەدا ئەندامانی لیژنەی کۆمەڵەی گەلان بۆ چارەسەری کێشەی ویلایەتی موسڵ هاتبوو نەك عێراق ، کە پێك هاتبوون لە ( ڤیرسن ، ئەی پولس ، کاونت پوڵ نێڵکی ) چەند کەسایەتیەکی تر سەبارەت بە سەر ژمێری دانیشتوان لە لیوای کەرکوك دەڵێن : ( 37 هەزار عەرەب ) و ( 47 هەزار کورد ) و (26 هەزار تورك ) و (2500 مەسیحی ) تیا بووە ، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر کوردستانی بوونی کەرکوك لەو دەمەدا [6] . لە سەرچاوەکان دا ئاماژە بەوە کراوە کە کەرکوك

---

1 جبار قادر، السياسية الحكومية في كركوك خلال العهد الملكي (1921 – 1958 ) في كتاب ( كركوك مدينة القوميات المتأخية ) طبعة 1 ، دون مكان طبعة ، لندن 2001، ص 157 – 158 .

2 سنوور سەباح ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 35 .

3 ئەحمەد باوەڕ ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 66 .

4 جرجيس فتح الله ، يقضة الكرد تاريخ سياسي ،1900 -1925، دار ئاراس للطباعة ، النشر ، أربيل ،2002، ص 235

پشکۆ حمە تاهیر ئاغجەلەری ، شاری کەرکوك لە نێوان ساڵانی 1917 – 1926 ، چاپخانەی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی ن ك ) ، سلێمانی 2007 ، ل 196.

5 پشکۆ حمە تاهیر ئاغجەلەری ، شاری کەرکوك لە نێوان ساڵانی 1917 – 1926 ، چاپخانەی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی ن ك ) ، سلێمانی 2007 ، ل 196.

6 بروانە، ئەحمەد باوەر ، سەرچاوەی پیشوو ، ل 127 ، سنوور سەباح ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 37 .

لەسەردەمی ئینتیدابی بریتانی توشی نەهامەتی و دەردی سەری کێشەی زۆر بووەتەوە یەکێك لەوانە بریتانیەکان هەوڵی نانەوەی دوو بەرەکیان داوە لە ناو کەرکوك لە (4 ی مایسی 1924 )ز ڕووداوێك رووی دا ژمارەیەك سەربازی لیڤی کە بەڕەگەز ئاشووری بوون لە ناو بازاری شاری کەرکوك یەکێك لەسەربازەکانی لەگەڵ گۆشت فرۆشێك دا بەشەر دێت لە ( بازاری قوڕ بە ) سەربازەکە بریندار دەبێت ئەویش دەگەڕێتەوە هێزێکی زۆری لیڤی دەرژێنە ناو شاری کەرکوك و هەرچیان دەست دەکەوێت تەقەی لێ دەکەن[1] . لە ئەنجام دا ( 50 کەس ) لە خەڵکی کەرکوك دەکوژرێن[2] . ئەم رووداوە لەبەرە جەژنان روو ئەدات و لیڤیەکان هێرش دەکەنە سەر مزگەوت و حەمامی ئافرەتان لە کەرکوك ،لە ئەنجام دا بە فەرمانی مەندوبی سامی بریتانی هێزی لیڤی دەگوازرێتەوەبۆ چەمچەماڵ[3] و پەیمانی سزا دانی تاوانبارانیان دا دات بەلاّم دواتر هیچ کەس سزا نەدرا ئەمەش وای کرد خەڵك نارازی بن، چونکە پێیان وابوو بریتانیا پشتگیری لیڤیەکان دەکات[3] . لەگەڵ دەرکەوتنی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورد (شۆرشی شێخ محمودی بەرزنجی ) لە کەرکوك رووی دا و هۆز و بنەماڵە بە دەسەلاّتەکانی کەرکوك چاویان لە ئاسۆی کۆششەکانی ئەو بریبوو بۆیە ئەم راپەرینە بەرابەرایەتی ئەو کرا و لەلایەن هۆزەکانی کەرکوکیشەوە پشتیوانی لێکرا ، لەوانە هۆزی گەورەی هەمەوەندی بەسەرکردایەتی ( کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند ) و هۆزی جەباری بەسەرکردایەتی ( سەید موحەمەد )[4]. لەگەڵ ئەوەشدا بزاڤی سیاسی کورد لە کەرکوك خامۆش نەبوو لەساڵی (1937)ز شاری کەرکوك مەڵبەندی کۆمەڵەی ( دار کەران) بوودواتر دەبێت بە( حزبی هیوا) دواتر ئەم کۆمەڵەیە بووە پارتێکی سیاسی بەهێز و بەناوی پارتی هیوا رۆڵی دەگێرا لە پەرەپێدانی هەستی نەتەوەیی دواتر دوای (7) ساڵ لە کارو چالاکی لەساڵی (1924)ز بەهۆی هەندێك کێشەی ناوخۆوە سەرکردایەتی پارتەکە بریاری خۆهەڵوەشاندنەوەی دا[5] . لە دوا ڕووداوی ( 1924 ) زو پەیدابوونی پارتی هیوا ڕووداوی (گاور باغی )یەکێك بووە لە وێستگەکانی چالاکی سیاسی لە کەرکوك . مانگرتنی کرێکاران لە (گاور باغی )نیشانەی پەرەسەندنی هۆشیاری چینی کرێکار بوو لە کەرکوك و ناوچەکە دا دەستپێکی رووداوەکە بەرزکردنەوەی یاداشتێك بوو لەلایەن کرێکارەکانەوە و بۆ باشکردنی ژیان و گوزەرانیان[6] . لە ڕووداوی گاور باغی کار گەیشتە ئەوەی دوای چەندان وتووێژ و کۆبوونەوە نەتوانرا کێشەی نێوان حکومەت و کرێکارەکان چارەسەر بکرێت ، سەرەنجام موتەسەریفی کەرکوك ( عبدالرزاق فتاح ) فەرمانی بە بەرێوبەری پۆلیس کرد لە کرێکارە مانگرتووەکان

1 لەتیف فاتیح فەرەج ، کورد و کەرکوك ، بەرگی یەکەم ، چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی 2003، ل 33.

2 س.ج. ئەدمۆندیز ، کورد و تورك و عەرەب ، و/ حامد گەوهەری ، چاپی 3 ، چاپخانەی بەڕێوبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری ، هەولێر ، 2004 ، ل 337.

3 س.ج. ئەدمۆندز ، هەمان سەرچاوە ، ل 446 .

4 دلشاد محمود ، کەرکوك ، لێکۆلینەوەیەکە مێژووی دەربارەی رۆلی سیاسی و رۆشنبیری 1932 – 1958 نامەی ماستەری بلاّو نەکراوە ، پێشگەشی کۆلیژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین کراوە، هەولێر 2006 ، ل 23 - 24.

5 سنوور سەباح ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 39 د.کمال مظهر احمد ، صفحات من تاریخ العراق المعاصر ، طبعة 1 ، مطبعة البدیس ، بغداد ، 1987 ،ص 134.

6 د.کمال مظهر احمد ، صفحات من تاریخ العراق المعاصر ، طبعة 1 ، مطبعة البدیس ، بغداد ، 1987 ،ص 134.

بدات له ئەنجامی ئەم هێرشەدا ( 5 ) کرێکار کوژران و (14 ) ی دیکەش بریندار بوون [1] . دوای ڕووداوی گاور باغی کەرکوك ڕووی زۆر گرنکی بەسەردا نەهات تاکو شۆرشی ( 14 ی تەموزی 1958 ) کە سیستەمی پاشایەتی رووخاو سیستەمی کۆماری هاتە کایەوە بەرابەرایەتی (عبدالكريم قاسم )بووە بە یەکەم سەرۆك کۆمار لە دەستپێکی گۆرانکاریەکانی (14 ی تەمووز ) رایگەیاند کە کورد و عەرەب لە عێراقدا هاوبەشن و چەند هەنگاوێکی نا لەوانە رێگەی دا بە گەراندنەوەی ( مستەفا بەرزانی ) هەوڵەکانی لە یەکێتی سۆڤیەتەوە بۆ گەرمیان و بە گەرمی پێشوازی لێکرا [2]. یەکێکی تر لە رووداوەکانی کەرکوك (1958 ) ز هەولدانی تیرۆرکردنی (مستەفا بارزانی ) دوای گەرانەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت بۆ عێراق گەشتێکی بۆ ناوچەکانی باشووری کوردستان رێك خست بەر لە گەرانەوەی بۆ بەغدا لە کەرکوك پشێوویەکی گەورە دروست بوو هۆکارەکەشی پلانی تورکمانەکان بوو نەخشەیان بۆ کێشا بوو لە ( تشرينی دووەمی 1958 ) کاتێ بارزانی لە کەرکوك بۆ یانەی ئەفسەران دابەزی بوو بۆ سەردانی لەشکری دوو بچێت ئەفسەرێکی تۆران بە ناوی ( هیدایەت ئەرسەلان ) کە فەرماندەی ئینزیباتی کەرکوك بوو بە پلەی موقەدەم بۆمبێکی لە نێو هێلیکۆپتەرەکەوە دانابوو کە بۆ گواستنەوەی بارزانی ئامادەکرابوو ، بە ئاشکرا بوونی پلانەکە ئەفسەرەکە سەکتەی دڵ لێ ی داو گواستڕایەوە بۆ نەخۆشخانەو لەوێ مرد[3] . مسعود بارزانی سەبارەت بەم ڕووداوە نووسیویەتی " لەسەردانی بەرزانی بۆ بارەگای لەشکری دوو، لە یانەی ئەفسەران میوان بوو ، لەو کاتەدا ئەفسەرێکی تۆرانی بە ناوی ( هیدایەت ئەرسەلان ) بوو هەوڵی دا قومبەلەیەکی کات دیاریکراو ( توقيت ) لەناو فرۆکە هیلیکۆپتەرەکەدا دابنێت کە بارزانی سواری دەبوو ، بەڵام ئەفسەرێکی کورد بە پلانەکەی زانی و سەری نەکرد ، و ئەفسەرە تاوانبارەکە کە فەرماندەیی ئینزیباتی لەشکری دوو بوو لە کاتی بە ڕێکردنی بارزانی لە فرۆکەخانە دڵی وەستاو مرد[4] . دوای ئەم ڕووداوە کۆمەڵێك تورکمان خۆپیشاندانیان کرد بەم جۆرە سەرەتایی کێشەو ململانیەکانی نێوان کورد و تورك لە کەرکوك دەردەکەویت ئەمەش لەسەردەمی زەعیم روکن ( نازم تەباقەلەچی ) دەردەکەوێت کە کەسایەتیەکی عەرەبی سوری بووە کە لە بەغداد گیرساونەتەوە لە ساڵی (1913) لە دایك بووە بنەماڵەکەی بەوە ناسرا بوون کە لایەنگیری ناسیۆلیستانی توندرەوی عەرەبن (تەباقە لەچی ) بە تاوانی بەشداری کردن لە کودەتاکەی (عبدالوهاب شواف له 1959)زلە سێدارە دراوە [5] . پاش ئەوەی دێتە کەرکوك هەوڵی داوە نێوان کورد و تورك تێك بدات د. نورە تالبانی دەربارەی دەڵێت: " تەبەقالەچی یەکێك لە کارەکانی ئەوە بووە کە پێشنیاری کردووە سەرۆکی شارەوانی کەرکوك کە

---

1 دلشاد محمود ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 138.

2 لەتیف فاتیح ، کورد و قڕان ، بەرگی یەکەم ، چاپی 1 ، چاپخانەی تیشك ، سلێمانی 2003 ، ل 19. انی 2015 ، ل 99-100.

3 پشکۆ حەمە تاهیر ئاغجەلەری ، شاری کەرکوك لە نێوان ساڵانی 1957 – 1977، چاپخانەی سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2015، ل 99 – 100.

4 مسعود بارزانی ، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد 1958 – 1961 ، و / سعید ناکام ، بێ چاپخانە ،دهۆك ، 1995-ل 88 ، و عدنان کاکە ڕەش ، کەرکوك بۆ مێژوو دەدوێت ، چاپخانەی سەنتەری بیرو هۆشیاری ( ی ن ك) سلێمانی 2007 ، ل 15- 16.

5 سنوور سەباح ، هەمان سەرچاوە ل 42-43 .

کوردە لا ببرێت کە شێخ فازڵ تالبانی بووە ، لابرا دواتر تورکمانێ ئەم پۆستەی وەرکرد تا ساڵی( 1969 )[1]. هەرچەندە تەبەقەلە چ لا براو لە جێگەی (داود جەنابی ) دا بەڵام پاشماوەی تەبەق لەچی هەر مابوو تاوەکو رووداوی 14 ی تەموزی (1959) لە کەرکوک ڕوویدا و بارکرژی دروست بوو لە نێوان خەلکی کەرکوک و تورکمان توند ڕەوەکان کە دواتر پۆلیس دەستی تێورەدانی کردوو (32)کەس کوژران و (130) کەس بریندار بوون ئەم ڕووداوە هۆکار بوو بۆ دروست بوونی چەندین ڕیکخراوی کورد لە کەرکوک بۆ تۆقاندن و کوشتنی کورد لەلایەن تورکمانەکانەوە[2] . چەند کەسایەتیەك پشتگیریان لێ دەکردن لەوانە (نوری خەیات )بەرێوبەری ئاسایشی کەرکوك . ئەم گروپە تیرۆریستیانە هەستان بە تیرۆرکردنی چەند کەسایەتیەکی کوردی لەوانە ( حمە ئەمین شەربەت چی ، سدیق بلۆکێنی ) و بریندار کردنی( مام حەسەنی دوکاندار و لەتیف گەلی )جگە لەم کارانە هەستان بە رشتنی تێزاب بە دەم و چاوی هەندێ کورد لەوانە (عەریف حمە فەرج و ئەحمەد ڕەزا ).[3]

لەئەنجامی ئەم کردەوانەش ژمارەیەکی زۆری خێزانی کرود ناچار بوون کەرکوک جێ بهێڵن و تورکمانەکان کەوتنە تاڵان و دزی و راو روون وسووتاندنی لە ناو کەرکوك . ئەم ماوە مێژووییە لە مێژووی کەرکوک سەردەمێکی پڕ لە ڕووداو ململانێی نێوان کرود و عەرەب و تورکمان لە لایەك و ململانێی زلهێزەکان لەلایەکی تر و دەست خستنە ناو ڕووداوەکان چەندان ڕووداوی گرنك روویان داوە لە ماوەی دامەزراندنی شانشینی عێراق و تا هاتنە سەردەسەڵاتی عبدالكريم قاسم . کەرکوك و کەرکوکیەکان ڕۆڵی خۆیان گێراوە لە ڕووداوە هەرە گرنکەکانی کوردستان و عێراق دا .[4]

---

1 عدنان کاکە رەش ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 16-17.

2 سنوور سەباح ، سەرچاوەی پێشوو ل 42 – 43 .

3 پشکۆ حمە تاهیر ئاخجەلەری ، شاری کەرکوك لە نێوان ساڵانی 1957 – 1977 ، ل 127.

4 سنوور سەباح ، سەرچاوەی پێشوو ل 44.

## باسی سێیەم:

## کەرکوك لە کاتی تاوانی ئەنفال و ڕا پەڕینی گەلی کورد لە ئازاری 1991:

ئەنفال یەکێکی ترە لەو سیاسەتە نا مرۆڤانەی ڕژێمی بەعس بەرامبەر بە کورد بە مەبەستی قڕکردنی میللەتی کورد . بۆ ناسینی ئەنفال پێناسەی ڕێکخراوی ( میدڵ ئیست ووچ ) دەهێنێتەوە کە ئەلێت : " ئەنفال ئەو ناوە بوو کە بە زنجیرەیەك هێرش و پەلاماری چرپوپری سەربازی درا ، کە سەرجەمی هەشت پەلامار بوو لە شەش ناوچەی جوگرافی جیاوازدا بەڕێوە چوو ، لە نێوان کۆتایی مانگی شوبات و سەرتایی مانگی ئەیلولی (1988) ز فەرماندەیی گشتی پرۆسەکە کە لە دەستی نوسینگەی باکوری حزبی بەعس دا بو . کە بنگەی لە شاری کەرکوك بوو لە مارسی (1987) بە دواوە لە لایەن( عەلی حەسەن مەجید) بەڕیوە دەبرا " [1] . ئەنفال پرۆسەیەکی سەربازی بوو لە کۆتایی هەشتاکاندا لەلایەن ڕژێمی پێشووی عێراقەوە بۆ سەر گوندە کوردیەکان ئەنجام درا بە هۆیەوە هەزاران گوند ڕوخێنران و بەپێی ئاماری حکومەتی هەرێمی کوردستان (182) هەزار کەس بێ سەروشوێن کراون [2] . ووشەی ئەنفال لە کۆی وشەی ( نفل ) وەرگیراوە واتە دەستکەوتی شەر کە ناوی سورەتی هەشتەمە لە قورئانی پیرۆزدا و ئاماژەی پێکراوە . خوای گەروە ئەفەرمویێت ( قُلِ الْأَنفَالُ لِلَّهِ وَالرَّسُولِ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَصْلِحُوا ذَاتَ بَيْنِكُمْ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ) [3]. نووسەری گەورەی عێراق ( کەنعان مەکیە ) دەلێت : ئەنفال ڕووداوێ نییە لە ئاسمان کەوتبێتە خوار بەڵکو مێژوویەکی دووردورودرێژی مامەڵەکردنی درێژخایەنەی کوردە لەلایەن بەعسەوە دەتوانین بیگەڕێنینەوە بۆ( ڕێکەوتنامەی جەزائیر )(1975)ز یان تەنانەت بۆ کۆنتریش[4] .

ئەنفال بە هۆی هەر ناوێکەوە بووبێت هۆکارەکەی نزیك بوونەوەی نێوان ( پ . د. ك ) و ( ی .ن .ك ) بووە لە ساڵی (1987 ) زەهنگاوی باشی بە خۆوە بینی لە بواری یە ك ریزی هێزە سیاسەکانی کورد دواجاریش دروست بوونی بەرەی نیشتمانی یەکگرتووی کوردستان دا کە ( پێنج ) پارتی سەرەکی کۆبوونەوە . بەلاّم لە(1987 )ز هەر ئەوەندە فشاری ئێران لەسەر باشووری عێراق کەم بوویەوە وە (سەدام حسێن )جەتی کردەوە لەسەر سزادانی کورد لەسە رهاوکاریان لەگەڵ ئێران دا. ( عەلی حەسەن مەجید ) ئامۆزای سەدام و وەزیری جەنگ ئەرکی جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە تۆقێنەرەی گرتە ئەستۆ [5] . سەبارەت بە حزبی بەعس ئەو پارتەیەیە کە لەلایەن (میشێل ئەفلق و سەڵاح بەیتار ) ە دامەزرا لە ( 7 ی 4 ی 1947 ) لەسوریا کە ئامانجیان یەکێتی ولاتانی عەرەب بوو ئەم پارتە لە عێراق لە ژێر هەمان ئایدۆلۆجیا دامەزرا و کوردی بە کۆسپێکی گەورە لەبەرامبەر یەکێتی وولاتانی عەرەبی ئەبینی بۆیە

---

1 نازەنین داراو کۆمەڵێك نووسەر، مێژووی نوێ و هاوچەرخ، چاپی 12، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2015، ل 212.

2 هاورێ باخەوان ، ئەنفال ماڵپەری WWW.KURDIPEDIA.ORG

3 القران الكريم ، سورة الانفال ، الاية 1.

4 محمد ڕەئوف عزیز ، ئەنفال و رەهەندە سۆسۆلۆجیەکان ، چاپخانەی ڕوون سلێمانی 2005، ل 64

5 کمال مەزهەر ، کورد و کوردستان ،چاپی2، چاپخانەی گرین گلۆری ، لوبنان ، 2009 ل 573- 319

سیاسەتی قڕکردن و جینۆسایدکردنی دژی کورد بەکار ئەهێنا ، ئەنفالیش یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە بەهۆیەوە ئەیانویست کوردی پێ لە ناوبەرن و ئەم تاوانەش کەرکوکی گرتەوە و بەرشالاّوی ئەنفال کەوت . پاکتاوی نەژادی هەولێك بوو بۆگۆڕینی پیکهاتەی باری نەتەوایەتی و دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك لەلایەن حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقەوە لەسەر دەستی حیزبی بەعس گەشتە ترۆپك ، سەرەتایی پرۆسەکە لەسەردەمی (یاسین هاشمی )دەستی پێکردووە کە زەوی و زاری بە عەرەب بەخشیوە لە کەرکوك [1] . لە هەشتاکان سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی لە عێراق گەیشتە ئاستێکی ترسناك بە تایبەتی دوای ئەوەی ( ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ) لە ( 29 ی 3 ی 1987 ) بە پێی بریاری (160 ) دەسەلاّتی رەهای بە ( عەلی حەسەن مەجید ) بەخشی و بۆ دۆزی کورد چارە بکات [2] . لەگەڵ هاتنی بۆسەردەسەڵات بارودۆخی کوردستان و کەرکوك بە تەواوی تێکچوو و بەرەو خراپی چوو، بە هۆی سیاسەتی ناو براوەوە پارێزگای کەرکوك جۆرێکی تر لە بە عەرەب کردنی بە خۆیەوە بینی لە دوای ساڵی (1987 ) زئەو کوردانەی کە لە ناو پارێزگاکە دەرکران و ناوچەکانیان عەرەب نشین کران . پێناسەی کەسیان دەگوازرایەوە بۆ ئەو ناوچانەی کە بۆی دەگوازرانەوە ، بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە خەڵکی دووبز و داقوق و ناوشاری کەرکوك راگوێزراون بۆ ( هەولێر و ئەنبار ) و ناسنامەیان گوازراوەتەوە بۆ ئەو ناوچانەی بۆی ڕائەگوێزران بە مەبەستی کەم کردنەوەی ڕێژەی کورد لە کەرکوك [3] . سەرەرای بەعەرەبکردن و ڕاگواستن لە کەرکوك لە ساڵی (1988) زلەلایەن حکومەتی بەعس تاوانێکی گەورەی دژی مرۆڤایەتی ئەنجام دا کەشالاّوی ئەنفال بوو ، ئەنفال ئەو هەلە بوو کە بەعس لە ڕێگەیەوە ئەیویست کە ناوچە گرنکەکانی کەرکوك لە کورد پاکتاو بکات [4] . ئەنفال بە کردەوەیەکی قارەمانێتی بۆ سوپای عێراق لە قەلەم ئەدرا سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکانی عێراق رۆژانە بەیاننامە و راگەیاندنی فەرمیان لە دەزگامانی راگەیاندنەوە دەربارەی بلاّو دەکردەوە [5] . پرۆسەی ئەنفال بەم شێوەیە دارێژرابوو بە سێ قۆناغ، پێناسە کردنی ئەوانەی ئەمانەوێت لە ناویان ببەین، لە دواتر کۆکردنەوەیان لە شوێنێکی دیاری کراو ئینجا لە ناوبردنیان [6] . رژێمی بەعس و سوپاکەی تەواوی ئەو چەك و تەقەمەنیانەی لە جەنگی (ئێران – عێراق ) دا مابوونەوە بە کاریان هێنا بۆ قڕکردن و لە ناوبردنی کورد بە چەکی کیمیایشەوە تەواوی چەکەکانیان لە شالاوی بە ناو ئەنفال بە کارهێنا لە ( 22 لەسەر 23 ی 1988 – 6 ی 9 ی 1988) سەرکردەی راستەوخۆی پرۆسەکە ( عەلی حەسەن مەجید ) بوو ئەم شالاوانە بە شێوەی نهێنی ئەنجام نەدراون بەڵکو بەشێوەی ئاشکرا ئەنجام دران [7] . رژێمی بەعس ئەو شالاّوەی

---

1 سنوور سەباح، سەرچاوەی پێشوو، ل 123 .

2 شۆرش حاجی، ئەنفالی کورد و دەوڵەتی عێراق ، چاپی2 ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی 2003 ، ل 67- 69.

3 شۆرش حاجی ، ئەنفالی کورد و دەوڵەتی عێراق ، هەمان سەرچاوە ، ل 70 .

4 سنوور سەباح ، سەرچاوەی پێشوو ل 129 .

5 کەنعان مەکیە ، دڵرەقی و بێ دەنگی ، جەنگ و ستەمکاری و راپەرین لە جیهانی عەرەبیدا و/ حەمە رەشید، چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، 2005 ، ل 206

6 شۆرش حاجی ، ئەنفالی کورد و دەوڵەتی عێراق ، ل 65 .

7 جبار قادر ، قضايا كردية محاضرة ، دار ئاراس للطباعة والنشر ،اربيل 2006، ص 121 -122

ئەنجام دا لە نێوان (1987 – 1989 )ز بەناوی ئەنفال کە پێشتر بەرنامەیەکی بەر وەختی بۆ داڕێژراو بوو لە ( 29 ی 3ی 1987 ) زبە بڕیاری ( مجلیس قیادة الثورة) مافی ئەنفال کردن و وێرانکردنی شارەکانی کوردستان لە رووی عەسکەری و ئەمنی و مەدەنیەوە بە ( عەلی حەسەن مەجید ) ناسراو بە ( عەلی کیمیاوی ) یان ( عەلی ئەنفال ) [1].

بەرنامەی ئەنفال بە هەشت قۆناغ دانراوە :

1- قۆناغی یەکەم لە (23 ی 2 تا18ی3 ی1988) زلە دۆڵی جافایەتی و قەزاکانی ( دوکان، بنگرد، چوارتا ،قەڵاچوڵان، سەرچنار، سورداش ) لە سلێمانی.
2- قۆناغی دووەم لە (23ی3تا 2ی4 ی1988)زکە( قەرەداغ ، بازیان ، دەربەندیخانی) گرتەوە .
3- قۆناغی سێیەم کە جێگەی باس و لێکۆڵینەوەیە لەم توێژینەوەی ئێمەدا ناوچەی گەرمیانی گرتەوە ئۆپراسیۆنەکەلە (7 تا 20 ی 4 ی 1988 ) زکێشا سنووری پەلامارەکانی ئەنفالی سێ بریتی بوو لە : (کەرکوك ،خورماتوو ،کفری ،کەلار ،دەربندیخان ، زنجیرە چیای قەرەداغ ، تەکیە ، چەمچەماڵ، قەرەهەنجیر ) [2] .
4- قۆناغی چوارەم لە ئەنفال (3تا 8 ی 3 ی 1988)ز ئەنجام درا کە چەند ناوچەیەکی کەرکوکی گرتەوە : (کەرکوك، ئاڵتون کۆپری، دێگەلە، کۆیە ، خەلەکان، دوکان، سورداش، تەکیە، چەمچەماڵ )[3].
5- قۆناغی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم لە( 15 ی 5 تا 26 ی 8 ی 1988)ز لە ناوچەکانی (شەقلاوە، ڕەواندز)
6- قۆناغی هەشتەم قۆناغی کۆتایی لە ئەنفال (26ی 8 تا 6ی 9 ی 1988) ز دەڤەری (بادینان ، سنووری عێراق – تورکیا) گرتەوە[4] .

شاڵاوی ئەنفالی سێیەم و چوارەم ناوچەی کەرکوکی گرتەوە کە ترسناکترین قۆناغی ئەنفالە . قۆناغی سێیەم یەکێکە لە گەورەترین قۆناغەکانی ئەنفال و پەلامارەکانی ئەم شاڵاوە ناوچەیەکی زۆر فراوانی گرتەوە سەدان گوندی ناوچەکانی ( جەباری ،زەنگەنە ،داودە ،چاخی ڕۆغزایی ) کەوتە بەر شاڵاوی هێزەکانی دەوڵەت [5] . ئەنفال لە لایەن هێزەکانی فەیلەقی (1 و5) لە کەرکوك و هەولێر ئەنجام درا، هێزێك هەڵبژێردرا و لە گاردی کۆماری ( الحرس جمهوری ) هێزی تایبەت ( القوات الخاصه ) هێزی مغاویر و وە ئاسایش و فریاکەوتن و هەندێ مەفرەزەی بچووك ( الجیش الشعبی ) و فەوجەکانی بەرگری نیشتمان جێ بە جێ کرا و هەموو جۆرەکانی چەك و بە جۆری قەدەغەکراوەکانیشەوە بەکارهێنران [6] . هێرشەکانی سووپاکانی عێراق لە میانەی ئەنفالی سێ لەم قۆڵانەوە بوون :

---

1 هەژار عەزیز سورمێ ، کورد و جینۆساید و ئەبادەکردن ، چ2 ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، بێ شوێنی چاپ ، 2006 ، ل 84.

2 سنوور سەباح ، سەرچاوەی پیشوو ، ل 133 .

3 محمد دەشتی ، ئەنفال لە گەرمیانەوە تا بادینان ، چاپخانەی منارە ، هەولێر 2013 ، ل 66

4 شۆڕش حاجی ، ئەنفالی کورد و دەوڵەتی عێراق ، ل 117-131 .

5 یوسف دزەیی ، ئەنفال کارەسات ، ئەنجام و ڕەهەندەکانی ، چاپی 1 ، دەزگای موکریانی ، هەولێر 2001، ل 103.

6 جبار قادر ، قضایا کردیە معاصرة ، مصدر سابق ، ص 121 .

- له كفريه وه بەرەو ئۆمەريل و عەزيز قادر
- له كفريه وه بەرەو دەراجى
- له كەلارەوه بەرەو تيلەكۆو كولەجۆ
- له پێبازه وه بەرەو شێخ تەويل
- له دەربەنديخانەوه بەرەو درۆزنه
- له چياى قەرەداغەوه بەرەو تەپەكۆس
- له قادر كەرەمەوه بەرەو ئيبراهيم غولام
- له چياى قەرەداغەوه بەرەو درۆزنه
- له قەره حەسەنەوه بەرەو هەناره و مەحمود پەريزاو
- له لەيلانەوه بەرەو تازه شار
- له سەنگاوەوه بەرەو سەر قەلا[1]

سوپا واى كرد كه خەڵك تەنها يەك رێگەيان هەبێت بۆ دەرچوون هەمووان دەستگیركران له چەمچەماڵ كۆكرانەوه سامناكى ئەنفالى سێ لەوه دايه كه دەيان هەزار ژن و پياو ومنداڵ له پەلامارەكەدا گيران و بێ سەر و شوێن كران و هەزارانيش هه ر له كاتى شالأوەكه كولله باران كران و له رۆژى (20ى4 ى 1988)ز هێزەكانى حكومەتى عێراق كۆتاى قۆناغى سێيەمى ئەنفاليان راگەياند[2] ئەنفالى سێيەم خراپترين و سامناكترين و فراوانترين ئەنفاله له رووى ڕووبەر و ژمارەى قوربانيانەوه ئامانج لێ ى تێكدانى گوندەكان بوو لەم پارێزگايه و كەمكردنەوەى رێژەى كورد له كەركوك[3] بەپێى يەكێك له ئامارەكانى (ميدڵ ئيست وۆچ ) قوربانيەكان (43204 كەس ) بووه قوربانى واتا (48٪) ى دانيشتوانى ناوچەكەيان كرده قوربانى[4] . له شالأوى ئەنفال هەموو گوندەكانى كەركوك وێران كران و ژمارەيەك زۆر كەس بوونه قوربانى (80٪)قوربانيەكانى ئەنفال كراوانى ( 1988) زخەڵكى ناوچەى كەركوك بوون [5]. ئامانج له ئەنفالى سێيەم له ناوچەى گەرميان و پارێزگاى كەركوك وێران كردنى گونده كورديەكان بوولەو پارێزگايه دا و نەهێشتنى زۆرترين ژمارەى كورد به مەبەستى تەواو كردنى به عەرەب كردن كه حزبى بەعس له (1963) ز دەستى به جێ به جێ كردنى كرد كه هاته دەسەڵات . سياسەتى بەعس له (1963)ز له كوردستان به پلەى يەكەم بريتى بوو له جينۆسايدى گوند نشينان و تەواو كردنى پرۆسەى به عەرەب كردن له كەركوك لەسەردەستى (عەلى حەسەن

---

1 شۆرش حاجى ، ئەنفالى كوردو دەوڵەتى عێراق ،ل 99-100.

2 سنوور سەباح ، سەرچاوەى پێشوو ل 134 .

3 جبار قادر ، قصايا كردية محاصرة ، مصدر سابق ، ص 124 .

4 گۆڤارى سەنتەرى برايەتى ، ئەنفال و كەركوك ، ژماره 24 چاپخانەى وەزارەتى پەروەرده ، هەولێر 2002 ، ل172-173.

5 جەلال جەوهەر عزيز ، كەركوك له پاكتاوى ڕەگەزيەوه بۆ سەر دەستوور ، بێ شوێن و چاپ و چاپخانه 2008 ، ل 8 .

مەجید) لە کوردستان ترسناکترین سەردەم بوو بۆ گەلی کورد [1] . لە ئەنفالی چوارەم دا بەشێك لە ناوچەکانی کەرکوك بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن حکومەتی عێراق بەم شێوەیە پەلامارەکانی دەست پێکرد:

- لە ئاغجەلەر بەرەو گۆپ تەپە و عەسکەر و بولقامیش
- لە سوسێ بەرەو کەلەشیر و چەمی رەزان
- لە سورداشەوە بەرەو شیلەخان و عەودالان
- لە دوکانەوە بەرەو کلکە سماق و بۆ گدوکلێسە
- لە خەلەکانەوە بەرەو هەیبەت سوڵتان و کانی کوردە و داودە
- لە تەقتەقەوە بەرەو مەلا زیاد و کانی ڕەش
- لە تەقتەقەوە بەرەو کانی لەرە و عومەر گومبەت و سێگرتکان
- لە ئاڵتون کۆپری دەوە بەرەو قەشقە و خور خور
- لە شێوە سوورەوە بەرەو ئۆمەردان و تورکمان باغ
- لە جادەی شوان تەق تەقەوە بەرەو شێخ بزێنی سەرو خواروو
- لە چەمچەماڵەوە بەرەو تورکی تیژە و تیلیان [2]

ئەنفالی چوار بە کیمیا باران کردنی گوندی (گۆپ تەپە، عەسکەری ، سەر بە ناحیەی حاجی لەر) دەستی پیکرد سەرەتا هێرش کرایە سەر تەق تەق و وێرانکرا و دواتر بۆ سەر (ناوچەی شوان )و حەفتاو شەش گوند وێران کران و خەلکەکەی ڕا گوێزرا بۆ (بەنە سەلاوە دارە توو )لە هەولێر لە (7 ی 3ی 1988)ز هێزەکانی سوپای عێراق گوند و ئاواییەکانی (دەشتی کۆیە ، تەق تەق ، شێخ بزێنی ، شوان ، حاجی لەر ، چەمی رێزان ، خاڵ خالان )وێران کران[3].

ژمارەی گوندە وێرانکراوەکان لە قۆناغی سێیەم :

خشتەی ژمارە (3):

| ناحیە | ژمارەی گوند |
|---|---|
| سەنگاو | 67 |
| پردێ (ئاڵتون کۆپری) | 49 |
| سەرقەڵا | 4 |
| سەرگەران (قودس) | 1 |
| قەرەحەسەن | 15 |

1 شورش حاجی ، تەعریب کەرکوك ، ل 49 .

2 شۆرش حاجی، تەعریبی کەرکوك ، هەمان سەرچاوە ، ل 104.

3 یوسف دزەیی، سەرچاوەی پێشوو ، ل 123 – 126 .

| | |
|---|---|
| قەرەهەنجیر | 39 |
| کەلار | 108 |
| تیلەکۆ | 48 |
| پێباز | 48 |
| خورماتوو (سەنتەر) | 1 |
| نەوجول | 25 |
| قادرکەرەم | 71 |
| سەرجەم | 440 گوند |

سەرچاوە، یادگار عبدالله هەماوەندی ، ڕەهەندە سیاسیەکان ی پرۆسەی ئەنفال لە هەرێمی کوردستانی عێراق ، نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراو ، پێشکەشی کۆلێژی زانستە کۆمەلایەتیەکان کراوە، زانکۆی کۆیە ، کۆیە 2008 ، ل 108 .

ژمارەی سەرجەم ئەنفال کراوەکانی قۆناغی سێیەم خشتەی ژمارە (4):

| ناحیە | ژمارەی ئەنفالکراوەکان |
|---|---|
| قادر کەرەم | 3801 |
| قەرە هە نجیر | 2170 |
| قەرە حەسەن ( لەیلان ) | 1207 |
| پردێ ( ئالتون کۆپری ) | 1438 |
| سەنگاو | 1524 |
| تیلەکۆ | 1567 |
| کەلار | 989 |
| سەرقەلا | 278 |
| پێباز | 950 |
| نەوجول | 922 |
| سەرگەران( قودس ) | 200 |
| خورماتوو | 15 |
| سەرجـەم | 15061 |

سەرچاوە، سنوور سەباح : مێژووی سیاسەتی بە عەرەبکردن لە پارێزگای کەرکوك 1963- 1991 ، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر 2009 ، ل 137.

ژمارەی گوندە وێرانکراوەکان لە قۆناغی چوارەمی ئەنفال خشتەی ژمارە (5) :

| ناحـــیە | ژمارەی گوند |
|---|---|
| شوان | 61 |
| پردێ ( ئاڵتون کۆپری ) | 23 |
| ئاغجەلەر | 75 |
| کۆیە | 40 |
| تەق تەق | 72 |
| شۆرش | 26 |
| خەلەکان | 24 |
| سەرجـــــــەم | 331 |

سەرچاوە، یادگار عبدالله هەماوەندی ، ڕەهەندە سیاسیەکان ی پرۆسەی ئەنفال لە هەرێمی کوردستانی عێراق ، نامەیەکی ماستەری بلاّونەکراو ، پێشکەشی کۆلێژی زانستە کۆمەلاّیەتیەکان کراوە، زانکۆی کۆیە ، کۆیە 2008 ، ل 108.

ژمارەی سەرجەم ئەنفال کراوان قۆناغی چوارەم خشتەی ژمارە ( 6 ) :

| شوێن | ژمارەی ئەنفالکراوان |
|---|---|
| قەلاّسێوەکە – ئاغجەلەر | 1049 |
| دۆڵی سورداش –دوکان | 142 |
| شوان | 385 |
| شێخ بزێنی سەروو | 1658 |
| شێخ بزێنی خواروو | 92 |
| تەق تەق و دەوروبەری | 199 |
| کۆیە و دەوروبەری | 642 |
| سەرجـــــــــەم | 4167 |

سەرچاوە، یادگار عبدالله هەمەوەندی : ڕەهەندە سیاسیەکان ی پرۆسەی ئەنفال لە هەرێمی کوردستانی عێراق ، نامەیەکی ماستەری بلاّونەکراو ، پێشکەشی کۆلێژی زانستە کۆمەلاّیەتیەکان کراوە، زانکۆی کۆیە ، کۆیە 2008 ، ل 108.

لە دوای ئەنفال ( عەلی حەسەن مەجید ) لە کاسێتێکی تۆمار کراو سەبارەت بە کەرکوك و ناوچە ڕاگوێزاوەکان دەڵێت :
" کەرکوك تێکەڵەیەکە لە نەتەوە و ئاین و مەزهەب ئەو خەڵکەی کە ئێمە لە(31 ی 3 بۆ 21 ی 6 ی 1988)زرامان گواستن یەك دانەیان خەڵکی ناوچە قەدەغە کراوەکان نەبوون بەڵام لە ژێر کۆنترۆڵی تێکدەرەکان بوون جا لەگەڵ یان بووبێتن یان دژیان بوو بیتن " [1].

لە تەواو بوونی ئەنفال ژمارەی کورد کەمی کرد لە کەرکوك بەمەش بەعس ئامانجی خۆی پێ کا و سەرکەوت .
ئەو کردەوانەی بەعس کەلە پارێزگای کەرکوکبە ئەنجامی گەیاند پێشێل کردنی تەواوی مافەکانی مرۆڤ بوون. تاوانی دژی مرۆڤایەتی بوو شاڵاوەکانی ئەنفال بووە هۆی بێ سەر و شوێن کردنی هەزاران کوردی ئەو ناوچانەو سەدان گوند وێران کران و مەڕ و ماڵات و سامانیان تاڵان کرا و خانووە کانیان روخێنرا [2] .پارێزگای کەرکوك زۆر ترین زیانی لە ئەنفال و سیاسەتی بە عەرەب کردن و ڕاگواستنی بەعس هەوڵی داوە کە ناسنامەی ئەم ناوچەیە بگۆرێت سیمای کوردو ڕۆشنبیری کەرکوك بسرێتەوە ، ئەنفال کاریگەری نەرێنی لەسەر ئابووری و کۆمەڵایەتی کەرکوك هەبوو . لە ساڵی (1991) ز (بەرەی کوردستانی )دروست بوو فاکتەری سەرەکی بۆ دروست بوونی بەرەی کوردستانی لە نێوان پارت و رێکخراوەکانی باشووری کوردستان دەگەرێتەوە بۆ سیاسەتەکانی حکومەتی بەعسی عێراقی کە لە دژی باشووری کوردستان بەکاری دەهێنا و پیادەی دەکرد لەو سەردەمەدا [3] . سیاسەتی زەوی سووتان و وێران کردنی گوند و شارو شارۆچەکەکانی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە کە بریتی بوو لە راگواستنی دانیشتوانی کوردستان بۆ ناوچە جیاوازەکانی عێراق و دروست کردنی ئۆردوگای زۆرە ملێ و کۆکردنەوەی خەڵك و دەستگیرکردنیان و بە زۆر نیشتەجێ کردنیان لە ئۆردوگای زۆرە ملێ و دوای کۆتایی هاتنی جەنگی کەنداو لە (17ی1ی1991)زو کۆتایی هاتنی ئۆپراسیۆنی (گەردەلولی بیابان ) بەسەر پەرشتی ( جۆرج بۆش ) و دەوڵەتە زلهێزەکان و بە تایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان زەبری کوشندەیان لە سوپای عێراق دا لە جەنگی گرتنەوەی کوێت دواتر هێزەکە هانی خەڵکی دا بۆ ڕاپەرین لە گرنکترین هۆکارەکانی بەرپابوونی ڕاپەرین قەیرانە گەورەکانی ( سیاسی ، ئابووری ، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری ، سایکۆلۆژی نەتەوەیی ، دیموکراتی و ئازادی ) لە ناو کۆمەڵگەی عێراق بە گشتی و بەتایبەتی کورد هۆکاری سەرەکی بوون بۆ ڕوودانی ڕاپەرین [4] دوا دەرپەڕاندنی هێزەکانی عێراق و تێکشاندنی لە ( گەردەلوولی بیابان ) ڕاپەرین ڕوویدا بە شێوەیەك رژێم تووشی شلەژان بوو گەر بارودۆخی نێو دەوڵەتی نەبوایە هەر ئەو دەمە رژێمی بەعس دەرووخا دوای گرتنی کوێت . لەم سەرو بەندەشدا بەرەی کوردستانی لە (تشرینی دووەمی

---

1 جبار قادر ، ئەنفال و دەرهاویشتەی رەگەز پەرستی و تۆتالیتاریزم و کۆمەڵگەی داخراو ، گۆڤاری سەنتەری لیکۆلینەوەی برایەتی ، ژ مارە24 ، سلێمانی هاوینی 2002 ، ل 60 .

2 جبار قادر ، هەمان سەرچاوە، ل 65 .

3 نەوشیروان مستەفا امین، مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەهاری 1991 ، چاپی1 ، چاپخانەی جەمال عیرفان ، سلێمانی 1999 ، ل 111- 113.

4 ئاراس عبدالرحمن ، راپەرینی ئاداری 1991 لە باشووری کوردستان ، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ، 2009، سلێمانی ، ل 152 - 153 . پشکۆ حمە تاهیر ئاغجەلەری ، راپەرینی کەرکوك . چاپخانەی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی ن ك ) سلێمانی 2004، ل 46 .

1990) کۆبوونەوەیەکی کرد و تیایدا بریار درا هەموو حیزبە بەشدارەکانی ناو بەرەی کوردستان هەڵسن بە دروست کردنی شانەی چەکداری و ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچە جیا جیاکانی کوردستان و ناردنی نامە بۆ مستەشارەکان بۆی هانیان بەن چەك دابنێن و هاوکاری بەرەی کوردستانی بکەن [1] . لە (5ی2ی1990)بەرەی کوردستانی کۆبوونەوەیەکی تری کرد و باس لە رووداوەکان و گۆرانکاریەکان و ئەگەرەکانی دوای (گەردەلوولی بیابان ) کرا [2]. لە (15ی5ی1991)سەرۆك کۆماری ئەمریکا (جۆرج بۆش ) بانگەوازێکی ئاراستەی گەلانی عێراق کرد کە ڕاپەرین بکەن و (سەدام حسێن )و حکومەتەکەی بروخێنن[3]. سەرەتا گەلانی عێراق لە ناوەراست و باشوور ڕاپەرینیان کرد دواتر کوردیش خۆی ئامادە کرد بۆ ڕاپەرین و بۆ ئەم مەبەستەش هێزە سیاسیە کوردیەکان یەکیان گرت و بەرنامەی مەبەستەش هێزە سیاسیە کوردیەکان یە کیان گرت و بەرنامەی هاوبەشیان دانا هێزەکانی پێشمەرگەش کەوتنە خۆ ئامادە کردن بۆ ڕاپەرین لە رۆژی (27ی2ی1991)زلەسەر سنووری ئێران کەوتنە جموجوڵ ، لە(4ی3ی1991)زبەرەو شارۆچکەکانی باشووری کوردستان کەوتنە رێ[4].

لە (5ی3ی1991)ز ڕاپەرین لە ڕانیەوە دەستی پێکرد لە ڕۆژانی دواتر لە (12ی3ی1991)زتوانرا هەولێر و سلێمانی و دهۆك زۆرێك لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان ئازاد بکرێت [5]. لە رۆژانی (19بۆ23ی 3ی 1991)زکەرکوك بۆ چەند رۆژێك ئازاد بکرێت جگە لە سەربازگەی خالید پاش هەفتەیەك لە ئازاد کردنی شارەکە حکومەتی بەحس پەلاماری شاری کەرکوکی دا داگیری کردەوە [6] . ئەمەش دوای ئەوەی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردی کەوتە جموجوڵ و خوێندنەوەی بارودۆخەکە و بەرنامە ڕێژی بۆ ڕاپەرین کرا لە کات و ساتی دیاری کراوی خۆی دا ڕژێمی بەعس بۆ رێگری گرتن لە ڕوودانی ڕاپەرین لە کەرکوك کۆمەلێك ڕێ و شوێنی گرتە بەر لەوانە هێنانی هێزی زۆر بۆ ناو شارەکە و داخستنی ئەو رێگایانەی دێنە ناو کەرکوك یان لێوەی دەر ئەچن، قەدەغە کردنی هاتوچۆی سەرتاسەری ڕژێم لە ڕۆژانی (10بۆ11ی3ی1991)ز بە فەرمانی ( عەلی حەسەن مەجید ) دەستی کرد بە پشکنین و گرتن لە ناو گەرەکەکانی کەرکوك [7] . دوای ئازادکردنی چەمچەماڵ لە ڕۆژی(9ی3ی1991)زیانەکانی بەرەی کوردستانی چەند کۆبوونەوەیەکیان دانا بۆ پلان دانان و هێرش کردن بۆ ئازاد کردنی شاری کەرکوك[8] . بڕ یار درا لەسێ قۆڵەوە هێرش بکرێت بۆ رزگار کردنی کەرکوك .

---

1 ئاراس عبدالرحمان ، سەرچاوەی پێشوو ل 220 .

2 پشکۆ حمە تاهیر ئاغجەلەری ، ڕاپەرینی کەرکوك ....،ل 60.

3 کریس کۆجێرا، بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد ویستی سەربەخۆیی ، و / حسن رەستگار ، چاپی1 ، چاپخانەی رۆژهەلات ،هەولێر ،2013 ، ل 104.

4 فاضل الزهاوي ، حرب خليج و انتفاضة كردستان العراق ، مطبعة روون ، سليمانية 2004، ص 82 .

5 زانا فەقێ ، پارتی سۆشیالیستی کورد، پاسۆك (1975 – 1991) بەبێ شوێن و چاپ و ساڵی چاپ ، ل 288

6 پشکۆ حەمە تاهیر ئاغجەلەری ، ڕاپەرینی کەرکوك ...، ل 84-97.

7 شرف الدين عبدالرحمان ، یەکێتیانە ، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی ، کەرکوك 2011 ، ل 55-56

8 زانا فەقێ ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 234 .

قۆڵی یەکەم: لە ڕێگای سلێمانی –کەرکوکەوە بێت و هێزەکانی ئەو ناوچەیە بۆی بچن .

قۆڵی دووەم: لە هەولێرەوە بێت وە هێزەکانی سنووری هەولێر و دهۆك لەوێوە هێرش بکەن .

قۆڵی سێیەم : لە ناوچەکانی کەلارەوە بێت کە هێزەکانی ناوچەکانی گەرمیان لەوێوە هێرش بکەن [1].

دوای دانانی نەخشەو پلان لەلایەن بەرەی کوردستانیەوە لە ڕۆژی (20ی3ی1991)ز زۆربەی دام و دەزگاکانی کەرکوك ئازاد کران [2] . لە ڕۆژی دووشەممەی(19ی3ی1991)زهێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە هەموو میحورەکانەوە لە کەرکوك نزیك بوونەوە و دام و دەزگاکانیان پاك کردەوە لە بەعس لە ڕۆژی نەورۆز تەواوی ناو شار پاککرایەوە ئەمەش نامەیەکی بە هێز بووبۆ بەغداد کە مەحاڵە تەعریب و ڕاگواستن لە کەرکوك بە ردەوام بێت[3] . شاری کەرکوك بە یەکەم جار کەوتە بەر دەست کورد تەنیا سەربازگەی (مەعەسکەر خالید )نەبێت خۆیان نەدایە دەستەوە وە بەرگریان لە خۆیان کرد لەدوای رزگارکردنی کەرکوك و نەمانی حکومەت دەسەلأتی کورد نەیتوانی ئاسایشی شار و فەرمانگەکان بپارێزێت . ڕوودانی ڕاپەرین لە ساڵی (1991)ز لە سەرتاسەری کوردستان و بەتایبەت لە کەرکوك دا ڕووداوێکی گرنکە لە مێژووی عێراق و کوردستان و پەیامێکە بۆ سەرکردەکانی عێراق کە کەرکوك شارێکی کوردستانیە و ناتوانرێ جیا بکرێتەوە لە خەبات و مێژووی کورد. دوای ئەنجام دانی ڕاپەرینی(1991)ز کە بە خاڵی وەر چەرخان دادەنرێت لە مێژووی کورد و سیاسەتەکەی لە عێراق سەرکەوتنی کاتی بۆ بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردی. دژیسوپای عێراق بۆ ماوەیکی کەم هێرش بکات و لە(28ی3ی1991)زتەواوی هەولێر و سلێمانی و کەرکوك و دهۆك بخاتە ژێر دەستی خۆی دوای ئەم سەرکەوتنە کوردەکان لە ترسی سیاسەتی بەعس و ئەگەری دووبارە ڕووداوەنەوەی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیای لە ئەنجام دا نیو ملیۆن کەس شار و شارۆچکەکانی خۆیان بە جێ هێشت و بەرەو سنوورەکانی (ئێران –تورکیا)چوون[4]. دوای هاتنە دەنگی ڕێکخراوە مرۆڤیەکان لە کاتی کۆرەو و لەبەرچاوگرتنی ئازار و مەینەتی خەڵك ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری (688) دەرکرد لە (5ی4ی1991)زبە پێشنیاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوپەیمانانی ( ناوچەی ئارامیان ) ڕاگەیاند لە ئەنجامی ئیدانەکردنی ئازار و مەینەتەکانی کە دانیشتوانی سڤیل ڕووبەرووی ئەبوونەوە لە عێراق بە تایبەت ناوچە کورد نشینەکان .

ئەنجومەن بڕیاری لابردنی مەترسی و بەرقەرارکردنی ئارامی و ئاسایشی دا ،داوای کرد کە ڕێگە بدرێت کە ڕێکخراوە مرۆڤییەکان بتوانن بچنە ناوچەکە [5] . سەرەنجام لەگەل گەڕانەوەی دانیشتوان بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردی

---

1 پشکۆ حەمە تاهیر ئاغجەلەری ، ڕاپەرینی کەرکوك ، ل 76 .

2 زانا فەقێ ، هەمان سەرچاوە ، ل 235 .

3 شرف الدین عبدالرحمان، سەرچاوەی پێشوو ل 57-58.

4 یاسین ئاشوور جوهر، اداء االنخبة السیاسیة في اقلیم کوردستان العراق ، 1991 -2003 ،أطروحة دکتورا غیر منشور، مقدمة الی جامعة النهرین، بغداد،2016، ص 218.

5 ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکان، ئەنجوومەنی ئاسایش، بڕیاری (688)، ( 5 / 4 / 1991 ) بڕگەی ( یەکەم ، دووەم، سێیەم)

بەسەرکردایەتی ( بەرەی نیشتمانی ) داوای دانوساندن و رێکەوتنی کرد هەروەها چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان بە ئاشتیانە لەگەڵ حکومەتی عێراق دا.

# بەشی دووەم

# بارودۆخی سیاسی کەرکوك لە نێوان سالأنی ( 1975 – 1992 )ز.

## باسی یەکەم:

## کەرکوك لە گوتاری سیاسی پارتە سیاسیەکان لە ( 1975 – 1983 ) ز.

## باسی دووەم:

## کەرکوك لە سالّی 1983 – 1991 ز.

## باسی سێیەم:

## گرنگی پارێزگای کەرکوك بۆ کورد .

**باسی یەکەم:**

## کەرکوك لە گوتاری سیاسی پارتە سیاسیەکان لە ( 1975 – 1983 ) ز:

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین گوتاری پارتە سیاسیەکان دەربارەی کەرکوك لە ساڵانی (1975-1991)زبخەینە ڕوو هەروەها ئاماژە بە گرنکی کەرکوك بکەین لە دانوستان و ئەدەبیاتی سیاسی پارتە سیاسیەکان و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردی . سەرەتا بە سیاسەتی تەعریب کردن دەست پێ دەکەین لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتایی هەشتاکان دا لە دوای نسکۆی (شۆڕشی ئەیلولی 1961-1991)ز کە لە بارودۆخێکی نێودەوڵەتی و ناوچەیی دیاریکراو دا لە ئەنجامی زوڵم و ستەم چەوساندنەوەی نەتەوەی و کۆمەڵایەتی دەیان ساڵ دا مەشخەڵی بەرزبووەوە و گەیشتە هەموو ناوچەکانی باشووری کوردستان بەسەرکردایەتی ( مەلا مستەفا بارزانی ) ئەم شۆڕشە وەڵام دانەوەی مێژووی بوو بەرامبەر زوڵم و ستەم و سیاسەتەکەی قاسم [1]. هەر لەسەردەمی (شۆڕشی ئەیلول )ەوە کەرکوك خاڵی بەیەکنەگەیشتنی سەرکردایەتی شۆڕشی کوردی و حکومەتی یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بووە[2]. (دەیڤید ئەدمسن ) نووسیویەتی :" بە نێو هێنانی کەرکوك لە دانوستانەکانی نێوان بزوتنەوەی ڕزگاری خوارزی کوردی حکومەتی عێراقی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان بێزار و تووڕە دەبوون ئەمە دەبووە کۆسپ بۆ چارەسەر نەکردنی کێشەکان و پەیوەندیەکانی ئالۆزتر دەکرد و سەر لە نوێ شەڕ دەستی پێ دەکردەوە "[3] . هەر کات حکومەتی عێراق لاواز بووبێت پەنای بۆ دانوساندن بردوە بەڵام دواتر خاڵەکانی دانوساندنی جێبەجێ نەکردووە و پشتگوێی خستووە یەکەمین دانوستاندن دەربارەی کەرکوك لە نیوان بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردی و حکومەتی عێراقی لە ( 1963- 1968) ز بووە و بەر لە دەست پێکردنی سیاسەتی بە عەرەب کردنی ئاشکرا و زەق لەلایەن بە عیسەکانەوە ، بە عەرەب کردن یەکێکە لە سیاسەتەکان دژی کورد لە لایەن حکومەتی عێراقەوە بە تایبەت لە ناوچە جێ ناکۆکەکانی ( پارێزگای کەرکوك ، موسڵ ، سەڵاحەدین ، دیالە ) . مەبەست لە تەعریب کردن لە ڕووی مانا و زمانەوانییەوە بەم جۆرە پێناسە کراوە ( تەعریب بریتیە لە بە عەرەبکردنی شتێکی نا عەرەبی وەك تەعریب کردنی ئیدارە یان خوێندن .... هتد )[4] . تەعریب واتا لە ڕەگ هەڵتەکانی نەتەوەیەك یان ڕەگەزێکی نەبیستراو لە ناوچەیەکی دیاری کراودا کە کوردە و جێنیشین کردنی خەڵکی سەر بە ڕەگەزی عەرەبن لە شوێنی ئەوان دا یان هەوڵدان بۆ گۆرینی کەلتور و سیما و ناسنامەی ئەو ڕەگەزەی بۆ سەر عەرەبی و توانەوەیان لە بۆتەی عەرەبی دا [5] . سیاسەتی بە عەرەب کردنی کەرکوك لەبەر سامانە سروشتیەکەی بە تایبەت نەوت و غاز و پێگە ستراتیجیەکەی هەر لە سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لە (1921)ز دەستی پێ دەکات بەڵام لەسەردەمی هاتنی بەعسیەکان دەگاتە لووتکە دوای نسکۆی (شۆڕشی

---

1 سەروەر عبدالرحمان ، یەکێتی نیشتمانی کوردستان دامەزراندن و دەست پێکردنەوەی شۆرش 1975- 1976 ،چاپی 1 ، چاپخانەی تەها، سلێمانی، 2002، ل 16.

2 پشکۆ حەمە تاهیر ئاغجەلەری ، شاری کەرکوك .....،ل 147 .

3 دیفید ادمسن ، العرب و الکرد و انشقاق 1964 ، ت / جرجیس فتح الله ،گبعە 2 ،دار ئاراس،اربیل ، 1999،ص354

4 حەمید عبداللە صالح ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 33 .

5 شاخەوان شۆرش ، پاکتاوی رەگەزی کەرکوك و ئەگەری دەست تێوەردانی مرۆڤانە ، سلێمانی، 2003، ل 26 .

1975)ز دەسپێكی لاپەڕەی نوێ بوو لە سیاسەتی بە عەرەب كردنی كەركوك لەم سەردەمەدا سیاسەتی تەعریب بەرامبەر دانیشتوانی كەركوك هەموو سنوورەكانی بەزاند ( سەدام حسێن ) ڕایگەیاند بە بەنیازە تەواوی ناوچە سنوورەیەكانی ( توركیا – عێراق ) ڕابگوێزرێت و بیان كات بە ناوچەی قەدەغە كراو [1] . سیاسەتی بە عەرەبكردن لە كەركوك دەگەڕێتەوە بۆ جێنشین كردنی عەرەب لە ناوچەكەو (پرۆژەی حەویجە 1936)ز و بەبڕیاری (یاسین ئەلهاشمی )دروست كردنی گەرەكی عەرەب نشین لە نێوان سالانی (1980- 1981)ز جێنشین كردنی كرێكاری عەرەبی كۆمپانیای نەوت و كۆكاكۆلا و هتد ، دەست بە بەسەراگرتنی مولكی هاولاتیە كوردیەكان لە كەركوك. قۆناغەكانی سیاسەتی بە عەەرب كردن لە كەركوك دابەش ئەكریتەسەر چەن قۆناغێك ئەوانیش :

یەكەم/ قۆناغی پێش بەعس (1921-1963)ز .

دووەم/ قۆناغی دوای هاتنی بەعس بۆ دەسەلات لە(1963-2003)ز .

بەڕای فواد حەمە خورشید [2]. بەلام شۆرش حاجی پێی وایە قۆناغەكانی بە عەرەب كردن لە كەركوك چوار قۆناغن ، ( قۆناغی یەكەم لە سالی 1968 -1970 ) ز ( قۆناغی دووەم لە سالی 1970 -1974 ) ز( قۆناغی سێیەم 1974 – 1975 ) ز (قۆناغی چوارە م 1975 - 1987 ) ز( قۆناغی پێنجەم 1987 تا رووخانی بەعس ) [3] .

قۆناغەكانی بە عەرەبكردن لە كەركوك سەردەمێكی دورو درێژی هەیە بەلام ئێمە لە توێژینەوەكەمان جەخت لەسەر سالانی دوایی (1975)ز دەكەینەوە تاوەكو (1991)ز . بەبڕیاری ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرش (ژمارە 369 ی ئازاری 1975)ز دەرچووە بە پێی ئەم بڕیارە دەست بەسەر ( 135022 ) دۆنم زەوی و زاری هاوولاتیانی كورد گیراوە لە ناحیەی (دوبز ، قەزای ناوەندی كەركوك ، ناحیەكانی لەیلان ، قەزای خورماتووی تازە، خورماتوو )[4] . بەمەبەستی جێبەجێكردنی (بڕیاری 369 )لیژنەیەك پێكهێنرا لە (روشدی ئاكا ) قائمقامی قەزای ناوەندی كەركوك و (داود سلێمان) بەرێوبەری داهاتەكانی پارێزگای كەركوك و (عەتیە شەنداخ )نوێنەری ناوچەی كشتوكالی كەركوك و (سەعدون مستەفا) سەرۆكی كۆمەلەی جوتیارانی كەركوك و لە ئەنجامی ئەم هەنگاوە ئەو ناوچانەی ناو هێنران بە عەرەبكران ، هەر لە هەمان سال بەمەبەستی گۆڕینی نەخشەو سنووری پارێزگای كەركوك (مەرسومی 607) دەرچوو بە پێی ئەم مەرسوومە ناحیەی شێروانە ناوەكەی گۆرا بۆ سەر قەلا و خرایە سە ر كفری و لە كەركوك دابرا وە بەپێی (مەرسومی كۆماری 608 )لە مانگی (كانونی یەكەمی 1975)ز قەزای كەلار و چەمچەمال لە كەركوك دابڕێنران و خرانە سەر پارێزگای سلێمانی و قەزای كفری و لە پارێزگای كەركوك دابرێنرا و خرایە سەر پارێزگای دیالە. بەپێی

1 فەرید ئەسەسەرد، شۆرش ، دەسەلات ، دەولەت ، گۆڤاری سەنتەری دەولی ، ژمارە 4 سالی سێیەم، سلێمانی،1995،ل50 .

2 فواد حمە خورشید ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 133 .

3 شۆرش حاجی ، تەعریبی كورد ، ل 43- 49 .

4 سنور سەباح ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 105.

(مەرسومی 33) ناوچە نەوتیەکانی هەولێر خرانە سەر کەرکوك چونکە بەرایی بە عس کەرکوك کوردستانی نەبوو . هەر لە هەمان ساڵ خێزانێکی زۆری عەشرەتی جبوری لەسەر زەوی و زاری کورد جێنشین کران و چەند ناوچەی قەراچی سەر بە قەزای مەخمور خرانە سەر پارێزگای کەرکوك [1] . هەر بە مەبەستی عەرەبکردنی پارێزگای کەرکوك لە (1976 مەرسومی ژمارە 41) دەرکرا بە پێی ئەم بڕیارە پارێزگایە دروست کرا بەناوی (سەلاحەدین )کە ناوەندەکەی شاری تکریت بوو لە چەند قەزایە پێك هاتبوو :( تکریت ، سامەرا ،بەلەد ، دووزخورماتوو ) بوو کە زۆرینەی خورماتوو کورد بوون و خرانە سەر سەلاحەدین ، بۆ زیاتر بە عەرەبکردنی پارێزگای کەرکوك ناوەکەی گۆڕدرا بۆ (التأمیم )کە دوو قەزای لە خۆ دەکرد :(قەزای کەرکوك ،حەویجە) بوون . هەر بە مەبەستی شێواندنی باری کارگێری پارێزگای کەرکوك رژێمی بەعس بە (مەرسومی کۆماری 256 )بڕیاری دا ناحیەی داقوق لە قەزای خورماتوو سەر بە (پارێزگای سەلاحەدین )بپچڕێت بیخاتە سەر پارێزگای کەرکوك [2]. حکومەت کۆمەڵەیەکی زۆری کرێکاری کۆمپانیای نەوت و غاز و کبریتی لە کەرکوك نشتەجێ کردن و خانووی بۆ دروست کردن و دایمەزراندن لە جێی کریکارە کوردیەکان و لە ساڵی (1977)ز ناحیەی قەرە هەنجیر لە گەڵ ئەم هەموو مەینەتیە بە بەعسکردنیش هەبوو لە ناو کەرکوك بە تایبەت لە ناو چینی مامۆستاو خوێندکارو فەرمانبەران [3] . لە کۆتایی حەفتاکان سیاسەتی بە عەرەبکردن زۆر بە ڕوونی لە کەرکوك دەردەکەوێت بە تایبەت لە سەرژمێری (1977)ز دانیشتوان کە عەرەب بە ڕێژەیەکی بەر چاو لەم سەر ژمێریە هەڵکشا سیمای بە عەرەبکردن بە زەقی بە پارێزگاکەوە دیارە ئەم سەر ژمێریە لە ساڵی (1977)ز لە بارودۆخێکی نائاسایی ئەنجام درا چونکە لە ساڵی (1976)ز سەر لە نوێ بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد دەستی بە خەباتی سیاسی کرد ڕژێم لەبەر باری ئەمنی نائاسایی کوردستان تیمی ئاماریان نەدەنارده شوێنەدووره دەستەکان یان ئەو ناوچانەی مەترسی هەبوونی پێشمەرگەی هەبوو[4] . لە ساڵی (1977)ز سەر ژمێری دەستی پێکردو کەرکوك پارچە پارچە کراو لە(22) یەکەی ئیداریەوە بۆ(13)یەکەی ئیداری بچووککرایەوە [5] ئەو ناوچانەی کە لەم سەرژمێریە لێی دابڕاو بوون زۆرینەی دانیشتوانەکەی کورد بوون وەك :( کەلار، چەمچەماڵ ، کفری ، خورماتوو ) بەمەبەستی کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد لە ناوچەکە لەسەر ژمێری (1957)ز ڕێژەی کورد لە کەرکوك ( 48،3٪ )لەسەر ژمێری (1977)ز دابەزی بۆ(37،6٪) [6] . لەگەڵ سیاسەتی بەعەرەبکردن سیاسەتی ڕاگواستن و تێکدانی یەکە ئیداریەکانیش پەیڕەو ئەکـران. لەسەرژمێری (1997)ز ژمارەیەکی زۆر لە عەشیرەتی کورد و خێڵی

---

1 سنوور سەباح، هەمان سەرچاوە ، ل 102- 103.

2 سنوور سەباح ، هەمان سەرچاوە ، ل 105 – 106 .

3 سنوور سەباح ، هەمان سەرچاوە ، ل 107 – 111 .

4 محمد سعید سۆفی ، پارێزگای کەرکوك لە ناو پاکتاوی رەگەزیدا ، گۆڤاری کەرکوك ، ژمارە 1 ، ساڵی چوارەم ، سلێمانی 2002 ، ل 41.

5 خلیل اسماعیل ، گۆرینی سنووری پارێزگای کەرکوك ، گۆڤاری سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی ، ژمارە 2 ی ساڵی هەشتەم ، سلێمانی 2000، ل 43.

6 د. خلیل اسماعیل ، کرکوك في دراسات .... ، ص 32.

کوردی بە عەرەب ناونووس کرابوون زۆرترین گەرەك بە ناوی عەرەبیەوە لە کەرکوك هەبوون وەك ( حي البعث ، دور الامن، الوسطی ،حجاج ،حي العسكري )[1] لە ساڵی (1977)ز بە پێی (مەرسومی 1326) ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ( مجلس قیادة الثورة ) دامەزراوەکە ئەرکی ئەشکەنجە دان و دادگای و لێکۆڵینەوە بوو لە پێشمەرگە و گومانلێکراوان لە کەرکوك [2] . لە ساڵی (1979)ز بەمەبەستی گۆڕینی باری کارگێری پارێزگای کەرکوك بە (مەرسومی کۆماری 233) ناوچەی ( عەلی میکائیل ) لە قەزای چەمچەماڵ سەر بە پارێزگای سلێمانی کرایەوە و لکێنرا بە ( ناحیەی الربیع ) قەرەهەنجیر سەر بە پارێزگای کەرکوك[3] . سیاسەتی بەعەرەبکردن و ڕاگواستن لە دوای نسکۆی شۆڕش لە کەرکوك زۆر بە زەقی بەرچاو کەوێت و ژمارەیەکی زۆر عەرەب لەم ناوچەیە جێنیشین ئەکرێت و زەوی و زاری زۆری کورد بە ناوی عەرەب تۆمار دەکرێت لەم سەردەمە لە دوای نسکۆی شۆڕش بە سەرکردایەتی (پارتی دیموکراتی کوردستان و مەلا مستەفای بارزانی )و چەند پارتێك دەرکەوتن کە ڕۆڵیان لە مێژووی ساڵانی دوای (1975)ز هەیە و درێژە بە خەباتی چەکداری و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردی ئەدەن دوای (ڕێکەوتنامەی 1975 جەزائیر) لە دیارترین ئەو پارتانەش یەکێتی نیشتمانی کوردستانە (ی . ن . ك ) لە (1ی6ی1975)ز لە دیمەشقی پایتەخی سوریا دامەزرا لە لایەن :( جەلال تاڵەبانی ، نەوشیروان مستەفا ، د. فوئاد مەعسوم، د. کەمال فوئاد ، عادل موراد ، عبودلرەزاق فەیلی ، عومەر شێخ موسا ) دامەزرا[4] . یەکەمین بەیاننامەی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە لە سوریا بە زمانی عەرەبی بلاّوکرایەوە لە لایەن (د.کمال فوئاد) [5] . یەکێکی تر لە پارتەکان پارتی دیموکراتی کوردستان (پ .د.ك ) بوو کە لە (1ی8ی1946)ز دامەزراوە و (مستەفا بارزانی) کرا بە سەرۆکی بەبێ ئەوەی لە کۆنگرەی دامەزراندندا ئامادەبێت لە دیاریترین ئەندامانی ناو کۆبوونەوەکە: (ئیبراهیم ئەحمەد، سەعید ئەتروش ، نووری شاوەیس و چەندانی تر ). کۆنگرەکە لە ماڵی (سەعید فەهیم ) سازدرا کە (23) ئەندام ئامادەی بوون [6] . لە دیارترین ئەندامەکانی ئەم پارتە ( مەلا مستەفای بارزانی ، حەمزە عەبدوڵا، میر حاج ئەحمەد، نوری ئەحمەد تەها ) هەر چوار ئەفسەرەکەی لیژنەی ئازادی پەیوەندیان پێوەکردن کە ( عەزەت عەبدولعەزیز، مستەفاخۆشناو ، موحەمەدمەحمود قودس ، خیرالله عەبدول کەریم)[7] . هەروەها پارتی شۆسیالیستی کورد (پاسۆك 1975)ز لە شاری کەرکوك دامەزراوە لە (11ی 9ی 1975)ز[8] . هەر یەك لەم پارتانە لە ئەدەبیاتی سیاسی خۆیان دا لە گوتار و دانوستاندنەکانی خۆیان دا گرنگیان بە ناوچە جێناکۆکەکان داوە بە تایبەت کەرکوك کە هەمیشە مایەی کێشمە کێشم

---

1 سنور صەباح ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 115 – 117 .

2 شۆڕش حاجی ، ئەنفالی کورد و دەوڵەتی عێراق ، ل 41 .

3 سنور صەباح ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 115 – 117 .

4 ڕێباز ، قەندیل بەغدادی هەژاند ، بەرگی 1 ، چاپی 1 ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ، 1993 ، ل 42

5 فەرید ئەسەسەرد، ئەنسکلۆپیدیای یەکێتی ، چاپی دووەم ، چاپخانەی ئەکادیمیایی هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران ، سلێانی ،2013 ، ل 320 .

6 هاوڕێ باخەوان، هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد ،چاپخانەی، سەردەم، سلێمانی ، 1999 ، ل 425 .

7 فەرید ئەسەسەرد، ئینسکلۆپیدیای یەکێتی ... ، ل 99 .

8 فەرید ئەسەسەرد، هەمان سەرچاوە ، ل 23-24

و ململانێ و ناکۆکی نێوان بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد و حکومەتی عێراقی بووە لە بەغداد. بە گشتی شۆرشی چەکداری لە باشووری کوردستان لە ساڵی (1976)ز بۆ جارێکی تر دەست پێ دەکاتەوە و لە دوای نسکۆی (شۆرشی ئەیلول) و مۆرکردنی (ڕێکەوتنامەی جەزائیر1975)ز لەلایەن هەردوو حزبی ( پ .د .ك ) و ( ی .ن .ك ) ڕۆڵی دەست پێشخەر دەبینن . بارودۆخی کوردستان لەو کاتەدا زۆر ترسناك بوو و چەندان چالاکی دژی حکومەتی بەعس ئەنجام درا [1] . ئەم پارتانە رۆڵی دیاریان هەبوو لە چالاکی کردن لە ناو کەرکوکك بەشداری پێکردنی خەڵکی کەرکوك لە چالاکیە سیاسیەکان و بەبەردەوامی (ی .ن .ك )بایەخی تایبەتی بە کەرکوك و کەرکوکیەکان داوە ئەمەش دوای ئەوە بوو کە دەزگا ئەمنیەکان. شالأوی گرتنیان دەست پێکرد لە کەرکوك و لە ئەنجام دا (49) کەس سەر بەم کۆمیتەیە دەست گیر کران و سەرجەم دەستگیر کراوەکان ئەشکەنجە دران و هەندێکیان بە هۆی ئەشکەنجەو لێدانەوە گیانیان لە دەست دا لە (1982)ز رەوانەی بەغداد کران و بڕیاری لە سێدارە دانیان بۆ دەرچوو چەند ئەندامێکیان لەوانە : ( لەتیف محەمەد ، کەریم مەحەمەد ، فەهمی سدیق، ... هتد ) [2] . لە یادی بۆردومانی قەڵادزێ (1974)ز خۆپیشاندان لە زۆربەی شارەکان ئەنجام دران لە کەرکوکیش بەهەمان شێوە لە (6ی5ی1982)ز خۆپیشاندان کرا. لە هەمان ڕۆژ لە (گۆرستانی شێخ محێدین ) لە کەرکوك دەستی پێکرد ژمارەیەکی بەرچاو لە خوێندکار و مامۆستا و کاسبکاران پەیوەندییان پێوە کرد خۆپیشاندەران بە ناو کوجە و کۆلانەکان و بازار شۆربوونەوە بەدەم هوتاف لێدانەوە کەوتنە رێی مەبەستیان ئەوەبوو بگەنە ناوەڕاستی شار دەنگی مەزلومیەتی خەڵکی کەرکوك بدەین بە گوێی دەسەڵاتدارانی عێراق دا و ڕای ناوخۆ و جیهان[3] . لە ساڵی (1982)ز بە دواوە دوای خۆپیشاندانی خوێندکارانی کەرکوك رق و کینە ڕژێمی بە عس بەرامبەر خەڵکی ئەو شارە زۆر خراپ بوو بەپێی بڕیارێکی (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش )لە کورد قەدەغە بکرێت ببێتە خاوەن زەوی و موڵك لە کەرکوك و بۆی نییە کڕین و فرۆشتن بکات بە خانوو زەویەوە بەڵکو تەنها لەگەڵ عەرەب بۆی هەیە و دانیشتوانی کورد مافی نۆژەنکردنەوەی خانوویان نەبوو ئەم هەنگاوەش جۆرێکی تری بەعەرەبکردن بوو لە کەرکوك.[4]

## باسی دووەم:

## کەرکوك لە ساڵی 1983 – 1991 ز :-

سیاسەتی بە عەرەبکردن لە پارێزگای کەرکوك تاوەکو ئەم سەردەمەش هەر بەردەوام بوو لەم قۆناغەشدا گەشتە ئاستێکی زۆر ترسناك و نا هەموار بەهەمان شێوەش سیاسەتی ڕاگواستن هەر بەردەوام بوو لە کەرکوك لە ساڵی

1 شرف الدین جەباری ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 23 .

2 فەرید ئەسەسەرد، ئینسکلۆپیدیای یەکێتی ... ،ل 99، شرف الدین جەباری ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 23

3 شرف الدین جەباری ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 88.

4 سنوور سەباح، سەرچاوەی پێشوو ، ل 121 .

(1984)ز  حکومەتی بەعس (47) گوندی لە سنووری ئێران وێرانکرد خەڵکەکەی کە (1883) خێزان بوون ئاوارە کران[1] . بەم جۆرە پرۆسەی ڕاگواستن لە کەرکوك بەردەوام بوو تاوەکو لە ساڵی(1988)ز پرۆسەی ئەنفالی ئەنجام دا بە تایبەت ئەنفالی سێیەم کە ناوچەکانی سنوری گەرمیان و کەرکوکی گرتەوە[2] .  هەروەها ئەنفالی چوارەمیش بەشێك لە شاری کەرکوکی گرتەوە بووە هۆی کاول کردن و وێرانرکدنی چوار یەکەی کارگێری کە :( قادر کەرەم ، سەنگاو ،ئاعجەلەر ، شوان ) بوون وێرای بێ سەرو شوێنکردنی (20تا30) هەزار کەس ڕاگوێزران بۆ ئۆردوگای زۆرە ملێکانی سلێمانی و هەولێر و هەندێکیان تا ئێستاش بێ سەرو شوێنن[3] . تەواوی پارێزگای کەرکوك بە قەزاو ناحیەکانیەوە بەر شالأوی ئەنفال و راگواستن کەوتن جگە لە قەزای حەویجە چونکە زۆربەی دانیشتوانەکەی عەرەبی هاوردە بوون[4] . لە ساڵی (1984)ز لەدرێژەی سیاسەتی بە عەرەبکردن بەپێی (مەرسومی کۆماری ژمارە 514 )بەمەبەستی زیادکردنی ژمارەی عەرەب لە پارێزگای کەرکوك و لە بەرامبەریشدا کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد ڕژێم ناحیەی (زاب ) ی عەرەب نشینی لە قەزای (شەرگات )سەر بە پارێزگای موسڵ بڕی و لکاندنی بە قەزای حەویجەوە لە کەرکوك[5] .

لە (1986)ز  دا لە پارێزگای کەرکوك دوو گوند لە ناحیەی پردێ و سێ گوند لە ناحیەی قەرە حەسەن ڕاگوێزران و عەرەب نشین کران لە ناو کەرکوکیش (205) خێزان ڕاگوێزران و لە نێوان ساڵانی  (1985بۆ1987)ز دا نزیکەی (24)گوند لە کەرکوك خاپوور کران[6] . هەڵەبەت ڕژێم تەنها بواری بە عەرەب دابوو بۆ نیشتەجێ بوون بە خاوەن دەسەلأت و پلە و پایە و توانای کڕینی موڵك لە کەرکوك لەو ماوەیە بەدواوە کێشەکانی کەرکوك ئالۆزتر دەبوو و خالێکی گرنکی دانوستان و پێکهاتنەکانی سەرانی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد  و حکومەتی عێراق بووە کێشەی کەرکوك بووە بە کێشەیەکی فرە رەهەند و خاڵی گرنکی دانوستانەکانی کەرکوك ئەو شارە بوو کە هیچ کام لە بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردی و حکومەتی عێراقی ئامادە نەبوون کە سازشی  لەسەر بکەن وە دەستی لێ هەلبگرن بە هۆی پێگەی ستراتیجی و سامانی کانزایی بە تایبەت نەوت و هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی و سروشتی ناوچەکە و فرە نەتەوەیی فرە ئایینی، بۆیە لە دوای  دەست پێکردنەوەی شۆرش لە(1976)ز بە دواوە لە دانوستانە گرنکەکانی نێوان سەرانی کورد و ڕژێمی بەعس گرنکی بە کەرکوك دراوە و ناوی هێنراوە لە هەمان کات دا کەرکوك هۆکاری سەرەکی ململانێ و کێشە و ئالۆزیەکانی هەردوو لا بووە لە دانوستانەکانی ساڵی(1983بۆ1984)ز کەرکوك جێگەی گرنکی بووە ، دوای نسکۆی شۆرش پارتی کوردی دروست بوون کە هاندان و یارمەتی دەرەکی ڕۆڵی لە دروست بوونیان بینیوە ئەم پارتانە دەستیان کرد بە چالاکی دژی ڕژێمی بەعس و لە ناوخۆش ناکۆك و نەیار بوون  بۆ نموونە ( پ. د .ك ) یارمەتی ئیرانی وەرگرت بۆ دژایەتی ( ی .ن .ك )  (حدکا) هەروەها ( ی .ن .ك ) یارمەتی لە سوریا و لیبیا وەرگرت لە

---

1 غەفور مەخموری ، بەعەرەبکردنی کوردستان ، چاپخانەی دارا ، هەولێر ،2002 ، ل 36-37.

2 حەمید صالح ، سەرچاوەی پێشوو ل 59 .

3 عدالەت عمر، ئەنفال و ئافرەتی کورد ، دەزگای ئاراس ،   هەولێر، 2003 ، ل 64 .

4 حەمید صالح ، هەمان سەرچاوە ل 61 .

5 سنور سەباح، سەرچاوەی پێشوو ل 121 .

6 مراد حکیم محمد ، ئاکامە کۆمەلایەتیەکانی سیاسەتی راگواستنی کورد لە عێراق لە سەردەمی بەعس، چابخانەی سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان ، سلێمانی 2004، ل 14 .

دژی ( پ .د .ك ) بەكاری ئەهێنا [1] . لە (شوباتی 1983)ز سوریا و لیبیا گروپ و حیزبەكانیان رازی  كرد بۆ ئەوەی دژی عێراق یەكبگرن بەلاَم بێ ئامانج بوو لە (تەموزی 1983)ز دا (پ .د .ك )لەگەڵ ئێران توانیان دەست بگرن بەسەر ( حاجی ئۆمەران – پێنجوێن ) [2] . مەبەستی ئێران لەم عەمەلیاتە لێدان بوو لە بەغداد و ( حدكا) لە لایەكی ترەوە (ی .ن .ك ) پشتگیری (حدكا )ی ئەكرد بۆیە چوارتا و پێنجوێن داگیر كران سەرەرای هەلگەندنی بارەكاگانی ( ی .ن .ك ) لەسەر سنوور[3] .

به هۆی بێ هێزی و خراپی عێراق (سەدام حسێن)چەند كەسێكی نارد بۆ پەیوەندی كردن بە (مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانیەوە) و ڕێبەرانی حزبەكانی تر ، دانوستان  لەگەڵ بارزانیەكان سوودی نەبوو. بەغداد داوای دانوستاندنی كرد دووبارە( د. عەبدولرەحمان قاسملۆ ) ڕێبەری (حدكا) كە هاوپەیمانی عێراق بوو (جلال تالەبانی ) هاندا بۆ گفتوكۆ كردن لەگەڵ ڕژێم تالەبانی رازی كرد بۆ دانوستاندن لەگەڵ عێراق ( قاسملۆ ) لەگەل ( ئەبو سوبحان ) كاربەدەستی ئێرانی هاتنە (زنجان )بۆ بردنی راوێژكارانی (ی.ن .ك )بۆ گفتوگۆ[4]. گفتوگۆی نێوان ( ی . ن . ك ) و بەعس لە ڕێگای لایەنی سێیەم و بەناو بژیوان (حدكا) بەتایبەت ( د. قاسملۆ ) دەستی پێكرد ڕاسپاردە و قسەكانی سەركردایەتی عێراق و (ی.ن.ك ) ئەهێناو ئەبرد . (ی.ن.ك) لە ساڵی (1983)ز  لە ژێر فشاری شەڕی بەرەی ( جوود ) و شەڕی حكومەتی ئێران و حكومەتی عێراق بە ناچاری بڕیاری دا گفتوگۆلەگەڵ حكومەتی عێراق بكات لە ڕێگەی (حدكاو)ە ، تەوەرەی گفتوگۆكە كە ئەم بابەتە گرنگانەی لە خۆ گرتبوو لەوانە :سنووری جوگرافی ناوچەی حكومی زاتی ، دەسەلاَتی حكومەتی مەركەزی ، ئاسایكردنەوەی هەل و مەرجی كوردستان بە تایبەت ناوچەی تەعریبكراوەكانی( كەركوك ، سنجار ) دێهاتە ڕاگوێزراوەكان ، بەشی كورد لە دەزگا ناوەندیەكانی بڕیاردان دا ،یەكێك مەسەلە چارەنووس سازەكانی گفتوگۆ كەبوون  ناكۆكیان لە سەر بوو )دواتر حكومەتی عێراق و (ی.ن.ك )نەگەیشتنە ئەنجام دوای گفتوگۆیەكی درێژ خایەن ، سەرئەنجام لە(1985)ز شەڕی چەكداری دەستی پێكرد پاش ئەوەی حكومەتی عێراق چەندین خروقاتی كورد لەوانەش شەهید كردنی (نەجمە دینۆرەوف )ناسراو بە مامە ڕیشە [5]. سەدام لە هەندێ مەسەلە بە هیچ شێوەیەك ئامادەی سازش نەبوو یەكێك لە چارەنووسی كەركوك بە پێی ڕپرتەكەی سەدام بە تالەبانی گوتوبوو " تۆ پێ لەسەر كورد بوونی كەركوك دامەگرە ئێمەش پێ لەسەر كورد نەبوون داناگرین " [6] . لە بارەی چاوپێكەوتنەكانی نێوان (جەلال تالەبانی ، سەدام حسێن )گوایە تەواوی كێشەكان چارەسەر بوون تەنیا دوو بابەت

1 ئەحمەد رەفیق كریم ، سەرچاوەی پێشوو ل 265 .

2 دیڤید ماكواویل ، مێژووی هاوچەرخی كورد ، و / ئەبوبكر خۆشناو ، چاپخانەی روون ،سلێمانی 2002، ل 719

3 ئەحمەد رەفیق كەریم ، سەرچاوەی پێشوو ل 265.

4 نەوشیروان مستەفا ، خولانەوە بە نێو بازنەدا ، چاپی 2 ، ناوەندی راگەیاندنی خاڵ ، سلێمانی 1999، ل 10.

5 نەوشیروان مستەفا ئەمین ، خولانەوە لە نێو بازنەدا ، ل 7 .

6 احمد رەفیق كریم ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 267 .

چارە نەبوون کە ئەویش جاش و سنوور بوون . (جەلال تاڵەبانی )دەڵێت :" عیزەت دووری بە منی گووت ناتوانم سەبارەت بە سنورەکانی کوردستان بڕیار بدەم شەخسی سەرۆك دەسەڵاتی بڕیاردانی هەیە ، سەدام حسێن ووتی ئەبێ کەرکوك بە هاوبەشی بەڕێوە ببرێت من بەو مەرجە قەبووڵم کرد کە کۆتایی بە عەربکردنی ئەو ناوچەیە بهێنرێت ، و کوردەکان بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان و عەرەبەکانیش بۆ شوێنی خۆیان سەبارەت بە سنجار و خانەقین و مەندەلیش ( سەدام ) ووتی کە ئەو مەسەلانە لە چوار چێوەی( پەیمانی 11 مارس )جێبە جێدەکەین "[1]. خاڵی ناکۆکی نێوان (ی.ن.ك ) و ڕژێمی بەعس ناکۆکی سیاسی و بەشداری کردنی کورد بوو لە دەسەڵاتی ناوەند و حوکمی زاتی و خاك و دیاریکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و هەموو ئەو ناوچانەی کە نەوتیان تێدا دۆزراوەتەوە لە حوکمی زاتی دا دابڕن لە کورد چۆڵ کران جیابوونەوە کە ئەوە بوو کە سامانی سروشتی موڵکی هاوبەشی هەموو گەلی عێراقە ئەبێت بە دەس دەسەڵاتی ناوەندیەوە بێت و هەموو ئەو ناوچانانەی بۆ پاراستنی سنووری عێراق و پایتەختی پایتەخت لە هێرشی دەوڵەتانی دراوسێ و جوڵانەوەی کورد بە پەیوەستن لە قەڵەم رووی حوکمی زاتی داببرێت و لە کورد چۆڵ بکرێت[2]. ئەمە کەرکەوکیش ئەگرێتەوە یەکێك لەو مەسەلانەی چارەنووسی ئەو ناوچانەی کە ناکۆکییان لەسەر بوو بە تایبەت کەرکوك لەسەرەتاوە شاری کەرکوك گفتوگۆیان دەکرد نەوەك لەسەر دەوروبەرەکەی قبولیان دەرکرد کە باکووری کەرکوك کوردستانی بێت ، ( ی .ن .ك ) پێشنیاری دوو چارەسەری کرد یەکێك لەوانە وەفدی کوردی ئەی گووت با ئیدارەی سامانی سروشتی بەدەست ناوەندەوە بێت، بەلاَم ئیدارەی شارەکە بەدەست دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمیەوە بێت واتا شتەکە ناوچەییە نەك ستراتیجی ، چارەسەرێکی تر ئەوە بوو کە ئیدارەی شارەکە تێکەلاَو بێت بەلاَم بەغداد بە ئاشکرا رازی نەبوو لەسەر داواکاریەکانی کورد[3] . بەهۆی ڕێك نەکەوتن و ڕازی نەبوون بە داواکانی (ی.ن.ك )(لە 15 ی کانوونی دووەمی 1985)ز کۆتایی گفتوگۆی ڕاگەیاند[4] . لە سێدارە دانی بیست سەربازی هەڵهاتوو کە لە نێوانیان ئەندامی (ی.ن.ك )هەبوون و تەقەکردن لە خوێندکارانی خۆپیشاندەر و کوشتنی (مامە ڕیشە )فەرماندەی سەرەکی کوردستان لە لایەن جاشەکانەوە (16ی 6ی 1985)زئەمانە هۆکار بوون بۆ پێك نەهاتن و دەست پێکردنەوەی شەڕ و ململانێ[5]. ڕژێم لە ماوەی زیاتر لە ساڵێك لە گفتوگۆ نەك هەر بە ڕەسمی دانی بە گفتوگۆیەیەك دانەنا لەوەش خراپتر ئەوە بوو ڕژێمی بەعس هەر چەند بۆ ڕێکەوتنێ هەوڵی تیرۆر کردنی کادرانی (ی.ن.ك )داوە لەوانە (ملازم سەید

---

1 کریس کۆجیرا، بزوتنەوەی نەتەوەی کورد و ویستی سەربەخۆیی ، و/ حسن رستگار ،چابخانەی ڕۆژهەلاَت، هەولێر ، 2013 ، ل 97 – 98.

2 ئەحمەد رەفیق کریم ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 267 .

3 هەورامان کمال عبدالله تارق ، ناوچەی ململانێی لە نێوان کورد و حکومەتەکانی عێراق ، چاپخانەی حەمدی ، سلێمانی،2008 ، ل 58-59 .

4 نەوشیروان مستەفا ، محازەرەی بەرەی کوردستانی ...، ل 84 .

5 دیڤید ماکدادیل ، مێژووی هاوچەرخی کورد ، ل 756 .

کەریم ، سەفین مەلا، محەمەد عەرەب کەنەدی ، مامە ڕیشە )[1] . جگە لە گرنگی نەوت لە کەرکوك دوو گرنگی تری هەبوو :

1. کەرکوك کەوتۆتە ناوەڕاستی ناو جەرگەی ناوچەی باکوورەوە هەر لەبەر ئەوەشە حزبی بەعس کردبووی بە ناوەندی دەسەلاتی خۆی لە ناوچەی باکوردا ، شوێنی کەرکوك لە پاشەڕۆژدا دەبێتە ناوچەیەکی بازرگانی گرنگ .
2. دەشتەکانی مەرکوك بۆ پاشەڕۆژ ئەگەر بەرهەم بهێنرێت بۆ بواری گەنم و دانەوێڵە دەبێتە هۆی گرنگی زۆر بۆ میلەتی کورد [2] . سەدام حسێن مەترسی دەرئەنجامی هاوکاری نێوان ئێران و کوردەکانی کردبوو ناچار بوو بۆ بەهێز کردنی جاشەکان 50 هەزار کەس لە کوردستان جێگیر بکات لە سەرەتای 1983 . دانی نا بە ڕاکردنی 48 هەزار کورد لە خزمەتی سەربازی[3] . داخوازیە سەرەکیەکانی ی.ن.ك بریتی بوو لە :

داخوازیە سەرەکیەکانی (ی.ن.ك )بریتی بوو لە :

1. فراوان کردنی ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی بە شێوەیە :(کەرکوك ، خانەقین ، جەبەل شنگال ، مەندەلی )لە خۆ بگرێت.
2. ڕاگرتنی ( تەعریب ).
3. ئازاد کردنی زیندانیانی سیاسی .
4. لە بەر یەك هەڵوەشاندنەوەی (20000) هەزار جاش .
5. لابردنی پێشینەی ئاسایش کە بە درێژایی سنوورەکانی ئێران .

تورکیا دروستکراوە و تەرخانکردنی لە (30٪)ی داهاتی نەوت بۆ پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان[4]. لەساڵی (1986) زکۆمەڵێك لە ڕۆشنبیر و هونەرمەندان سەردانی تاڵەبانیان کرد پێشنیازیان کرد بوو کە ( ی . ن . ك ) دەست پێشخەری بکات بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ لایەنەکانی تر لە ئەنجامدا (بەیاننامەی 1986) زلێکەوتەوە لەلایەن (پ .د.ك ) و (ی .ن.ك ) دەچوو کە لەسەر چەند خاڵێکی سیاسی و سەربازی و ڕاگەیاندن ڕێکەوتن [5] . تاڵەبانی لەگەڵ (عەلی ئەکبەر رەفسنجانی ) سەرۆکی ئەنجوومەنی ئێران کۆبووەوە کە یارمەتی خۆی لە (پ.د.ك) ببڕێت لەساڵی (1986)ز ئێرانیەکان سووربوون کە بەریەکی تری شەڕ لە باکووری خۆرئاوای (کوردستانی عێراق) بکەنەوە

---

1 کاکل احمد ، یەکێتی و ململانێ ، چاپخانەی شەهاب ، هەولێر ، 2011 ، ل 73 .

2 هەورامان کەمال میرزا و ئەوانی تر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 60 .

3 دیڤید ماکداویل ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 572 .

4 دیڤید ماکداویل ، هەمان سەرچاوە ، ل 575 .

5 ئەحمد رەفیق کریم ، سەرچاوەی پێشوو ل 269.

بەمەستی بلاوەپێکردنی هێزەکانی عێراق (پ.د.ك) دارایی چەکی لە ئێران وەردەگرت ، بەمەبەستەی هێزەکانی عێراق لەبەرەی خوارو دووربخاتەوە سەرنجی عێراق بەرەو کوردستان ڕابکێشێت ، تائێران بتوانێ خەتی بەرگری بەرەو بەسرە تێك بشکێنێت و شەربەسەرکەوتن بگەیەنێت [1] . بەگشتی زۆربەی زۆری چەکدارە ئۆپۆزسیۆنەکانی کورد لایەنگری ئێران بوون [2] . (ی .ن.ك) هەوڵی ئەدا کە زەرەرێکی زۆر بە دامەزراوە نەوتیەکانی عێراق بگەیەنێت ، بەتۆپانەی کە ئێران پێی دابوون بۆیە پالأوگە نەوتیەکانی کرکوکی بۆردومان کرد چونکە سەرچاوەی سەرەکی داهاتی عێراق بوو[3]. لە (1986/11/7) دا (ئیدریس بارزانی ) و ( جلال تالەبانی )بەئامادەبوونی نوێنەری ئێران بەمەستی دروستکردنی هاوپەیمانیەك لە تاران کۆبوونەوە دوای مانگێك (ی.ن.ك) و (پ .د.ك) بۆ بەشداری کردن لە کۆنفرانسی حزب و کۆمەڵێ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەتاران چەند نوێنەرێکیان نارد لە (شوباتی 1987) زدا (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) پەیامێکی هاوبەشیان بلاوکردەوە ( بەرەی نیشتمانی ) یان ( بەرەی ئۆپۆزسیۆن)یان ڕاگەیاند لە ( ئایاری 1987)ز بەرەی کوردستانی دامەزرا کەپێکهاتبوو :( ی.ن.ك ، پ.د.ك ، پاسۆك ،حزبی شوعی ..هتد ) فەرماندەی هاوبەشیان دامەزراند بۆچالاکی سیاسی و فەرماندەیی[4]. دوای پێکهێنانی( بەرەی نیشتمانی ) ڕژێمی بەعس چەند تاوانێکی بەرامبەر کورد ئەنجامدا لەوانە ( ئەنفال ، کیمیا باران ، تۆپ باران کردن ، ڕاگوێزان )لەساڵی (1986) زو پێشتر کەتووبووە دروستکردنی هێزی (جاش ) یان فورسان کەژمارەیان گەیشتە (150000) و رەنگە نزیکەی (250000) کەس ئەبوون [5] . دوای لاوازبوونی ئێران لە ڕووی سوپاو داراییەوە ، ڕژێمی بەعس هێزی خۆی کۆکردەوە بۆ لێدان لە کورد . دەستی بە تاوانی بەدناوی ئەنفال کردو دواتر کورد ناچار بوو کۆرەو بکا ئاوارەی سنووری تورکیاو ئێران بوو دوای ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (بڕیاری 688) دەر کرد و ( ناوچەی ئارامی ) ڕاگەیاند ، ڕوودانی ڕاپەرینی گەلی کورد لە کوردستان لە (ئازاری 1991)دا هەل و مەرج کێشەی کوردی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عێراقدا، بردە قۆناغێکی نوێ جیاواز لە لە قۆناغ و باردۆخێکی پێشوو . جەماوەری کوردستان بەهۆی ئەنجامدانی کۆڕەوەوە توانیان شکستەکانی بەهاری ڕاپەرین بگۆرن بۆ سەرکەوتن لە ئەنجامدا لە (15ی4ی1991)زحکومەتی عێراقی ناچار بوو مفاوەزات لەگەڵ بەرەی کوردستانبدا بکات لە (18ی4ی1991)ز ڕادیوی ( BBC3 ) هەواڵی چوونی (جەلال تالەبانی ) وەکو وەفدی مفاوەزات بۆ بەغداد بلاوکردەوە[6]. یەکەمین خولی دانوستانی (1991) زلەنێوان کورد و عێراق لە کۆتایی (نیسانی 1991)ز لە بەغداد دەستی پێکرد لە نێوان دەسەلاتدارانی بەعس و وەفدێك لە گفتوگۆکەرانی کورد کە نوێنەرایەتی (بەرەی کوردستانی عێراق) یان دەکرد بەسەرکردایەتی (جەلال تالەبانی) بوو بە ئەندامێتی (ڕەسول مامەند ) سکرتێری گشتی پاسۆك و( نێچیرڤان بارزانی ) نوێنەری (پ.د.ك) ،

---

1 ئەحمد رەفیق کریم ، سەرچاوەی پێشوو ل 269.

2 هادي علي الشعب الكردي والسياسات الدولية في قرن العشرين، دار روشنبير السليمانية، 2008، ص 146.

3 هادي علي ، مصدر نفسة ، ص 146.

4 دیڤید مکداویل ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 738 – 739، هادى على ، مصدر نفسه ص 150

5 ئەحمەد رەفیق کریم ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 272.

6 هەورامان کەمال میرزا ، ئەوانی تر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 62.

7 کاکل ئەحەد ، سەرچاوەی پێشوو ،ل 89.

بەبەشداری هەموو گروپەجیاوازەکانی کورد لە رێگەی نوێنەرەکانیانەوە لە گفتوو گۆدا بەو مەبەستە بوو کە دەری بخەن کوردەکانن یەکگرتوون [1] کاتێك ووتوێژ دەستی پێکرد لە بەغداد (ی .ن.ك) و(پ.د.ك) بە پەرۆشتربوون بۆ ئەو وتوێژە ، بە پێی تەکتیکی (سەدام حسێن ) دەبوو فشاری ئابووری و سەربازی لەسەرکورد بەردەوام بێت لەکاتی وتوێژ لەگەڵ راپەرانی سیاسی کوردا تا ناچاریان بکا بگەرێنەوە باوەشی حکومەت [2]. پاش ئەوەی جەنگی ئێران کۆتایی هات رژێمی عێراقیش ببووە ژێر قەرزێکی گەورەوە ئابووریەکەشی داتەپی بوو نزیکەیی یەك ملیۆن سەربازی هەبوو کە بەو ئابوورییە تەپیوە بەرێوە نەدەبرا [3]. داگیرکردنی کوەیت رووداني ( گەردەلوولی بیابان) شکستی عێراق و رووداني راپەرینی (1991)زلە تەواوی پارێزگاکانی ( سلێمانی ، هەولێر، دهۆك ، کرکوك ) (سەدام حسێن) ناچاربوو نامە بنێرێت بۆ (جەلال تاڵەبانی ، مەسعود بارزانی ) داوای دەست پێکردنی گفتووگۆی کرد [4]. لە پایزی (1991) زکاتێك بەغداد ئابلوقەی ئابووری خستەسەر ناوچە کورد نیشینەکان (مەسعود بارزانی) گفتووگۆی وەستاند بەلاّم لە هەمان کات (پ.د.ك ) رایگەیاند ئامادەنیە بچێتە سەر مێزی گفتووگۆ کاتێك میری ئەو ئابلۆقەیە دەوستێنیت و مووچەی زۆربەی کارمەندە کوردەکانی باکور وەستێنرا . فەرمانبەرە گەورەکان وەك پارێزگارو پاشماوەی سوپای عێراقی لەگەڵ دەستپێکردنەوەی ئابلوقە ئابوورییەکەدا ناوچەکەیان جێهیشت و موچە و خانەنیشنی و گشت پرۆژە خزمەت گوزارییەکان و گشتیەکانی ئەو ناوچانە وەستێنران. [5]

لە دیاریترین خاڵەکانی دانوستانی (1991) ز دیاریکردنی سنووری ناچەی ئۆتۆنۆمیەوە لایەنی رژێم سووربوون لەسەر مانەوەی کرکوك لە دەرەوی سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەگەڵ شارەکانی شەنگال و خانقین و مەندەل و بە بیانووەی شاری ستراتیجین [6]. (سەدام حسێن) ئەو کات درکی بەوە کردبوو کە لە کاتی لاوازی پێویستە لەگەڵ کورد رێکبکەوێت [7]. حکومەتی عێراق بە وەفدی (بەرەی کوردستانی)ی راگەیاند کە ئێمە ئامادەین بۆ هەموو جۆرە گفتووگۆیەك لەسەر مافە نەتەوایەتییەکانی کورد و رێکخستنی پەیوەندی کورد و حکومەتی عێراق جگە لە حیابوونەوە لەبەرئەوەی وەفدەکە باسیان لەوە کردبوو کە دەستەواژەی ئۆتۆنۆمی سەرکەوتوونییە پێوستە پەنا ببرێتە بەر( فیدرالیەت) [8] دانوستانی نێوان حکومەتی عێراق و شاندی کوردی بەردەوام بوو تاوەکو شوباتی (1992) زبەردەوام بوو زۆر جەخت کرابوو لەسەر ئەم خالأنە: (دیموکراتیەت لە عێراق ،مافی مرۆڤ لە عێراق ، مافی کورد ، ئاسایی کردنەوەی باردۆخی هەرێمی کوردستان )هۆکاری رێکەنەکەوتنی بزتنەوەی کوردی و حکومەتی عێراق

1 هەورامان کەمال میرزا و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو ، ل 62.

2 کەمال مزهر ، کوردو کوردستان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 579.

3 هادی علی ، مصدر سابق ، ص 172 – 182.

4 نەوشیروان مستەفا ئەمین ، مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی –بەعس (1991) رۆژنامەی رۆژنامە ، بەشی یەکەم ، ژمارە (150)، 2008/2/3 سلیمانی ، ل4-5 .

5 کەمال مەزهەر ، سەچاوەی پێشوو ، ل579 .

6 ئەحمد رەفیق کریم ، سەرچاوەی پێشوو ،ل380.

7 کەمال مەزهەر، کورد و کوردستان ، ل578.

8 هەورامان کەمال میرزا و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو ، ل 63.

دیارنەکردنی سنووری نێوان هەرێم و عێراق و چارەنووسی کرکوك بوو [1] لە گفتوگۆی (1991)زحکومەتی عێراق هەمان سیاسەتی پێشووی پەیڕەو کرد سەبارەت بە هەڵوێستی بەرامبەر کەرکوك لەبەرئەوەی لە دانووستانەکانی پێشوو ئەم ناوچەیە ناوچەی ناکۆك بووە لە نێوان هەردوولا نەتوانراوە ناسنامەی دەست نیشان بکرێت [2] .لە کاتێك دا کە ( ی.ن.ك)ئامادەی بەردەمی دان بە نەبووە بە دانوستان گفتو گۆ و هەروەها (پ.د.ك) ئەیویست درێژە بە گفتوگۆ درێت بە رەچاوکردنی بارودۆخی کورستان . بەلاَم (ی.ن.ك) هەنێك لەئەندامای (پ.د.ك) دژ بەبەردەوامی دان بە گفتوگۆ بوون لەکۆتایی حوزەیرانی (1991) زبەغداد داخوازییەکانی زیادکرد بەڕادەستکردنەوەی چەکی قورس و ڕاگرتنی ڕادیۆکانی (بەرەی کوردستانی ) بچڕاندنی هەموو پەیوەندییەکانی بەرە لەگەڵ ئێراندا (سەدام حسێن )دوای کرد ڕابەرانی بەرە بچنە ناو حکومەتەوە[3] بەغداد وەلاَمی داخوازییەکانی بەرەی کوردستانی نەدایەوە بە وەرگرتنەوی ( کرکوك ، خانقین ، مەندەلی ) بەرەی کوردستانی ئامادە نەبوو ئەم مامەڵەیە قبولّ بکات ڕاگەیاند ئامادەیە کۆنترۆلی نەوت بەرامبەر بە بەرێوەبردنی شاری کرکوك لایەن کوردەکانەوە بدات بە حکومەت[4]. لەمانگی (ئەیلول و تشرینی یەکەم ) چەند شەڕو رووبەروونەوەیەك روویدا لە نێوان بزتنەوەی رزگاری خوازی کوردی و حکومەتی لە ناوچەی (کەلار و کفری و کرکوك) لەکۆتایی تشرینی یەکەمی (1991)ئابلوقەی ئابووری خستەسەر کوردستان لە (تشرینی دووەم )پێکدادان زۆر تر بوو لە هەولێر لەدوای ئەم رووداوانەی لە(19ی5ی1991)ز هەڵبژاردنی گشتی کرا لە کوردستان کە ڕووداوێکی گرنگی مێژووی خەباتی بزتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردی بوو [5]. لەکاتی دانوستانەکانی نێوان بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردی و حکومەتی عێراق ، (بەرەی کوردستانی ) ڕای جیاوازیان هەبوو کە (ی.ن.ك) (پ.د.ك) بوون بەرەی (پ.د.ك) پێی وابوو ئەبێت دانووستان بەردەوام بێت بەلاَم بەرەی (ی.ن.ك) بەسەرکردایەتی (جەلال تالەبانی ) پێی وابوو چیتر پێویست ناکا دانووستان بەردەوام بێت چونکە لایەنی عێراق هەنگاوی جدی نەناوە بۆکارکردن لەسەر کێشەی کورد و کرکوك .دیاریترین شت کە لەم لە دانوستانەیە رووی دابێت دەستێوەردانی نەتەوەیەکگرتووەکانە و بلاَوکردنەوەی هێزو دامەزراندنی (بنکەی ئەنجەلیك ) ە و هەروەهادیاری کردنی سنووری (ناوچەی ئارام ) و (دژە فڕین ) لەعێراق بە پێی (بڕیاری 688) [6]. مەسەلەی کەرکوك زۆر گفتووگۆی لەیار بردووە وەکو مەسەلەیەکی چارەسەر نەکراو مابووەوە بووە هۆی نەگەیشتنە ئەنجام لەگەڵ (سەدام حسێن ) [7] . کاتێك ناکۆکییەکان لە نێوان سەانی (بەرەی کوردستانی ) و حکومەتی عێراق بووە هۆی شکستی دانوستانەکان و حکومەتی عێراق دەست پێشخەری کرد بۆ کشانەوەی دام و دەزگا حکومییەکان و دادگان و سەربازییەکان ،بۆشایی کارگێری و ئابووری گەورەی دروستکرد و ئابڵوقەی ئابووری دانا لەسەر ناوچە کوردییەکان بەم هۆیە کوردستان کەوتە ژێر دوو ئابڵوقەی ئابووری ،ئابلوقەی

1 یاسین اشور جوهر ، مصدر سابق ، ص 220.
2 هەرامان کەمال میرزا ، ئەوانی تر . سەرچاوەی پێشوو ، ل 64.
3 ئەحمەد ڕەفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل 281.
4 هەورامان کەمال میرزا ، ئەوانی تر ، سەرچاوەی پێشوو ،ل 65.
5 دەیڤید ماکداویل، سەرچاوەی پێشوو، ل 65.
6 یاسین اشور جوهر ، مصدر سابق ، ص 220.
7 هەورامان کەمال میرزا ، ئەوانی تر ، سەرچاوەی پێشوو ،ل 65.

نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سەر عێراق ئابلوقەی عێراق بۆ سەر کوردستان ، حکومەتی عێراق هەوڵی دا کە بەرەی کوردستانی ناچار بکات بۆ گفتووگۆ کردن و ڕازی بوون بە ڕێکەوتن دروستکردنی فشاری زیاتر بۆ ئەم مەبەستە تاوەکو کورد ڕازی بکات بە ڕێکەوتن [1]. لەتەواوی ئەو دانووستانانەی کە لە نێوان سەرکردایەتی سیاسی کورد و دەسەڵاتدارانی عێراق بەستراوە بە درێژایی مێژوو ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هۆی ڕێکنەکەوتنی کورد تەنها لەسەر ناوچە سنوورییە ستراتیجییەکان بووە وەك (کرکوك ، خانقین ،مەندەلی ،شەنگال ....هتد) [2]. لەتەواوی دانووستانەکان و گفتووگۆکانی نێوان بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردی حکومەتی عێراقی ناوچە جێناکۆکەکان بەتایبەت کەرکوك خاڵی گرنگی کێشەکان بووە هەردوولا ئامادەنەبوون دەستی لێهەڵگرن یا دەستبەرداری بن چی حکومەتی عێراقی چی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردی هەردوولا ئامادەنەبوون سازش لەسەر کەرکوك بکەن چونکە کەرکوك لەڕووی نەتەوەی جوگرافی و ئابووری و ستراتیجی گرنگە بۆ هەردوولا، یاساکانی بەڕێوبردنی دەوڵەتی تائێستا ئەوناوچانەی دیاری نەکردووە کە مایەی ململانێ و کیشەن لە نێوان کورد و حکومەتی عێراقی،سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان هەمیشە جەختیان کردۆتەوەبەسەر ناوچەی جێ ناکۆك و ئەو ناچانەی کە لەخاکی کوردستان دابڕاون و حکومەتی عێراق ئامادەنەبووە بیخاتە سنووری کوردستان ، سەرکردایەتی شۆڕشی کورد ئاشکرا ووتوویەتی کە دەستبەرداری ئەو ناوچانە نابێت بەتایبەت کرکوك[3]. دیارە ئاڵوگوری بیروڕا لە ئامرازە شارستانیەکانی چارەسەری کێشەکانە ماف دانە بەلایەنەکان بۆ دەربرینی ڕای خۆیان بدرکێنن بەتایبەت لە بابەتێکی ئاڵۆز و پر مشتومڕی وەك کێشەی کرکوك کە لەکۆمەلێك نەتەوە و ئاینی جیاواز پێکهاتووە ، کە چارەسەر کردنی ئەبێت بە پێی دەستوور و یاسا بێت ناوچەی جێ ناکۆك و وەك لە ناوەکەی دیارە ئەو ناوچە ئەبێتە مایەی کێشەو ململانێی نێوان دوولایەن یا دوو دەسەلآت و ناوچەی جێ ناکۆك لە نێوان کوردستان و بەغداد چەند یەکەیەکی ئیدارین سەربە پارێزگای کرکوك و موسڵ و دیالە و کوت ئەم ناوچانە هۆکاری سەرەکین بۆ شکست هێنانی دانووستان و گفتووگۆکان .لەوانە دانووستانەکانی نێوان بزتنەوەی رزگاری خوازی کوردی و حکومەتی عێراقی لە (ڕێکەوتنامەی 11ی ئازار).[4] دانوستانەکانی (1984) زو (1991) زیەکێکە لە کێشە هەرەگرنگەکانی نێوان حکومەتی عێراقی شۆڕشەکوردییەکان سنووری جوگرافی هەرێمی کوردستان بوو ، کە هەمیشە حکومەتەکانی عێراق هەوڵی بچووکردنەوی سنووری کوردستانیان داوە [5] .کێشەی کەرکوك سەردەمانێکە بە ئاڵوزی و چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە و حکومەت و رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق هەوڵی جدیان نەداوە بۆ چارەسەکردنی کێشەکە ئێستاشی لەگەڵ دابێ بەم شێوەیە دانووستانەکانی ساڵی (1984) زو (1991)زنەیانتوانیووە کێشەی کرکوك بن بڕبکەن و چارەسەری دەستووری بۆ بدۆزنەوە ...

---

1 یاسین اشور جوهر، مصدر سابق ، ص 220.

2 سیروان عدنان، خوێندنەوەیەك بۆ برگەوبابەتەکانی دەستووری کاتی دەولەتی عێراق، گۆڤاری گولان ،سلێمانی ،ژ.13،2004/5/484،ل 15.

3 هەورامان کەمال میرزا ، ئەوانی تر ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 66 – 67 .

4 هەورامان کەمال میرزا ،ئەوانیتر ، هەمان سەرچاوە ، ل 16.

5 هەورامان کەمال میرزا ،ئەوانیتر ، هەمان سەرچاوە ، ل 67.

# باسی سێیەم:

## گرنگی پارێزگای کەرکوك بۆ کورد :

گەر لە ڕووی نەتەوەیەوە لە پارێزگای کەرکوك بڕوانین ئەبینین کە لە زۆرینەی سەرژمێریەکان نەتەوەی کورد زۆرترین ڕێژەی دانیشتوان پێکدێنێت لە کەرکوك و لە گەڵی کورد بە هەمان شێوە و عەرەب و تورك و ئاشووری و کلدانیش لەم ناوچەیەدا نشتەجێبوون بە ئاشتی ژیاون ئەوەی کە لەم ناوچەیەدا گرنگە بۆ کورد مەسەلەی گرنگی نەتەوەیی نییە . بەڵکو کێشەی سنووری و خاکە لە نێوان بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردی و حکومەتی عێراقی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی دوور و درێژی ململانێ و دژایەتی لە نێوان کورد و عەرەب کە کورد هەردەم نەیویستوە سازش لەسەر کەرکوك بکات و دەست بەرداری بێت. ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێك لەوانەش گرنگی ئابوورییەکەی کە کەرکوك دەوڵەمەندە بە کانزا و سامانی سروشتی وەك ( نەوت و غاز ) و خاوەن ژێر خانێکی ئابووری گرنگە و خاوەن ژمارەیەك بیر و کێڵگەی نەوتیە لەوانەش : ( بابە گورگور ، چەمە بۆر ، بای حەسەن ، گلابات، کوڕمۆر ، چەمچەماڵ ، قەرە چۆخ ، .... هتد )[1] . هەر لە ساتە وەختی دامەزراندنی شانیشینی عێراق لە (1921)ز ململانێی کورد و عەرەب بە زقی دەست پێدەکات لەسەر نەوتی کەرکوك ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ پێگە جوگرافیەکەی و سامانە سروشتیەکەی بۆیە هەردەم کەرکوك جێگای ناکۆکی سیاسی بووە لە سەردەمە مێژوویەجیاوازەکان دۆزینەوەی نەوتی ڕەش کاریگەری خراپی هەبووە لەسەر نەخشەی سیاسی و جیۆ پۆلەتیکی کەرکوك[2] . هۆکاری یەکەمی بە عەرەب کردنی کەرکوك لە سەردەمە جیاوازەکان بۆ گرنگی ئابوورییەکەی ئەگەڕێتەوە . ئابووری تۆلەکەی هەر شوێن و ناوچەیەکە و بالآنسی ڕاگرتنی ڕوزوداوەکانە ، ڕێگا خۆشکەرە بۆ سەقامگیری هەموو بوارەکانی ژیان کەرکوکیش لەبەر ئەوەی لە تەرازووی ڕووداوەکان لاسەنگە بۆیە هەردەم لە هەڵدێری ڕووداوە مێژوویی و سیاسیەکان چەواشە بووە و ئابوورییەکەشی قوربانی دەستی ئەو لاسەنگیە بووە . لە ئەنجامی لێکۆلینوەی جیۆ لۆجی و جوگرافیەکان لە سنووری پارێگای کەرکوك دەرکەوتووە کە چەند عەمبارێکی گەورەی نەوتی تێدایە کە بوەتە سەرمایەیەکی ستراتیژی و سروشتی و بایەخێکی زۆر بۆ کەرکوك . دۆزینەوەی نەوت لە کەرکوك ئەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاە سەدەی بیستەم بە تایبەت پاش مۆر کردنی ئیمتیاز بۆ کۆمپانیای نەوتی عێراق لە ساڵی 1925 پاشان دەست کرا بە گەڕان و پشکنین لە ناوچەی (پەلکانە ) و ( دوزخورماتوو ) تاوەکو یەکەمین بیرە نەوت ل 1927 بەناوی بیری ژمارە یەك دۆزرایەوە[3] . مێژووی ململانێ لەسەر نەوتی کوردستان و بەتایبەت کەرکوك ئەگەڕێتەوە بۆ پێش مێژووی خستنە پاڵی ( کوردستانی باشوور) بە دەوڵەتی عێراقەوە[4] . نەوتی کەرکوك بۆ یەکەم جار لەڕێگەی بۆریەوە لەساڵی (1934)ز نێردرایە دەرەوە لە ڕێگەی (تەرابلوس و حەیفا) هەردووکیان لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست دواتر بۆری حەیفا داخرا لە لایەن حکومەتی

1 تاریق کاکە ڕەش ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ل 58 – 66 .

2 سمکۆ بەهرۆز ، گۆڕانە ئابووریەکانی کەرکوك ، چاپخانەی سەنتەری بیر و هۆشیاری ( ی.ن.ك) ، سلێمانی ، 2009 ، ل 11 .

3 تاریق کاکە رەش ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 42 .

4 فواد حەمە رەشید ، سەرچاوەی پێشوو ، ل 109 .

عێراقەوە کە بە ئیسرائیل دا تێئەپەڕی و گواسترایەوە بۆ سوریا لە (1935) ز [1]. سەبارەت بە گرنگی کەرکوک بۆ کورد و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردی نەتەوەیەکە ئەم شارە لە دێر زەمانەوە کوردستان بووە و مێژوویەکی دێرینی هەیە ئەم ناوچەیە لە مێژووی کۆن کوردیە ( ئاریفا ) بەناوبانگ بووە لە سەردەمکە جیاوازەکان گرنگی و بایەخی خۆی هەبووە . کەرکوک پارچەیەکی گرنگی کوردستانە یەکێکە لە شارە هەرە گرنگەکانی کوردستان و مێژووی دروست بوونی کەرکوک بۆ سەردەمی چاخی بنەماڵەکان ئەگەڕێتەوە هیرۆدۆتی یۆنانی لە گەشتەکەیدا ناوی هێناوە هەر لە دێر زەمانەوزە کورد لە کەرکوک نشتەجێبووە بۆیە لە ڕووی مێژووی و نەتەوەیەوە گرنگی بۆ کورد هەیە و هەمیشە سەرانی کورد بە گرنگیەوە لێیان ڕوانیوە خوا لێخۆشبوو (مەلا مستەفا بارزانی )بە دڵی کوردستان ناوی بردوە کەرکوک هەمیشە لە دانوستان و گفتوگۆکانی خاڵی گرنگ و لە پێشینە بووە و کورد هەمیشە پێداگر بووە لە سەر بەدەست هێنانی کەرکوک لە سەردەمە جیاوازەکان . دوای هاتنی داگیر کەری ئۆروپی بۆ ناوچەکە هەمیشە هەوڵدراوە کە کەرکوک کۆنترۆڵ بکرێت هەمیشە داگیر کەران و حکومەتی یەك لە دوای یەکەکانی عێراق هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی کورد بوونی کەرکوکیەکانیان داوە ڕێگر بوون لەوەی کە کورد حوکم داری بکات بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەش هەر گرنگی و بایەخی ایبەتی بۆ کورد هەبووە . لە تەواوی سەردەمەکان بۆ کورد گرنگی و پیرۆزی خۆی هەبووە و سەرکردەکان بە گرنگیەوە ناوی کەرکوکیان هێناوە و بە سنورە کوردستانیان زانیوە و ئەمە لە کاتێك دایە کە ( پول بریمەر ) نوێنەری ئەمریکا لە عێراق وەڵام جەلال تالەبانی ئەدایەوە کاتێك ئەڵێت کەرکوك قودسی کوردستانە لە وەڵامدا بریمەر ووتی: "تەنها یەك قودس هەیە ئەویش لە فەلەستینە"، لەگەڵ ئەوەی نەوت بۆ زۆربەی وڵاتان نعمەت و خێر و خۆش گوزەرانیە بەڵام بۆ کورد و ڕۆڵکانی مایەی ڕاگوێزان و ئەنفال و بەعەرەبکردن و دەربەدەرکردن و کوشتن بوو گرنگی ئابووری کەرکوک بۆ کورد زۆرە و ژێر خانێکی ئلبووری گرنگە کورد و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردی و بە هێز بوونی پێگە ئابووری سیاسیەکەی لە ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست . گرنگیەکی تری کەرکوک بۆ کورد بایخەکەیەتی لە ڕووی بازرگانیەوە کەرکوک دەوڵەمەندە بە بەرهەم هێنانی بەروبوومی کوشتوکاڵی و سامانی ئاژەڵی بایەخی بازرگانی کەرکوک و بازاری کەرکوک ئەگەڕبێتەوە بۆ گرنگی شوێنی جوگرافی کەرکوک کە ئەکەوێتە نێوان هەردوو هەرێمی شاخاوی و دەشتی [2].

هەروەها گرنگیەکی تری کەرکوك ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەرکوك ئەکەوێتە سەر ڕێگای گواستنەوەی ووشکانی ( بەغداد – کرکوك – موسڵ ) کە یەکێکە لە ڕێگا نێو دەوڵەتیە گرنگەکان درێژییەکەی (485) کم کە هاتوچۆیەکی زۆری لەسەرە [3] . گرنگیەکی تری کەرکوك ئەوەیە مەڵبەندی ژیان اە مێژینە بووو و باو باپیرانی کورد لە دێۆر زەمانەوە لەم ناوچەیە ژیاون و نیشتەجێبوون لە سەردەمە جیاوازەکان رەگەز و نەتەوە و گەلی جیاواز هاتوونەتە کەرکوك لەگەڵ ئەوەش دا بە درێژایی چەندان هەزار ساڵ هەر دانیشتوانی ناوچەکە کورد بوون و کورد نیشین بووە.

---

1 محمد سعید صۆفی ، کەرکوك لە مێژوودا ، چاپخانەی کارۆ ، سێمانی ، 2014 ، ل 315 .

2 بەختیار سەعید شوانی ، کەرکوك لە سەدەی نۆزدەهەمدا ، چاپخانەی بیر و هۆشیاری ، سلێمانی ، 2009 ، ل 183.

3 احمد عبد باقی و اخرون، جغرافیة العراق و بلاد العربیة ، طبعة رابعة ، مطبعة السعدی ، بغداد ، 1954 ، ص 86.

ئاوەدانی لە سنووری پارێزاگای کەرکوك بۆ هەزاران ساڵ بەر لە زایین ئەگەڕێتەوە و چەندان ناوچەی شوێنەواری لە خۆ ئەگرێت لەوانەش ( گوندی چەرمۆ ) کە یەکەمیتن گوندی کوشتوکاڵیە و ئەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی نوێ و ژمارەیەك شوێنەوار و چاشماوەی تێدا دۆزراوەتەوە هەروەها شوێنەواری ( بەردە بەلەکە ) کە چەندان پاشماوەی تێدا دۆزراوەتەوە [1] . مێژووی ژیان و ئاوەدانی لە کەرکوك ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ( لۆلۆیی و گۆتیەکان) توانیویانە بۆ ماوەیەکی زۆر لە کەرکوك نشتەجێبن ئەوانەی وەك داگیر کەر هاتونەتە کەرکوك حوکم کردنیان کاتی بووە هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای کەرکوکیان داوە بەلاّم سەرنەکەوتوون نەیانتوانیەوە ناسنامەی کوردستانی بوونی کەرکوك بسڕنەوە کەرکوك لە هەموو کات و سەردەمەکان بۆ کورد گرنگ و جێی بایەخ بووە .

ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ پێگە جوگرافی و شوێنە ستراتیژییەکەی و سامانە سروشتییە زۆرەکەی بە تایبەت (نەوت و غاز)و هەبوونی مێژوویەکی دێرین لە ئاوەدانی و خاوەنداریێتی کردن لە لایەن کورد و باب و باپیرانی کوردەوە هەروەها بوونی زەوی کوشتوکاڵی زۆر و هەروەها هەبوونی ژمارەیەك شوێنەوار لەوانە: ( قەلاّی کەرکوك ، قشڵەی کەرکوك ، تەکیەی تالەبانی .....هتد ) چەندانی تر کە دەسەلاّتی کوردی ئەتوانێ سوودی لێببینێت وەك لایەنی ئابووری گرنگ و ژێر خانێکی گرنگ و شوێنەوارەکان وەك جێگای گەشتیاری بەکار بهێنرێت و هەروەها سامانە زۆرە کانزایی و کشتوکاڵەکەشی بۆ بواری بازرگانی بەکاربهێنێت . لە تەواوی دانوستانەکان کەرکوك و نەتەوەکەی هۆکارە بزوتنەوەی ڕزگاری وازی کورد و حکومەتی عێراقی بە تایبە لە نێوان ساڵانی (1975 – 1991) زکە ماوەی نوێژینەوەکەی ئێمەیە . هەمیشە سەرانی کورد پێداگری لەسەر ئەوە ئەکەن کە کە کەرکوك شارێکی کوردی نیە بەڵکو کوردستانیە لە وتارەکانیان ئاماژە بەوە دەکەن کە کەرکوك شارێکی مێژووییەو لە دێر زەمانەوە کوردی تیا ژیاوە . کورد ئەوە دوو پات دەکەنەوە کە زەحمەت و مەینەتی زۆریان بینیوە لە پێناو کەرکوك لە کاتی دانوستان و گفتو گۆ چەندان جار داوای کەرکوکیان کردوە بەلاّم لە لایەن ڕژێمە یەك دوای یەکەکانی عێراقەوە دژایەتی کراون و بەرهەڵستی کراون و ناچار کراون بگەڕێنەوە بۆ خەباتی چەکداری . کورد پێیان وایەگرنگی کەرکوك ئەوەیە کە ناتوانن بێ کەرکوك حوکمی وڵاتێك بکەن و سەربەخۆیی ڕابگەێنن ئەگەر کەرکوك نەبێ ناچارن پشت بە وڵاتانی دراوسێیان ببەستن بەلاّم بە کەرکوك و کێڵگە نەوتیەکانیەوە ئەتوانن ببنە خاوەن ئابوورییەکی پتەو و سەربەخۆی سیاسی دەستە بەر بکەن [2]. ئەمانە هەمووی گرنگی و بایەخی کەرکوکن بۆ کورد .

## ئە نجام

---

1 محمد علی کەریم ، ڕێبەری شوێنەوارەکانی گەرمیان ، چاپخانەی بەڕێوبەرایەتی گشتی شوێنەواری گەرمیان ، کەلار ، 2014 .

2 گرووپی قەیرانە نێودەوڵتیەکانی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست ، عێراق و کورد جەنگی یەك لاکەرەوە لەسەر کەرکوك ، و/ عباس مستەفا ، چابخانەی سەردەم ، سلێمانی ، 2009 ، ل 12 – 17 .

1- مێژووی ئاوەدانی و ژیان لە کەرکوك ئەگەڕێتە بۆ پێش مێژوو و مێژوویەکی پرشنگدار و دوور و درێژی هەیە.

2- بە پێی زۆرینەی سەرژمێرییەکان لەکەرکوك زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن .

3- کەرکوك ناوچەیەکی گرنگ و ستراتیجی بووە لە نێوان بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردی و حکومەتی عێراق .

4- دۆزینەوەی نەوت لە کەرکوك هۆکارێك بووە بۆ تەعریب و ڕاگواستن و ئەنفال و کوشتار و ماڵ وێرانی و دەربەدەری بۆ کورد.

5- لە شاڵاوی تاوانی ئەنفالی سێیەم و چوارەم کەرکوك ڕووبەڕووی زۆرترین زیانی گیانی و ماددی بۆتەوە .

6- لە دانوستانەکانی ساڵانی (1984)و (1991) کەرکوك خاڵی گرنگی نێوان بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردی و حکومەتی عێراق بووە .

7- کێشەی کەرکوك هەمیشە گرێ کوێرە بووە کە هەوڵەکانی چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە عێراق توشی شکست کردوە ئەزموونەکانی (1975 – 1983 ) و ( 1984 – 1991 ) ئەو ڕاستیە ئاشکرا دەکەن.

# لیستی سەرچاوەکان

*.كتێبە ئاسمانیە كان

1.القران الكريم، سورة الانفال، الاية 1

*نامەی ماستەر و دکتۆرا

1 دڵشاد محمود ، کەرکوك ، لێکۆلینەوەیەکە مێژووی دەربارەی رۆڵی سیاسی و رۆشنبیری 1932 – 1958 نامەی ماستەری بلاڵو نەکراوە زانکۆی سەلاحەدین ، کۆلیژی ئاداب ، هەولێر 2006.

2- یادگار عبداللە هەماوەندی ، ڕەهەندە سیاسیەکان زانکۆی ی پرۆسەی ئەنفال لە هەرێمی کوردستانی عێراق ، نامەیەکی ماستەری بلاڵونەکراو ، پێشکەشی کۆلێژی زانستە کۆمەلایەتیەکان کراوە، کۆیە ، کۆیە 2008.

3. ياسين ئاشوور جوهر، اداء النخبةالسياسية في اقليم كوردستان العراق ، 1991 -2003 ،أطروحة دكتورا غير منشور، مقدمة الى جامعة النهرين، بغداد، 2016.

4. جزا توفيق طالب، المقومات جيوبولتيكية للامن القومى في إقليم كردستان ،أطروحة دكتوراغيرمنشور، مقدمة الى الجامعة سليمانية، سليمانية، 2006.

*سەرچاوە کوردییەکان

1. ئاراس عبدالرحمن ، راپەرینی ئاداری 1991 لە باشووری کوردستان ، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ، 2009.

2. ئەحمەد باوەڕ ، مێژووی هاوچەرخی عێراق 1914 – 1968 ، چاپخانەی کارۆ ،سلێمانی، 2018.

3. ئەحمەد رەفیق کریم ، ناوچە دابراواەکانی هەرێمی کوردستان ،چاپخانەی سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان ، سلێمانی ، 2014.

4. بەختیار سەعید شوانی ، کەرکوك لە سەدەی نۆزدەهەمدا ، چاپخانەی بیر و هۆشیاری ، سلێمانی ، 2009 .

5. بەختیار سەعید محمود شوانی، کەرکوك لە سەدەی نۆزدەدا، زانکۆی صلاالدین، هەولێر.

6. بشیر صادق، ناوچە جێناکۆکەکان، چاپخانەی رۆی ،بەغداد ،2016

7. پشکۆ حەمە تاهیر ئاغجەلەری ، شاری کەرکوك لە نێوان سالانی 1957 – 1977، چاپخانەی سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2015.

8..پشکۆ حمە تاهیر ئاغجەلەری ، راپەرینی کەرکوك . چاپخانەی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی ن ك ) سلێمانی 2004.

9.پشکۆ حمه تاهیر ئاغجەلەری ، شاری کەرکوک لە نێوان ساڵانی 1917 – 1926 ، چاپخانەی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی ن ك ) ، سلێمانی 2007 .

10.. تارق کاکە ڕەش، بایەخی جیۆپۆلۆتیکی نەوتی پارێزگای کەرکوك ، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی مەحوی ، سلێمانی، 2009.

11. تەحسن نامیق ، کەرکوك ئاوڕێك لە رابردوو دیدێك بۆ ئایندە ، چ1 ، چاپخانەی حەمدی ، سلێمانی 2010.

12. جەلال جەوهەر عزیز ، کەرکوك لە پاکتاوی ڕەگەزیەوە بۆ سەر دەستوور ، بێ شوێن و چاپ و چاپخانە 2008.

13. جمال خورشید، کەرکوك و ناوچەی گەرمیان ، چاپی1، چاپخانەی خانی ،دهۆك 2008

14. حەمید عەبدوڵڵا ساڵح، سیاسەتی تەعریب لەشاری کەرکوك ، چاپخانەی سنتەری لیکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان ، سلێمانی ، 2008.

15. دیڤید ماکداویل ، مێژووی هاوچەرخی کورد ، و / ئەبوبکر خۆشناو ، چاپخانەی روون ،سلێمانی 2002.

16.ڕەفیق شوانی، کێشەی کەرکوك و چۆنیەتی چارەسەرکردنی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، 2007.

17. ڕێباز ، قەندیل بەغدادی هەژاند ، بەرگی 1 ، چاپی 1 ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ، 1993 .

18. زانا فەقێ ، پارتی سۆشیالیستی کورد، پاسۆك (1975 – 1991) بەبێ شوێن و چاپ و ساڵی چاپ.

19. سەروەر عبدالرحمان ، یەکێتی نیشتمانی کوردستان دامەزراندن و دەست پێکردنەوەی شۆرش 1975- 1976 ،چاپی 1 ، چاپخانەی تەها، سلێمانی، 2002.

20. س.ج. ئەدمۆندیز ، کورد و تورك و عەرەب ، و/ حامد گەوهەری ، چاپی 3 ، چاپخانەی بەڕێوبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری ، هەولێر ، 2004.

21 سمکۆ بەهرۆز ، گۆڕانە ئابووریەکانی کەرکوك ، چاپخانەی سەنتەری بیر و هۆشیاری ( ی.ن.ك) ، سلێمانی ، 2009.

22 سمکۆ بەهرۆز محمد ، ئەرابخای دەوڵەتی کوردەواری لە مێژوودا ، بەرگی یەکەم ، چاپەمەنی ئەزمەر ،سلێمانی ، 2004.

23. سنوور سەباح، مێژووی سیاسەتی بەعەرەبکردن لە پارێزگای کەرکوك 1963-1991، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، 2009.

24. شاخەوان شۆرش ، پاکتاوی رەگەزی کەرکوك و ئەگەری دەست تێوەردانی مرۆڤانە ، سلێمانی، 2003.

25. شرف الدین عبدالرحمان ، یەکێتیانە ، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی ، کەرکوك 2011.

26. شۆرش حاجی، ئەنفالی کورد و دەوڵەتی عێراق ، چاپی2 ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی 2003 .

27. شۆرش حاجی ، تەعریبی کەرکوك ، چاپخانەی شڤان ،سلێمانی ، 2004 .

28. عدالەت عمر، ئەنفال و ئافرەتی کورد ، دەزگای ئاراس ، هەولێر، 2003

عدنان کاکە ڕەش ، کەرکوك بۆ مێژوو دەدوێت ، چاپخانەی سەنتەری بیرو هۆشیاری ( ی ن ك) سلێمانی 2007.

29. غەفور مەخموری ، بەعەرەبکردنی کوردستان ، چاپخانەی دارا ، هەولێر، 2002 .
30. فەرید ئەسەسەرد، ئەنسكلۆپیدیای یەکێتی ، چاپی دووەم ، چاپخانەی ئەکادیمیایی هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران ، سلێانی، 2013
31. فوئاد حەمە خورشید، کەرکوك لە بەلگەنامەکاندا ، و/ نەریمان عبدالله ،چاپی1 ، چاپخانەی منارە، هەولێر، 2007.
32. کاکل احمد ، یەکێتی و ململانێ ، چاپخانەی شەهاب ، هەولێر ، 2011.
33. کریس کۆجیرا، بزوتنەوەی نەتەوەی کورد و ویستی سەربەخۆیی ، و/ حسن رستگار ،چابخانەی ڕۆژهەلأت، هەولێر، 2013..
34. کمال مەزهەر ، کورد و کوردستان ،چاپی2، چاپخانەی گرین گلۆری ، لوبنان ، 2009 .
35. کەنعان مەکیە ، دلرەقی و بێ دەنگی ، جەنگ و ستەمکاری و راپەرین لە جیهانی عەرەبیدا و/ حەمە رەشید، چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، 2005.
36. کۆمەلێك لە ئەفسەران و پسپۆرانی سیاسی ئینگلیز، کوردو کوردستان ، و / حسین عوسمانی و ئەوانی تر ، چ اپی1، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ،2003.
37. گرووپی قەیرانە نێودەولتیەکانی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاست ، عێراق و کورد جەنگی یەك لاکەرەوە لەسەر کەرکوك ، و/ عباس مستەفا ، چابخانەی سەردەم ، سلێمانی ، 2009
38. لەتیف فاتیح فەرەج ، کورد و کەرکوك ، بەرگی یەکەم ، چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی 2003.
38. لەتیف فاتیح ، کورد و قڕان ، بەرگی یەکەم ، چاپی 1 ، چاپخانەی تیشك ، سلێمانی 2003 ، ل 19. انی 2015
1. مراد حکیم محمد ، ئاکامە کۆمەلایەتیەکانی سیاسەتی راگواستنی کورد لە عێراق لە سەردەمی بەعس، چابخانەی سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان ، سلێمانی 2004.
40. محمد علی کەریم ، رێبەری شوێنەوارەکانی گەرمیان ، چاپخانەی بەڕێوبەرایەتی گشتی شوێنەواری گەرمیان ، کەلار ، 2014 .
41. محمد دەشتی ، ئەنفال لە گەرمیانەوە تا بادینان ، چاپخانەی منارە ، هەولێر 2013.
42. محمد ڕەئوف عزیز ، ئەنفال و رەهەندە سۆسۆلۆجیەکان ، چاپخانەی ڕوون سلێمانی 2005.
43. محمد سعید صۆفی ، کەرکوك لە مێژوودا ، چاپخانەی کارۆ ، سێمانی ، 2014 .
44. مسعود بارزانی ، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد 1958 – 1961 ، و / سعید ناکام ، بێ چاپخانە ،دهۆك ، 1995.
45. نازەنین داراو کۆمەلێك نووسەر، مێژووی نوێ و هاوچەرغ، چاپی 12، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، 2015.
46. نەوشیروان مستەفا امین، مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی - بەهاری 1991 ، چاپی1 ، چاپخانەی جەمال عیرفان ، سلێمانی 1999.

47. نەوشیروان مستەفا ، خولانەوە بە نێو بازنەدا ، چاپی 2 ، ناوەندی راگەیاندنی خاڵ ، سلێمانی 1999.

48. هەژار عەزیز سورمێ ، کورد و جینۆساید و ئبادەکردن ، چ2 ،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، بێ شوێنی چاپ ، 2006.

49. هاوڕێ باخەوان، هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد ،چاپخانەی، سەردەم، سلێمانی ، 1999

50. هەورامان کمال عبدالله تارق ، ناوچەی ململانێی لە نێوان کورد و حکومەتەکانی عێراق ، چاپخانەی حەمدی ، سلێمانی، 2008.

51. یوسف دزەیی ، ئەنفال کارەسات ، ئەنجام و رەهەندەکانی ، چاپی 1 ، دەزگای موکریانی ، هەولێر 2001.

## *سەرچاوە عەرەبیەکان

1. ابن خلدون، مقدمة، المجلد الأول، مطبعة دار الكتاب المصري، قاهرة ، 1999.

2. احمد عبد باقی و اخرون، جغرافية العراق و بلاد العربية ، طبعة رابعة ، مطبعة السعدى ، بغداد ، 1954.

3. جبار قادر، السياسية الحكومية في كركوك خلال العهد الملكي (1921 – 1958 ) في كتاب ( كركوك مدينة القوميات المتأخية ) طبعة 1 ، دون مكان طبعة ، لندن 2001.

4. جبار قادر ، قضايا كردية محاضرة ، دار ئاراس للطباعة والنشر ، اربيل 2006.

5. جبار قادر، التكوين لسكان كركوك خلال فترة (1850-1958) من بحوث مؤتمر كركوك مدينة قوميات المتاخية ، مركز كربلاء للبحوثات الدراسات ، لندن 2001 .

6. جرجيس فتح الله ، يقضة الكرد تاريخ سياسي ،1900 -1925، دار ئاراس للطباعة ، النشر ، أربيل ، 2002.

7.جمال احمد رشيد، كركوك في العصور القديمة، مطبعةوزارة التربية، أربيل، 2003.

8. جمال احمد رشيد و فوزى رشيد ، تاريخ الكرد القديم ، طبعة 1 ، اربيل ،1990.

9. خليل اسماعيل محمد، المناطق المتنازع عليها،طبعة1، مطبعة روزهةلات، أربيل ، 2001.

10. خليل إسماعيل محمد، كركوك دراسات في تكوين للسكان ، طبعة2، مطبعة الجامعة صلاح الدين ، أربيل، 2008.

11. ديفيد ادمسن ، العرب و الكرد و انشقاق 1964 ، ت / جرجيس فتح الله ،طبعة 2 ،دار ئاراس،اربيل ، 1999.

12. سعدى عثمان ، كوردستان الجنوبية في القرنين سابع عشر و الثامن عشر ، مطبعة سيماء السليمانية 2006.

13. شمس الدين سامى ، قاموس الاعلام ،جزء5، مهران مطبعة سي ، اسطمبول 1306.

14. عبدالعزيز البياتى ، كركوك في التاريخ ، مجلة هاوارى كركوك ، العدد 3 ،كركوك 1999.

15. عبدالمجيد فهمى حسن، دليل مشاهير الاولوية العراقية، جزء2، مطبعة دار السلام بغداد، 1947.

16. فاضل الزهاوي ، حرب خليج و انتفاضة كردستان العراق ، مطبعة روون ، سليمانية، 2004.

17.كمال مظهر احمد، كركوك و توابعها حكم التأريخ و الضمير . جزء1 ، المطبعة رينوين ، بدون سنة النشر

18. د.كمال مظهر احمد ، صفحات من تاريخ العراق المعاصر ، طبعة 1 ، مطبعة البديس ، بغداد ، 1987.
19. هادي علي الشعب الكردي والسياسات الدولية في قرن العشرين، دار روشنبير السليمانية، 2008.
20. هاشم ياسين و اخرون، اطلس كركوك ، الجنة العليا المناهضة تعريب كردستان ، الطبعة الاولى ، اربيل ،2006.

*سەرچاوە ئینگلیزییەکان

.1C.J. Edmonds ، Kurds Turkish Arabs، Oxford University press London، 1957.

*بڵاوکراوەکان :

1. امید خطاب وهاب، اصل و اساس تسمية كركوك و جغرافيتها ، گۆڤاری مێژوو ،چاپخانەی رۆژهەلات ژمارە 27، هەولێر، 2013 .
2. تۆفیق وەهبی ، محمد حسن رۆژبەیانی ، بنچینەی ناوی کەرکوك ، گۆڤاری هاوار ژمارە 3 ، کەرکوك 1999.
3. جبار قادر ، ئەنفال و دەرهاویشتەی رەگەز پەرستی و تۆتالیتاریزم و کۆمەلگەی داخراو ، گۆڤاری سەنتەری لیکۆلینەوەی برایەتی ، ژ مارە24 ، سلێمانی هاوینی 2002
4.سماعیل ، گۆرینی سنووری پارێزگای کەرکوك ، گۆڤاری سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی ، ژمارە 2 ی ساڵی هەشتەم ، سلێمانی، 2000.
5. خلیل اسماعیل محمد، گۆرینی سنووری پارێزگای کەرکوك ، گۆڤاری سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی ، ژمارە 3 ، چاپخانەی سەنتەری لێکۆلینەوەی سلێمانی ، 2000 .
6. خەلیل ئیسماعیل محەمەد، دابەشبوونی جوگرافیای تورکمان لە عێراق، گۆڤاری سەنتەری ستراتیجی کوردستان، چاپخانەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ژمارە4، سلێمانی، 1994.
7. فەرید ئەسەسەرد، شۆرش ، دەسەلات ، دەوڵەت ، گۆڤاری سەنتەری دەولی ، ژمارە 4 ساڵی سێیەم، سلێمانی، 1995.
8. گۆڤاری سەنتەری برایەتی ، ئەنفال و کەرکوك ، ژمارە 24 چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولیر 2002.
9. سیروان عدنان، خوێندنەوەیەك بۆ برگەوبابەتەكانی دەستووری كاتی دەولەتی عێراق، گۆڤاری گولان ،سلێمانی ،ژ.13،2004/5/484.

10 محمد سعيد سۆفی ، پارێزگای کەرکوك لە ناو پاکتاوی رەگەزیدا ، گۆڤاری کەرکوك ، ژمارە 1 ، ساڵی چوارەم ، سلێمانی 2002.

11. نەریمان کەرکوکی، کەمینە نەتەوەی وئایینیەکان ومەزهەبەکانی کوردستان ، گۆڤاری بیروهۆشیاری، چاپخانەی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی،ن ،ك)؛ سلێمانی، 2002.

12. نەوشیروان مستەفا ئەمین ، مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی –بەعس (1991) رۆژنامەی رۆژنامە ، بەشی یەکەم ، ژمارە (150)، 2008/2/3 سلیمانی.

13. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکان، ئەنجوومەنی ئاسایش، بڕیاری (688)، ( 5 / 4 / 1991 ) بڕگەی ( یەکەم ، دووەم، سێیەم)

## *سایتە ئەلکترۆنیەکان

1. ئاماری بلاَوکراوە www.citypopulation.de/Iraq.htni

2. هاورێ باخەوان ، ئەنفالماڵپەری WWW.KURDIPEDIA.ORG